تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
ماسك بەستن
XEBAT
خەبات
ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (6025) سێشەممە 20ی تشرینی یەکەم 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

سێیەم ساڵیادی داستانی پردێ

داستانی پردێ... ڕۆژی گەڕاندنەوەی شکۆمەندیی گەل بوو

خیانەتی ڕۆژی 16ی ئۆکتۆبەری2017 لەسەر دەستی تاقمێکی خیانەتکار و کاڵفام و خاك فرۆش بەڕادەست کردنی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بووە ئەگەری شکاندیی شکۆمەندی تەواوی خەڵکی کوردستان و تەواو ئەزموونی هەرێمی کوردستانیان خستە ژێر ڕکێفی ڕژێمی داگیرکەر و عەقڵیەتی شۆڤینی تایفەگەری و میلیشیا و چەکدارانی سەر بە ئەجندا ئەقلیمییەکان. هەڵبەت ئەگەر ئەو ڕێکەوتنەی تاقمی خیانەتکار و کاڵفام و خاك فرۆش نەبوایە، هەرگیز ڕژێمی عێراق و ئەجندای داگیرکەران جورئەتی ئەوەیان نەدەبوو هێرش بکەنەسەر کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و ئەوسا دۆستانی خەڵکی کوردستانیش پشتگیرییان لە ریفراندۆم و هەڵوێست و ئیرادە و بڕیاری خەڵکی کوردستانیان دەکرد. هەروەها ئەگەر خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 نەبوایە، چەند ڕۆژی ڕابردوو (17ی ئۆکتۆبەری 2020) ئاڵای کوردستان لە بەغدا نەدەسوتێنرا و بارەگای پارتی کە پارتێکی پێشڕەو و بەرگریکاری ماف و خواستەدەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان لە بەغدا نەدەسوتێنرا و سوکایەتی بە بەهابەرزەکانی گەلی کورد نەدەکرا.

(زیاتر لە ل9 بخوێنەوە)





5

کوردانی تاراوگە ئیدانەی پەلاماردانی بارەگەی لقی5ی پارتی و سووکایەتیکردن بە ئاڵای کوردستان دەکەن

نووری حەمەعەلی بۆ (خەبات):

هاوپەیمانان لەسەر خەتن بۆ چارەسەرکردنی گرفتی ناوچە کوردستانییەکان



نووری حەمەعەلی ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات کە حکومەتی عێراق چونکە «یەکدەنگ و یەکلەهۆێست» نییە، نەیتوانیوە ڕێککەوتنەکان جێبەجێ بکات. جەختیش دەکاتەوە کە بەشێك لە پەرلەمانتارە کوردەکان ناوێرن بەرگری لە گەلی خۆیان بکەن.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

ڕاپۆرتی سێ مانگی سەرەتای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازیی گەیشتە پەرلەمانی کوردستان



ئەندامێکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند یەکەم ڕاپۆرتی حکومەت سەبارەت بە چۆنیەتی ئەنجامدانی یاسای چاکسازیی لە ماوەی سێ مانگی یەکەمدا گەیشتە پەرلەمانی کوردستان.

ئەرشەد حوسێن لۆلانی، ئەندامی لیژنەی کاروباری دارایی لە پەرلەمانی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند: ڕۆژی یەکشەممە یەکەم ڕاپۆرت کە لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە ئامادەکرابوو گەیشتە پەرلەمانی کوردستان، لەبارەی چۆنیەتی ئەنجامدانی یاسای چاکسازیی لە سەر ئاستی ئەو لایەنانەی پەیوەندیدارن بە جێبەجێکردنی یاساکە، ڕاپۆرتەکە ئەو ڕێککارانە دەخاتە بەر باس کە لەلایەن حکوومەتەوە گیراونەتەبەر بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

گۆڕانکاری لە پۆستە کارگێڕییەکانی حکوومەتی خۆجێی هەولێر بەردەوام دەبێت

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر: هەر بەرپرسێک کەمتەرخەمی هەبێت متمانەی لێوەردەگیرێتەوە



7

پشکنینی سااڵنەی ئۆتۆمبێل PVI لە نێوان کۆمپانیا و شوفێراندا

هەژار عەبدوڵڵا:


لەوەتەی پشکنینی ئۆتۆمبێل PVI دامەزراوە ڕووداوەکانی هاتووچۆ ڕووی لە کەمبوونەوە کردووە



کەنعان خەیلانی لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ خەبات دەڵێت: هەر بەڕێوەبەرێك لە حکوومەتی خۆجێی کەمتەرخەمی هەبێت، بێ دوودڵی متمانەی لێوەردەگیرێتەوە. سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات لە داهاتوودا چەند گۆڕانکارییەکی دیکە لە پۆستە کارگێڕییەکانی حکوومەتی خۆجێی لە هەولێر دەکەن و ئەوانەشی بەرپرسیارەتی وەردەگرن بە چەند فلتەرێکدا تێدەپەڕن و کەسانی نوێ دەبن.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

هێمن هەورامی پێشوازی لە میر عیسمەت میر تەحسین بەگ دەکات



پێشنیوەڕۆی دوێنێ دووشەممە 2020/10/19، هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پێشوازی لە میر عیسمەت میر تەحسین بەگ و شاندێکی یاوەری کرد. لەدیدارێکدا کەپەرلەمانتار هەدیە مورواد لەپێکهاتەی ئێزدی ئامادەی بوو، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، باسی دۆخی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغداو لێکەوتەکانی قایرۆسی کۆرۆنای لەسەر دۆخی ئابووری و تەندروستی کرد.

لە تەوەرێکی دیکەدا هێمن هەورامی جەختی لەسەر گرنگیی پێکەوەژیانی ئاینیی نێوان سەرجەم پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان کردەوەو ڕایگەیاند: پێکهاتەی کوردانی ئێزدی بەشێکی سەرەکیی هەرێمی کوردستانن و ڕۆڵ و کاریگەریی بەرچاویان لەسەرجەم سێکتەرەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە. هاوکات باسی لەڕێککەوتنی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراقی فیدراڵ کرد لەسەر ئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال و گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ سەر زێدی خۆیان.

لەلایەن خۆیانەوە میر عیسمەت میر تەحسین بەگ و شاندی یاوەری، خۆشحاڵیی خۆیان بەو دیدارە دەربڕی و سوپاسی پەرلەمان و حکوومەتی هەرێمی کوردستانیان کرد بۆ ئەو گرنگیدانەیان بەپێکهاتەی ئێزدی و سەرجەم پێکهاتەکانی تری هەرێمی کوردستان، هاوکات خۆشحاڵی و پشتگیریی خۆیان بەو ڕێککەوتنەی هەرێم و بەغدا دەربڕی سەبارەت بەئاساییکردنەوەی دۆخی شنگال و گەڕانەوەی خەڵکی ئەو ناوچانە بۆ سەر زێدی خۆیان.

نووری حەمەعەلی بۆ (خەبات):

هاوپەیمانان لەسەر خەتن بۆ چارەسەرکردنی گرفتی ناوچە کوردستانییەکان

لە سنووری پەلکانە و سەرگەڕان دەستدرێژیی دەکرێتە سەر ماڵ و مووڵکی کوردان



ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات کە حکوومەتی عێراق چونکە «یەکدەنگ و یەکهەڵوێست» نییە، نەیتوانیوە ڕێککەوتنەکان جێبەجێ بکات. جەختیش دەکاتەوە کە بەشێك لە پەرلەمانتارە کوردەکان ناوێرن بەرگری لە گەلی خۆیان بکەن.

دوێنێ دووشەممە 19/10/2020، نووری حەمەعەلی، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە خەباتی ڕاگەیاند: داوا لە بەرپرسە عێراقییەکان دەکەین، ئەوانەی دەیانەوێت خەڵکی عێراق بە کوردستانیشەوە پێکەوە بژین، با شەڕ و کوشتن و تاڵانکردن و ماڵوێرانکردنی کورد بەس بێت، ئێستا لە سنووری پەلکانە و سەرگەڕان دەستدرێژیی دەکرێتە سەر ماڵ و مووڵکی کوردان، داواکارین بەرپرسانی عێراق بەخۆیاندا بچنەوە و ستەم بەس بێ، جام کە پڕ بوو لێی دەڕژێت.

نووری حەمەعەلی، کە هاوکات بەرپرسی میحوەری باشووری ڕۆژئاوای کەرکووکی هێزی پێشمەرگەیە، ئاشکراشی کرد، کە ئەمەریکا و وڵاتانی ئەوروپا و هاوپەیمانان لەسەر خەتن بۆ ئەوەی ئەم گرفتانە چارەسەر بکرێت بەڵام، گرفتی عێراق ئەوەیە کە یەکدەنگ و یەکهەڵوێست نین، هەرکەسێك بۆ خۆی حکوومەتێکە، فەرمانی دیکە لەسەر خەڵکی ئێمە جێبەجێ دەکەن، ئێمە ڕێککەوتنمان لەسەر شنگال کردووە، با بێنە پێش بۆ جێبەجێکردنی.

بەرپرسی میحوەری باشووری ڕۆژئاوای کەرکووکی هێزی پێشمەرگە ڕەخنەشی لە بەشێك لە پەرلەمانتارە کوردەکانی عێراق گرت، بەوەی بەشێکیان عێراقچیەتی دەکەن و ناوێرن بەرگری لە گەلی خۆیان بکەن.

پەروێز ڕەحیم مامۆستای بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسی لە زانکۆی سەلاحەدین:

یاسای نوێیی هەڵبژاردنەکانی عێراق لەناوچە کێشە لەسەرەکان لە بەرژەوەندی کورد نابێت

د. پەروێز ڕەحیم قادر، مامۆستای بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسی لە زانکۆی سەلاحەدین، لەبارەی یاسای هەڵبژاردنەکانەوە بە ماڵپەڕیی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: لە ژێر گوشاری خۆپیشاندەران لە عێراق لە 29ی 12ی ساڵی 2019، پەرلەمانی عێراق یاسای هەڵبژاردنی پەسندکردووە، کە لە 50 مادە پێکهاتووە، بەڵام هێشتا یاسایەکە نەچووەتە بواری جێبەجێکردن و جێبەجێبوونیشی لەلایەن پەرلەمانەوە مەرجدارکرابوو بە پەسەندکردنی پاشکۆیەك کە بۆ یاساکە دانرابوو کە تایبەت بوو بە چۆنیەتی دابەشکردنی پارێزگاکانی عێراق بەسەر بازنەکانی هەڵبژاردن و کورسییەکانی پەرلەمانداو یاخود ئەوەی کە بە چارەسەرکردنی کێشەی بازنەکانی هەڵبژاردن لە ماددەی 15ی یاسای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق ناسراوە.

پەروێز ڕەحیم باسی لەوەش کردووە کە مەبەستی سەرەکی خۆپێشاندەرانیش لە گۆڕینی یاسای هەڵبژاردنەکان ئەوە بوو کە چیتر پارتەکانی ئێستای دەسەڵاتدار نەتوانن بەشێوەی لیست و لەسەر بنەمای یەك بازنەیی هەر پارێزگایەك هەموو دەنگەکان بۆخۆیان ببەنەوە.

پەروێز ڕەحیم باسی ئەوەش دەکات کە بەپێی ئەم یاسایەی ئێستا ئەو کەسەی دەبێتە خاوەن کورسی پەرلەمان پێویستی بەوەیە تەنها بەرزترین دەنگ لەو بازنەیە بەدەست بهێنێت، نەوەکوو ئەوەی ئێستاکە بە دەنگی زۆرینەی ڕەها 50 کۆ یەك کورسی پەرلەمانی بەدەست بهێنێت.

پەیوەست بەوەش کە ئایا کێ زیاندەمەند دەبێت لەم یاسایە نوێیەی هەڵبژاردنی عێراق، ئەو مامۆستایەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ڕایگەیاندووە: هەرچەندە لە سێ پارێزگای هەولێر و دهۆك و سلێمانی «لەم یاسایەدا هەڵبجە بە پارێزگا هەژمار نەکراوە» کورد کێشەیەکی ئەوتۆی نابێت، بەڵام لەڕاستیدا بۆ کورد باشترین بژاردە ئەوە بوو کە هەموو عێراق یەك بازنە بێت، چونکە ئەو کاتە لە ئەو ناوچە و قەزایانەی کە کوردی لێ نیشتەجێیە دەنگی خۆپێشاندەرانیش لە گۆڕینی یاسای هەڵبژاردنەکان ئەوە بوو کە چیتر پارتەکانی ئێستای دەسەڵاتدار نەتوانن بەشێوەی لیست و لەسەر بنەمای یەك بازنەیی هەر پارێزگایەك هەموو دەنگەکان بۆخۆیان ببەنەوە.





یاسای دادگای فیدراڵی یەکێکە لە گرفتەکانی بەردەم هەڵبژاردن لە عێراق



ئەندامێکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق ڕایدەگەیەنێت، کە دادگای فیدراڵیی عێراق یەکێکە لە گرفتەکانی بەردەم هەڵبژاردنی پەرلەمان. ڕێوار هادی، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق و ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمان، بە خەباتی ڕاگەیاند، پرۆژەیاساکە خوێندنەوەی یەکەم و دووەمی بۆ کراوە، بەڵام ناکۆکیی زۆری لەسەرە.

ڕێوار هادی هەروەها ڕایگەیاند، "لەو باوەڕەدا نیم" پرۆژەیاساکە جارێ تێپەڕێت لەپەرلەمان، چونکە هێشتا ناکۆکییەکان لەسەری یەکلا نەبوونەتەوە.

ئەو پەرلەمانتارە ئاشکراشی کرد، کە تا یاسای دادگای فیدراڵی دەرنەچێت و دامەزراوەی دادگاکە کارا نەبێت، ناتوانرێ ئەنجامی هەڵبژاردن پەسەند بکرێت، بۆیە ئەوەش یەکێکە لە گرفتەکانی بەردەم هەڵبژاردنی پێشوەختە.

لەلایەکی دیکەشەوە شیروان جەمال، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاند: لە 9 ئەندامی دادگای فیدراڵی ئەندامێکیان دەستی لەکاربەرداوە و ڕۆژانی ڕابردووش ئەندامێکی دیکەیان کۆچی دواییی کردووە، ئەوەش هۆکارە بۆ ئەوەی دادگای فیدراڵی ئێستا ناتوانێت بە 7 ئەندام هیچ بڕیارێك بدات و هەر پرسێك بچێتە دادگای فیدراڵی یەکلا ناکرێتەوە. ئەو پەرلەمانتارە ئەوەشی گوتووە»هەر پرسێکی یاسایی و دەستووری ناکۆکیی لەسەر بێت ئەوە پێویستی بە بۆچوونی دادگای فیدراڵییە و تەنیا دادگای فیدراڵی دەتوانێت یەکلای بکاتەوە، پەکەکەوتنی دادگاکە کاریگەریی دەبێت لەسەر یەکلانەکردنەوەی کێشە دەستووری و یاساییەکان.

پێشتر و بەهۆی گوشاری خۆپیشاندەرانی عێراق، مستەفا کازمی، سەرۆك وەزیرانی نوێی ئەو وڵاتە بڕیاری ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختەی لە ڕۆژی 2021-6-6، دا. هەڵبژاردنی پێشوەختە یەکێك بوو لە داواکارییەکانی خۆپیشاندەرانی عێراق، جگە لە دەست لەکار کێشانەوەی عادل عەبدولمەهدی، سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی عێراق.

عێراق.. هێشتا ناکۆکییە سیاسییەکان سەبارەت بە یاسای هەڵبژاردنەکان بەردەوامە

هاوپەیمانی سائیرون: هەر فراکسیۆنێک، بەپێی بەرژەوەندی خۆی دەیەوێت یاسای هەڵبژاردنەکان دەربکرێت

فراکسیۆنی هاوپەیمانی سائیرون لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق ڕایگەیاند کە هێشتا ناکۆکییە سیاسییەکان سەبارەت بە یاسای هەڵبژاردنەکان بەردەوامە. لەمبارەیەوە ئەندامی فراکسیۆنی هاوپەیمانی سائیرون لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، ریاز مەسعودی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا ئاشکرای کرد کە ناکۆکییە سیاسییەکان پەیوەست بە ژمارەی بازنەکان، ژمارەی پەرلەمانتاران لەهەر بازنەیەك و کێشە هونەرییەکانی دیکە لە یاسای هەڵبژاردنەکاندا، تا ئێستا بەردەوامە و گوتی: هەر فراکسیۆنێك، بەپێی بەرژەوەندی خۆی دەیەوێت یاسای هەڵبژاردنەکان دەربکرێت. باسی لەوەشکرد، لیژنەی یاسایی لە ئەنجوومەنی نوێنەران بەهۆی ئەو پێشنیازە زۆرەی کە پێشکەشی کراوە، هێشتا ڕەشنووسی کۆتایی تایبەت یاسای هەڵبژاردنەکان تەواو نەکردووە و ڕاشیگەیاند کە ژمارەیەك فراکسیۆن لە ئەنجوومەنی نوێنەران بەرپرسن لە پەکخستنی یاسای هەڵبژاردنەکان، چونکە خواستیان نییە هەڵبژاردنی پێشوەختە لەم هەلومەرجەی ئێستادا، ئەنجام بدرێت. سائیرون کە لەلایەن سەرکردەی ڕەوتی سەدر، موقتەدا سەدر پاڵپشتی دەکرێت لە کۆی 329 کورسی خاوەن 54 کورسییە.

جێی باسە لەئێستادا گەورەترین ئاستەنگ لەبەردەم ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە، یاسای نوێی هەڵبژاردنەکانە کە لە ساڵی ڕابردووەوە لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقە و بەهۆی ناکۆکی نێوان لایەنە سیاسییەکان لەسەر ناوەڕۆکی پرۆژەیاساکە بە تایبەتیش فەرەبازنەیی، تا ئێستا پەسەند نەکراوە.

ڕاپۆرتی سێ مانگی سەرەتای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازیی گەیشتە پەرلەمانی کوردستان







ئەندامێکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان رایگەیاند یەکەم ڕاپۆرتی حکوومەت سەبارەت بە چۆنیەتی ئەنجامدانی یاسای چاکسازیی لە ماوەی سێ مانگی یەکەمدا گەیشتە پەرلەمانی کوردستان.

ئەرشەد حوسێن لۆلانی، ئەندامی لیژنەی کاروباری دارایی لە پەرلەمانی کوردستان بە خەباتی ڕاگەیاند: ڕۆژی یەکشەممە یەکەم ڕاپۆرت کە لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە ئامادەکرابوو گەیشتە پەرلەمانی کوردستان، لەبارەی چۆنیەتی ئەنجامدانی یاسای چاکسازیی لە سەر ئاستی ئەو لایەنانەی پەیوەندیدارن بە جێبەجێکردنی یاساکە، ڕاپۆرتەکە ئەو ڕێککارانە دەخاتە بەر باس کە لەلایەن حکوومەتەوە گیراونەتەبەر بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی.

لۆلانی ڕاشیگەیاند: ڕاپۆرتەکە بە دریژی باس لەو پەڕەوانەش دەکات کە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە دەرچووە بۆ جێبەجێکردنی یاساکە،لیژنەی بالا و لاوەکیش لەسەر ئاستی وەزارەتەکان دەرچووە بۆ جێبەجێکردنی یاساکە و بەکردەنیکردنی، ئێمەش وەکو پەرلەمانی کوردستان چاودێری چۆنیەتی جێبەجێکردنی یاساکە دەکەین. هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد کە ڕەوانەکردنی ڕاپۆرتەکە لەلایەن حکوومەتەوە نیشانەی خەمخۆری حکوومەتە بۆ ئەوەی میکانیزمەکانی جێبەجێکردنی یاساکە و ئەو گرفتانەی دێنە بەردەم یاساکە و ئەو کێشانەی بۆ لیژنەکان دروست دەبن دەخاتەڕوو.

هەروەها ئەندامی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، خەدیجە عومەر خۆم ڕاپۆرتەکەم نەبینیوە بۆیە نازانم زۆر بەوردی چی تیادا باسکراوە، بەڵام بەدڵنیایی باسی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاساکە لەم قۆناغەدا دەکات. ڕاشیگەیاندووە: هەموو پەرلەمانتارێك مافی ئەوەی هەیە داوای ڕاپۆرتەکە بکات لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و دەبێت ڕاپۆرتەکەی پێبدرێت بۆئەوەی هەموو پەرلەمانتارێك بزانێت هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاساکە گەیشتووەتە کوێ و لە چ قۆناغێکدایە.

یاسای چاکسازی لە موچە و دەرمالّە و خانەنشینی لە هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی یەکی تەموزی ئەمسالّەوە کەتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە و بەپێی پلانی حکوومەت، دەبێت بەشێوەیەکی دەوری هەموو سێ مانگ جارێك، ڕاپۆرتێك لەسەر هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاساکە و لەمپەر و ئاستەنگەکان بۆ پەرلەمان بنێرێت تا جێبەجێکردنی تەواوی یاساکە.

لەبارەی ڕاپۆرتەکە ڕایگەیاندووە کە هەرچەندە لە یاساکەدا ئەو خالّە ئاماژەی پێ نەدراوە کە حکوومەت دەبێت ڕاپۆرتی قۆناغەکانی جێبەجێکردنی یاساکە بۆ پەرلەمان بنێرێت، بەڵام سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ پیشاندانی نیازپاکی لەسەر جێبەجێکردنی یاساکە بڕیاریان داوە هەموو سێ مانگ جارێك ڕاپۆرتێك لەسەر قۆناغەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازیی بنێرنە پەرلەمان. خەدیجە عومەر ئەوەشی گوتووە: ئێستا ڕاپۆرتی سێ مانگی سەرەتای جێبەجێکردنی یاساکە گەیشتووەتە دەست دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، من هێشتا بۆ ئەوەشکرد لەسەر ئاستی حکوومەتی خۆجێی گۆڕانکارییەکان لە پۆستە ئیدارییەکان بەردەوامیان دەبێت و لە داهاتوویشدا چەند گۆڕانکارییەکی دیکە دەکرێن.

گوتیشی: لە دوای هەڵبژاردنەکانی خولی پێنجەم و پێکهێنانی کابینەی نۆیەم بەپێی ئەو پلان و بەرنامەی کە هەبووە لە لیستی پارتی لەسەر ئاستی حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی خۆجێی داواییشی لەسەرووی خۆی کردووە هەر بەرپرسێك لە حکوومەتی خۆجێی کەمتەرخەمە و خزمەت ناکات لابدرێت و کەسی بە توانا و شایستە شوێنی بگرێتەوە.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە سنووری ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر گۆڕانکاری لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی (تەندروستی، پەروەردە، کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، وەبەرهێنان) کراوە و خەڵکی نوێ لەو پۆستانە دانراون. سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر دەڵێت: هەموو ئەو بەڕێوەبەرە گشتییانەی کە دانراون، کەسانی بە توانا و دەستپاك و شارەزان و خاوەن ڕابردوویەکی پاکن. ئاماژەی بەوەشدا بەشێك لە بەڕێوەبەری ناحیەکان بەهۆی چالاکبوون و خزمەتکردنی ئەو ناوچەیەی کە تێیدا بەڕێوەبەر بوون پلەیان بەرزکراوەتەوە و کراون بە قائیمەقام. کەنعان خەیلانی باسی لە گۆڕانکاری ئەوە نییە کەسێك کە لە پۆستێکدا دادەنرێت وا هەست بکات پۆستەکە مولّکی خۆیەتی، بەڵکوو ئەوە مولّکی هاوواڵتیانە، ئەو کەسە بۆ ئەوە پۆستەکەی پێسپێردراوە کە خزمەت بکات. ئەوەشی گوت: هەر کەسێك لەسەر ئاستی حکوومەتی خۆجێی پۆستێك وەردەگرێت بۆ ئەوەیە بچێتە نێو هاوواڵتیانەوە و گوێ لە پێداویستییەکان بگرێت و بەپێی ئەو داواشان 30 بەڕێوەبەری ناحیە، گۆڕانکاری لە 10 بەڕێوەبەردا بکەین و لە کۆی نۆ قائیمەقام هەشتیان بگۆڕین و گۆڕانکاریشیان لە چوار بەڕێوەبەری گشتیدا کردووە. دەشڵێت: لە سەرەتای دەستبەکاربوونمانەوە ئەو پێشنیارەمان کردووە هەر چوار ساڵ جارێك گۆڕانکاری لە پۆستەکانی سنووری ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێردا بکرێت. کەنعان خەیلانی گوتیشی: داواشمان

بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک:

پێشبینیی باش بۆ دۆخی شارەکە ناکەین

بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووك باس لە مەترسیی ڕەوشی ئەمنیی شارەکە دەکات و دووپاتی دەکاتەوە، ئەوانەی نوێنەرایەتی کورد دەکەن لە شارەکە «دڵسۆز نین». دوێنێ دووشەممە 19/10/2020 عەمید ئیدریس ڕەفعەت، بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووك بە خەباتی ڕاگەیاند: داعش بە بەهێزی لە قەزا و ناحیەکان و ناوشاری کەرکووك و خواروویی شارەکە خۆیان ڕێکخستووەتەوە، تا دەزگا ئەمنییەکانی ئەو شارە ئاوا لاواز بن. ئەوەشی خستەڕوو، کە بەداخەوە هەندێك بەناوی نوێنەرایەتیی کوردەوە لەو شارە خەریکی پارە پەیداکردنن و ئاگایان لە خەڵك نەماوە.

هاوکات گوتیشی دوو ڕۆژە ماڵە عەرەبەکان دێن دەستدرێژیی دەکەنە سەر مووڵك و ماڵە کوردەکانی سەرگەڕان و ڕاکان جبووری بە هزریکی شۆڤێنییانە کار دەکات، ئەمەش تەعریبێکی دیکەیە پارێزگاری سەپێندراو دەیکات و دۆخەکە پێشبینیی باشی بۆ ناکرێت.

هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
اقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة المالية و الاقتصاد

بەهۆی نەدانی باج وەزارەتی دارایی و ئابووری 20 کۆمپانیا دەداتە دادگا

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان بەهۆی خۆدزینەوە لە دانی باج، 20 کۆمپانیا دەداتە داگا و ڕێکاری یاساییان لەدژ دەگرێتە بەر. لەوبارەیەوە لە ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی دارایی و ئابووریدا هاتووە «لە هەنگاوێکی دیکە چاکسازی بەهۆی نەدانی باج و خۆدزینەوە لە باجدان، بەڕێوبەرایەتی گشتیی باجەکان و خانووبەرەی میری سەربە وەزارەتی دارایی و ئابووری، زیاتر لە 20 کۆمپانیای دا بە دادگایەکی تایبەت تاوەکو ڕێکاری یاسایان بەرامبەر بگیرێتەبەر». وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕاشیانگەیاندووە کە بۆ لەمەودوا، هەر کۆمپانیا و کەس و لایەنێك خۆیان لە باجدان بدزنەوە ڕێگای یاسایی توندیان بەرامبەر دەگیرێتەبەر و بەتوندترین شێوە ڕووبەڕووی سزای یاسایی دەکرێنەوە.

گۆڕانکاری لە پۆستە کارگێڕییەکانی حکوومەتی خۆجێی هەولێر بەردەوام دەبێت



سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجووومەنی پارێزگای هەولێر:

هەر بەرپرسێک کەمتەرخەمی هەبێت متمانەی لێوەردەگیرێتەوە

تائێستا 10 بەڕێوەبەری ناحیە و 8 قائیمەقام و 5 بەڕێوەبەری گشتی گۆڕدراون

خەبات: عەلی بانیشاری

کەنعان خەیلانی لە دیانەیەکیدا لەگەڵ خەبات دەڵێت: هەر بەڕێوەبەرێك لە حکوومەتی خۆجێی کەمتەرخەمی هەبێت، بێ دوودڵی متمانەی لێوەردەگیرێتەوە. سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات لە داهاتوودا چەند گۆڕانکارییەکی دیکە لە پۆستە کارگێڕییەکانی حکوومەتی خۆجێی لە هەولێر دەکەن و ئەوانەشی بەرپرسیارەتی وەردەگرن بە چەند فلتەرێکدا تێدەپەڕن و کەسانی نوێ دەبن.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر دەڵێت: لەسەر ئاستی حکوومەتی خۆجێی لە ماوەی شەش ساڵدا توانیومانە لە کۆی نۆ قائیمەقام هەشتیان بگۆڕین و گۆڕانکاریشیان لە چوار بەڕێوەبەری گشتیدا کردووە. دەشڵێت: لە سەرەتای دەستبەکاربوونمانەوە ئەو پێشنیارەمان کردووە هەر چوار ساڵ جارێك گۆڕانکاری لە پۆستەکانی سنووری ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێردا بکرێت. کەنعان خەیلانی گوتیشی: داواشمان کردووە ئەو کەسانەی لە پۆستەکانیان چالاك و بە توانان و بەدەم گرفتەکانی هاووڵاتیانەوەن پلەیان بەرز بکرێتەوە. ئەوەشی گوت: فراکسیۆنی پارتی ئەو داوایەشی لەسەرووی خۆی کردووە هەر بەرپرسێك لە حکوومەتی خۆجێی کەمتەرخەمە و خزمەت ناکات لابدرێت و کەسی بە توانا و شایستە شوێنی بگرێتەوە.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە سنووری ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر گۆڕانکاری لە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی (تەندروستی، پەروەردە، کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، وەبەرهێنان) کراوە و خەڵکی نوێ لەو پۆستانە دانراون. سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر دەڵێت: هەموو ئەو بەڕێوەبەرە گشتییانەی کە دانراون، کەسانی بە توانا و دەستپاك و شارەزان و خاوەن ڕابردوویەکی پاکن. ئاماژەی بەوەشدا بەشێك لە بەڕێوەبەری ناحیەکان بەهۆی چالاکبوون و خزمەتکردنی ئەو ناوچەیەی کە تێیدا بەڕێوەبەر بوون پلەیان بەرزکراوەتەوە و کراون بە قائیمەقام. کەنعان خەیلانی باسی لە گۆڕانکاری ئەوە نییە کەسێك کە لە پۆستێکدا دادەنرێت وا هەست بکات پۆستەکە مولّکی خۆیەتی، بەڵکوو ئەوە مولّکی هاوواڵتیانە، ئەو کەسە بۆ ئەوە پۆستەکەی پێسپێردراوە کە خزمەت بکات. ئەوەشی گوت: هەر کەسێك لەسەر ئاستی حکوومەتی خۆجێی پۆستێك وەردەگرێت بۆ ئەوەیە بچێتە نێو هاوواڵتیانەوە و گوێ لە پێداویستییەکان بگرێت و بەپێی ئەو داواشمان دووبارە کۆمەڵێك گۆڕانکاری کرا، لەوانەش پۆستی پارێزگاری هەولێر و دوو جێگرەکەی. کەنعان خەیلانی دەڵێت: ئێمە وەکو فراکسیۆن دەنگمان بە دانانی هەر بەرپرسێك دابێت ئەگەر کەموکوڕییەك لە سێکتەرەکەیدا هەبێت بێ دوودڵی لێپرسینەوە و بەدواداچوون دەکەین و ئەگەر گەیشتە ئەو قۆناغەی کە بزانین ئەو کەسە کەمتەرخەمی هەیە زۆر ئاساییە متمانەی لێ وەردەگرینەوە، جا ئەو کەسە پارێزگار بێت یان بەڕێوەبەری ناحیەیەك. جەختی لەسەر ئەوەشکردەوە مەبەست لە توانا و داهاتەی کە لەبەردەستە کار و پرۆژەی و خزمەتگوزاری ئەنجام بدات.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر لەبارەی چۆنیەتی دەستنیشانکردنی کەسانی نوێ بۆ پۆستەکانی حکوومەتی خۆجێی، دەڵێت: بۆ دانانی هەر بەڕێوەبەرێکی نوێ لیژنەیەکی پسپۆڕ لە ئاستی حکوومەتی خۆجێی بەسەرپەرشتی پارێزگار و نوێنەری حزب و نوێنەری ئەو وەزارەتەی کە سکێتەری کەسەکەیە و سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دانیشتنێك دەکرێت و سیڤییەکان بە وردی دەخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی بزانین توانای ئەو کەسە و ڕابردووی چۆنە، دواتر کەسەکە بانگی ئەنجوومەنی پارێزگا دەکرێت و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکرێت، پاشان ئەگەر زانرا توانا و ئاستی کەسەکە هی ئەوەیە پۆستەکەی پێبدرێت بڕیار لەسەر دانانی دەدرێت. دەشڵێت: هەموو ئەو کەسانەی کە نوێن و بوون بەڕێوەبەری ناحیە یان لە بەڕێوەبەری ناحیە و پلەیان بۆ قائیمەقام بەرزکراوەتەوە یان کراون بە بەڕێوەبەری گشتی لەسەر ئەو بنچینەیە دانراون و بە کۆمەڵێك فلتەردا تێپەڕیون.

لەبارەی مانەوەی بەشێك لە بەڕێوەبەرەکان بۆ ماوەی زیاتر لە چوار ساڵ لە پۆستەکانیاندا، کەنعان خەیلانی دەڵێت: ئەگەر بەڕێوەبەری ناحییە یان قائیمەقام و بەڕێوەبەری گشتی یاخود جێگرەکانی توانیان لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا خزمەتێکی باش بکەن و هاووڵاتیان لێیان ڕازی بوون، ئاساییە بۆ ماوەی چوار ساڵی دیکەش لەو پۆستەدا بمێننەوە. زیاتر گوتی: هەر یەك لەوانە ئەگەر کەمتەرخەمی هەبوو زۆر ئاساییە دوای ساڵێك یان دوو ساڵ متمانەی لێوەربگیرێتەوە، مەرج نییە بۆ ماوەی چوار ساڵ لەو پۆستەدا بمێنێتەوە.

ئەوەشی گوت: سەرەڕای بەردەوامی قەیرانی دارایی، بەڵام توانراوە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوودا کۆمەڵێك خزمەتگوزاری باش پێشکەش بە هاووڵاتیان بکرێت.

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر دەشڵێت: پێشنیارمان کردووە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و حکوومەتی خۆجێی ئەو کەسانەی بەڕێوەبەری ناحیە یان قائیمەقام و بەڕێوەبەری گشتی بوون و پاشان خانەنیشن کراون کاندید بکرێن. وەکو کەنعان خەیلانی دەڵێت: ئەوانەی بەرپرسیاریەتیان هەبووە و پاشان خانەنیشن کراون خاوەن ئەزموون و شارەزاییەکی باشن و دەتواندرێت سوودیان لێوەربگیرێت.

گوتیشی: پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان پێویستیان بە خەڵکی بە ئەزموونە، ئەوانە توانایەکی کارگێڕی باشیان هەیە و پێویستیان بە کات نییە بۆ ئەوەی ئەزموون پەیدا بکەن.



لێژنەی شەهیدان کێشەو گرفتەکانی هێنانەوەی رووفاتی گۆڕە بەکۆمەڵەکان تاووتوێ دەکات

لێژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆسایدو زیندانیانی سیاسی لەپەرلەمانی کوردستان بڵاویکردەوە کەبەمەبەستی هێنانەوەی رووفاتی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و چارەسەرکردنی ئەو کێشەو گرفتانەی دێنە بەردەم ئەو پرۆسەیە، پێشنیوەڕۆی دوێنێ دووشەممە 2020/10/19 کۆبوونەوەی لێژنەکە بەسەرپەرشتی سەرۆکی لێژنەو ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی لێژنەو بڕیاردەرو ژمارەیەك لەئەندامان و راوێژکارانی لێژنەکە و تەیمور عەبدوڵا تاکە رزگاربووی گۆڕی بەکۆمەڵ و ژیان کامەران تاقانەی ونبووی ئەنفال بەرێوەچوو.

راشیدەگەیەنن کە لەکۆبوونەوەکەدا ئەو کێشەو گرفت و بەربەستانەی کە دێنە بەردەم پرۆسەی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و هێنانەوەی رووفاتەکان تاووتوێ کرا، کەهەندێ لایەن سستی دەخەنە بەردەم کارەکان. لەبەشێکی تری کۆبوونەوەکەدا لێژنەکە گوێی لەهەریەك لە ئەیاد کاکەیی سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای پارێزەرانی کوردستان و تەیمور عەبدوڵا تاکە رزگاربووی گۆڕی بەکۆمەڵ و ژیان کامەران تاقانەی ونبووی ئەنفال لەهەڵەبجە گرت سەبارەت بەکێشەکانیان و چەندین بەڵگەشیان خستە بەردەمی لێژنەکە بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکانی بەردەم هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان.

لەکۆتایی کۆبوونەوەکەشدا لێژنە بەڵێنیدا بەهەموو توانایەکییەوە کار بۆ ئەوە بکات کەهەرچی گۆڕی بەکۆمەڵی کورد هەیە رووفاتەکانیان بهێنرێتەوەو کێشەو گرفتەکانی بەردەم ئەم پرۆسەیەش چارەسەر بکرێن.

لێژنەی دەسپاکی کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا



بەمەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر چەند پرسێکی پەیوەندیدار بەکاری لێژنەکە، بەیانیی دوێنێ دووشەممە 19/10/2020، لێژنەی دەسپاکی لەپەرلەمانی کوردستان، بەسەرپەرشتیی شیرین ئەمین سەرۆکی لێژنەو ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی لێژنەو ئەندامان و راوێژکارانی لێژنەکە، کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا.

لەکۆبوونەوەکەدا گفتوگۆکرا لەسەر ڕاپۆرتی دووەمی چاودێریکردنی هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی، کە لەلایەن ڕێکخراوی ستۆپ-دەوە ئامادەکراوە ئاراستەی لێژنەکە کراوە، ئەندامانی لێژنە سەرنج و تێبینییەکانیان خستەڕوو و جەختیان لەسەر گرنگیی جێبەجێکردنی یاساکە کردەوە.

لەکۆتایی کۆبوونەوەکەشدا سەرجەم ئەو نوسراو و یاداشت و سکاڵاو داواکارییانەی ئاراستەی لێژنەکەو ئەندامانی کرابوون، لەلایەن سەرۆکی لێژنە خوێندرانەوەو گفتوگۆیان لەسەر کراو ئەوانەی پێویستییان بەوەڵامدانەوە هەبوو وەڵامدرانەوە بەمەبەستی بەدواداچوون و چارەسەرکردنیان.

زۆرترین حاڵەتی تووشبوون بە کۆرۆنا لە ڕۆژێکدا لە هەرێمی کوردستان تۆمارکرا



دوێنێ دووشەممە وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان دوا ئاماری تایبەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، بڵاوکردەوە. بەپێی ئامارەکەی وەزارەتی تەندروستی، زۆرترین ژمارەی تووشبووانی کۆرۆنا لە ڕۆژێکدا لە هەولێر، 243 لە سلێمانی، 28 لە گەرمیان و لە پارێزگای هەڵەبجەیش 29 تووشبوو.

وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان ڕاشیگەیاندووە کە لە میانی 24 کاتژمێری ڕابردوودا، 249 کەس لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکەوە تا ئێستا لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا تۆمارکراوە. لە میانی 24 کاتژمێری ڕابردوودا، هەزار و 32 تووشبووی نوێی کۆرۆنا تۆمارکراوە کە زۆرترین ژمارە لە دهۆك بووە بە 406 تووشبوو، 326 کۆرۆنا چاکبوونەتەوە کە زۆرترین ژمارەکانیان لە هەولێر بووە بە 114 کەس، 65 کەس لە دهۆك، 15 کەس لە سلێمانی، 29 کەس لە گەرمیان و لە هەڵەبجەش 26 کەس.

هەروەها لە میانی 24 کاتژمێری ڕابردوودا، 26 کەس بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە گیانیان لەدەستداوە کە زۆرترین ژمارەیان لە سلێمانی بووە بە 10 کەس، شەش کەس لە هەولێر، چوار کەس لە دهۆك، سێ کەس لە هەڵەبجە و سێ کەسیش لە ڕاپەڕین.

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی کوردستان تا ئێستا، 571 هەزار و 235 پشکنینی کۆرۆنا ئەنجامدراوە کە لە ئەنجامدا، 62 هەزار و 735 حاڵەتی تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ تۆمارکراوە. لەو ژمارەیەش تا ئێستا، 37 هەزار و 833 کەسیان چاکبوونەتەوە و 22 هەزار و 715 کەسیش ماون لەژێر وەرگرتنی چارەسەردان. تا ئێستا دوو هەزار و 187 کەس بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە.

وەزیری ڕۆشنبیری عێراق بۆ (خەبات):

سووتاندنی بارەگا و ئاڵای کوردستان ئاشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەخاتە مەترسییەوە



خەبات – مەریوان نەقشبەندی: لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات د. حەسەن نازم وەزیری ڕۆشنبیری عێراق نیگەرانی خۆی لە رووداوەکانی ڕۆژی شەممە ١٧ی ئۆکتۆبەری بەغدا دەربڕی و تەئکیدی کردەوە سووتاندنی بارەگا و ئاڵای کوردستان ئاشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەخاتە مەترسییەوە.

وەزیری ڕۆشنبیری عێراق لە دریژەی لێدوانە تایبەتەکەیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: ئەوەی ڕوویدا لە بەغدا کاردانەوەیەکی خراپ و ناجۆرە لە بارودۆخێکدا کە عێراقییەکان لە هەرکات زیاتر پێویستیان بە ئاشتی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەیە و هیوای خواست حکوومەتی عێراق و ئەنجومەنی نوێنەران و میدیا عێراقی و کوردییەکان بە حیکمەتی خۆیان مامەڵە لەگەڵ ئەم پێشهاتە خراپە بکەن و سووتاندنی ئاڵا و بارەگا نابێ ببێتە کولتووری عێراقییەکان و دڵنیام زۆرینەی خەڵکی عێراق و خەڵکی هەرێمی کوردستانیش لەگەڵ تونددکردنی بارگژییەکان نین و پێویستە ڕێگە بدرێت یاسا لەم مەسەلەیەدا ڕۆڵی خۆی ببینێ. گوتیشی: سەرکردایەتیی سیاسیی کورد ئەزموونێکی سیاسی دوورودرێژ و دڵسۆزیان هەیە و بە حیکمەتەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم رووداوە نەخوازراوانە بکەن هەمووان دەشزانین کە پێشمەرگە لە سەنگەردا خوێنیان بەخشیوە، لەو باوەڕەدام بەزووترین کات ئەم کێشەیە چارەسەر دەبێت.

عێراق. چوار هەزار و 44 کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون و 63 کەسی دیکەش گیانیان لەدەست دا

وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق دوا ئاماری سەبارەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ، بڵاوکردەوە. دوێنێ دووشەممە وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق لە ڕایگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە لە میانی 24 کاتژمێری ڕابردوودا، چوار هەزار و 44 کەس تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بوون و 63 کەسیش بەهۆی ڤایرۆسەکەوە گیانیان لەدەستداوە.

وەزارەتی تەندروستیی و ژینگەی عێراق ڕاشیگەیاندووە کە لە میانی 24 کاتژمێری ڕابردوودا، سێ هەزار و 55 کەس لە ڤایرۆسەکە، چاکبوونەتەوە. جێی باسە عێراق سەبارەت بە ژمارەی تووشبووان بە ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لەنێو 217 وڵات، هەرێم و ناوچە لە جیهاندا لە ڕیزبەندی پانزەهەم دایە، بە جۆرێك کە تا ئێستا 430 هەزار و 678 کەس لە عێراق تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ بوون.

جیهان..

بەلژیکا.. بەرزبوونەوەی حاڵەتەکانی تووشبوون بە کۆرۆنا

لە بەلجیکا بەهۆی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێوە نەخۆشخانەکان پڕ بوون لە نەخۆش و هاوکات بەهۆی قەرەباڵغی تاقیگەکانەوە ناتوانرێت لە ماوەیەکی کورتدا ئەنجامی پشکنینەکان دەرچێت.

بەلجیکا کە لە ڕووی گیانلەدەستدان بە پەتای کۆرۆنا لە وڵاتانی ڕیزبەندی یەکەمە لەسەر ئاستی جیهان، حاڵەتەکانی تووشبوون بە پەتاکە تیایدا ڕووی لە بەرزبوونەوە کردووە. بەپێی زانیارییەکانی پەیانگای تەندروستیی نیشتمانی گەل کە ئامارەکانی هەفتانە بڵاو دەکاتەوە لە 9 تاکو 15 ی تشرینی یەکەمدا، ڕێژەی حاڵەتەکانی نوێی تووشبوون بە پەتاکە سەدا 79 زیادی کردووە و گەیشتووەتە حەوت هەزار و 876 حاڵەت. بەلجیکا کە ژمارەی دانیشتوانەکەی 11 ملیۆن و 400 هەزار کەسە، لەوەتەی پەتاکە تیایدا سەریهەڵداوە تا ئێستا تێکڕای حاڵەتەکانی تووشبوون گەیشتووەتە، 222 هەزار و 253 حاڵەت و 413 کەسیش بەو پەتایە گیانیان لەدەستداوە.

بەهۆی ئەو هاوکۆکەشەوە کە ئەمڕۆ ئێمە پەك خیزانییەن. هاوکات ئاژانسی هەواڵیی فەرمی بەحرێن بڵاوی کردەوە کە وەزیری دەرەوەی بەحرێن، عەبدولەتیف زەیانی واژووکردنی ڕێککەوتنامەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل ڕاگەیاندووە و گوتی: ئەمڕۆ چەند یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتنان لە ژمارەیەك بواردا لەگەڵ ئیسرائیل واژووکرد کە دەبێتە مایەی دامەزراندنی هاوکاری لەنێوان هەردوو وڵاتدا.

تووشبووانی کۆرۆنا 40 ملیۆن و 282 هەزار کەسی تێپەڕاند



ژمارەی تووشبووانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ کە لە شاری وهان سەربە ویلایەتی هوبی ڕۆژهەڵاتی چین سەریهەڵدا و بە جیهاندا بڵاوبوویەوە، 40 ملیۆن و 282 هەزار کەسی تێپەڕاند.

بەپێی ماڵپەڕی Worldometer کە زانیارییەکانی پشت بە ئامارەکانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ دەبەستێت لە جیهاندا، یەك ملیۆن و 118 هەزار و 330 کەس لەسەرانسەری جیهاندا بەهۆی پەتاکەوە گیانیان لەدەستداوە.

لە کاتێکدا ژمارەی تووشبووانی پەتاکە لە جیهان گەیشتووەتە، 40 ملیۆن و 282 هەزار و 605 کەس، 30 ملیۆن و 120 هەزار تووشبووی پەتاکە چاکبوونەتەوە و نۆ ملیۆن و 43 هەزار و 677 کەسیش لەئێستادا هەڵگری ڤایرۆسەکەن و چارەسەر وەردەگرن.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، زۆرترین ژمارەی تووشبوون و گیانلەدەستدانی بەهۆی پەتاکە تۆمارکردووە کە تا ئێستا، هەشت ملیۆن و 287 هەزار و 799 حاڵەتی تووشبوون و 224 هەزار و 730 حاڵەتی گیانلەدەستدانی بەو پەتایە تۆمارکردووە.

ئیسرائیل و بەحرێن پەیوەندی دیپلۆماتی تەواویان دامەزراند



ئیسرائیل رایگەیاند کە ڕاگەیەندراوی هاوبەش، سەبارەت بە دامەزراندنی پەیوەندی دیپلۆماتی تەواو لەگەڵ بەحرێن واژووکردووە. وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر نووسیبوویەتی «ئێستا ساتێکی مێژوویی لە مەنامە بۆ واژووکردنی ڕاگەیەندراوی هاوبەش بۆ دامەزراندنی پەیوەندی دیپلۆماتی تەواو».

وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل ئامادەی بەوەش داوە کە سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بێنیامین ناتانیاهو بە تەلەفۆن لەگەڵ وەزیری دەرەوەی بەحرێن، عەبدولەتیف زەیانی قسەی کردووە و گوتوویەتی «لە میانی گرتنەری ڕێوشوێنی گەورە، هەنگاوی پێشڤەچوون بۆ ئاشتی دەنێین». هەر لەو بارەیەوە ڕۆژنامەی «ئیسرائیل ئەلیوم» بڵاوی کردووەتەوە، بەڕەسانی ئیسرائیل و بەحرێن دووپاتیانکردووەتەوە کە ڕێککەوتنامەکە، ئاشتی تەواو لەنێوان هەردوو وڵاتدا بەدیدەهێنێت، هەروەها زنجیرەیەك ڕێککەوتنامەی سیاسیی، دیپلۆماتیی و ئابووریی لەگەڵ



کوردانی تاراوگە ئیدانەی پەلاماردانی بارەگەی لقی5ی پارتی و سووکایەتیکردن بە ئاڵای کوردستان دەکەن

دوو کوردی تاراوگە بە فڕۆکەیەکی تایبەت ئاڵای کوردستان لەسەر ئاسمانی نەرویژدا دەشەکێننەوە

ئەوەی ئاڵای کوردستانی لەلا پەڕۆیە با جلوبەرگی بەری دابکەنێت!



ساسان دەرویش – هۆڵەندا

رووداوەکەی شاری بەغدا و هەڵکوتانە سەر بارەگای لقی پێنجی پارتی دیموکراتی کوردستان و سووتاندن و سووکایەتیکردن بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان کە سیمبۆڵ و شکۆی نەتەوەیی کوردە، لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کاردانەوەی لێکەوتووەتەوە و هەموو لایەک ئەو رووداوە ئیدانە دەکەن. وەک کاردانەوەیەکیش لە بەرامبەر ئەو هێرش و سووکایەتیکردنە بە ئاڵا و دیموکراسییەت و پێکەوەژیان و سەقامگیری ئارامی و دەستوور و هێورکردنەوەی ناوچە کێشەلەسەرەکان، بەشێکی زۆری هاوواڵتییانی هەرێمی کوردستان لە ناو و تاراوگە ئیدانەی ئەو کارە گێرەشێوێنێنییە دەکەن و کوردستانییانی تاراوگەش لە رێگای سۆشیاڵمیدیا و رێکخراوەکانی مەدەنی و کولتووری و کۆمەڵایەتی، بە هەمان شێوە ئیدانەی ئەو کارانەیان کرد و پاڵپشتی خۆیان بە دانانی وێنەی ئاڵای کوردستان و دەربڕین بە پەیامی کورت لە نووسین کە گوزارشتیان لە خۆشەویستی نیشتمان و سیمبۆڵەکانی و یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی کورد بەرانبەر دوژمنانی کوردستان دەربڕی، ئەمەش بەشێکی کەمی نمونەی ئەو کەسایەتییانەیە کە ئیدانەی رووداوەکە دەکەن.

ئەوە هەڕەشە و مەترسی داگیرکەرانی کوردستانە

هەڵوێ بەرزنجی نووسەر و ڕووناکبیر لە ئەڵمانیا بۆ خەبات گوتی: ١٦ ئۆکتۆبەر برینێکە و تابێت ڕەهەندە ترسناکەکانی قووڵتر دەبێتەوە، ئەوە هەڕەشە و مەترسی داگیرکەرانی کوردستان و پرۆسەی بەردەوامی تەعریبە. هەروەها خەبات جەمال رەئووف چالاکوان لە سوید گوتی: پێشەکی ئەوانە بە نەفرەت ئەکەم کە کوردن و لە کۆمێنتی هەواڵەکاندا دەستخۆشیان لە بکەران کرد و دوژمنی سەرسەختی خۆیانن، ئینجا دێمە سەر ئەوەی کە ئاڵای حزب و کوردستانیان سووتان، لێرەوە داوا دەکەم چیتر سووکایەتی بەیەک نەکەین و کاتی یەکگرتن و یەکهەڵوێستی نیشتمانی و نەتەوەییانە، چونکە ئەوە هەڕەشەیە بۆ سەر کورد و هەموومان.

ئاڵای کوردستان لە ئاسمانی نەرویژ دەشەکێتەوە

هیوا ئاغا پێشمەرگە و بەرای سێ شەهید لە بەریتانیا گوتی: سووتاندنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان لە بەغدا مانای خۆی هەیە، هیوادارم ئەو سووتاندنە کە ئازاری دڵی هەموومانی دا، یەکیان بخات، ئاشتیان بکاتەوە ئیستر یەکتر شکاندن و نەفرەتکردنی یەکتر وازلێبێنین و برابین و هاوسەنگەر بین هاوخەبات، خوایە کوردستان ئاوەدان بێت . هەروەها مەحمەد ئەسکەندەر پێشمەرگەی دێرینی پارتی لە نەرویژ بۆ خەبات دەڵێ: کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە، زیندووە قەت نانەوێت ئاڵاکەمان. بەم دروشمە و بە جلوبەرگی کوردانە بۆ بەرپەرچدانەوەی نەیارانی ئاڵای کوردستان و بەرزڕاگرتنی ئەم ئاڵا پیرۆزە بە شەکاوەیی، بە فڕۆکەیەکی تایبەت لە گەشتێکی ئاسمانی وەک دوو کورد پێکەوە لەگەڵ هەڤاڵی بەرێزم فڕۆکەوان باست لە وڵاتی نەرویژ بە ئاسمانی پارێزگای ستاڤانگرا بۆ چەند کاتژمێرێک بەو ئاڵایەوە سووڕانەوە بە ئاسمانی پان و بەرین ئەمەش دەربڕینی پیرۆزی ئاڵاکەمان و ئیدانەکردنی هێرشبەران بوویں.

دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی نیشتمانی بۆ ئیدانەی هێرشکاران

سەحەر دەروێش شاجوانی پێشووی کوردستان گوتی: مووشەکبارانکردنی هەولێر و سووتانی بارەگای پارتی لە بەغدا و بێ ڕێزییکردن بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان پەیامێکی ڕوونی دوژمنانی ئەوديو سنوورە و گوشارە بۆ دەستهەڵگرتن لەو پەیامە نەتەوەییەی کە سەرۆک بارزانی پەیڕەوی دەکات بۆ گەیشتن بە خەونەکانی شەهیدانمان، بۆیە لە لای خۆمەوە دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ ئەو دەنگە نیشتمانییانەی کە ئیدانەی ئەم ڕەفتارانە دەکەن دژ بە ناشتی و پێکەوەژیان.

دیموکراسی و چارەسەرکردنی پرسە نەتەوەییەکان

ڕێبوار ئەحمەد زادە کادیر و پێشمەرگەی پاك لە نەرویژ گوتی: دیموکراسی پرسی نەتەوەیی چارەسەر ناکات! بە قبووڵکردنی ئەوەی کە حکوومەتی دیموکراتیک باشترین جۆری حکوومەتەکانە، ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئاخۆ حکوومەتی دیموکراتیک دەتوانێت پرسی نەتەوەیی چارەسەر بکات یان نا ؟ وەڵامی ئەو پرسیارە (نا) یەکی گەورەیە چونکە ئەگەر دیموکراسی ئەو پرسەی چارەسەرکردبا دەبوایە دەمێك باکە پرسی نەتەوەیی لە وڵاتانی، بەریتانیا، ئیسپانیا، فەرانسا کە دەمێکە حکوومەتی دیموکراتیکیان هەیە، چارەسەر بووایە . هەروەها ماجید نوری نووسەر و ڕۆژنامەوان لە سوید دەڵێ: پوختەی فەلسەفەی پێکهێنانی دەوڵەت لای ئەمانۆئێل کانت، ئەگەر بۆ دوو نیمچە ڕستە چڕی بکەینەوە ئا ئەمەیە (نەتەوە بەبێ دەوڵەت، کەسێکە بەبێ ڕەوشت) باپیریشم زوو زوو پێی دەگوتین (خانوو بۆ خۆتان دروست بکەن، خێزانی بێ خانوو واتە خێزانی بێ دەرپێ) و منیش دەتوانم بڵێم نەتەوەی بێ ئاڵا، نەتەوەی بێ ناوە، هەرکێ دێت و ناوونانۆرەیەکی لێ دەنێت، ئەوەی ئاڵای کوردستانیشی لاپەڕۆیە، با جلوبەرگی بەری دابکەنێت و لەناو مەڕ و بزنەکانی بناردا دابنیشێت و چاوەڕێی گۆپاڵی شوانەکان بێت .

یەکگرتن لە بەرانبەر نەیارانی کورد

شێرزاد یونس ڕۆژهەیانی بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی لە هۆڵەندا گوتی: هاوکات لەگەڵ ڕووداوەکانی بەغدا و سووتانی بارەگا و ئاڵای کوردستان، نامەیەکیان ئاراستەی فراکسیۆنەکانی پارتەکانی هۆڵەندا لە شاری لاهای کرد تێیدا وێرای ئیدانەکردنی گێرەشێوانان بۆ دژایەتیکردنی دیموکراسی و پێکەوەژیان و ئارامی و چاندنی زەبروزەنگ و خۆسەپاندن، عێراق بەرەو کەنارێکی نادیار دەبات دەبێت هەموو لایەك هەڵوێستی ڕوونیان هەبێت لەمەر ڕووداوەکان، ئەگەر بیانەوێت ئارامی لەناوچەکەدا بێت کە هێشتا کاریگەری تیرۆریستان لەسەر ناوچەکان بە تەمومژی ماون .

ئەفشار ئەقدەسی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی و بەرپرسی نوێنەرایەتی ئەوروپای پارتی ئازادیی کوردستان گوتی: پەلاماردانی ئاڵای پیرۆزمان زیاتر هانمان دەدات بۆ شەکاندنەوەی کە لە بەیەننامەی حزبەکەماندا بە ئاشکرا دەرمان بڕیوە، لەلایەن گرووپێکی شۆڤێنی سەرسەخت و دەستی دەرەکی هێرشیان کردە سەربارەگای پارتی و سووتاندنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان، هێرشبەران و ئەوانەی سێ ساڵە داخی گرانی شکستەکەی پردێیان لە دڵدا هەڵگرتووە، پەلاماری ئاڵای کوردستان سیمبۆڵی پیرۆزی نەتەوەی مەزنی کورد و بەیداخی دەوڵەتی دیفاکتۆی کوردستانیان دا و بێڕێزیان پێ کرد، بۆیە لەو بەیاننامەیەدا بە توندی مەحکومان کرد و داوامان کرد هێزە سیاسییەکانی کوردستان یەکگرتوویەك هەڵوێست بن بەرانبەر دوژمنانی کوردستان.

هێرشبەران دژی ئاشتی وپێکەوە ژیانن

بەدیل براهیم هونەرمەند و ئەندامی ڕیڤەبەری مااڵ ئیزیدیان لە ئەڵمانیا گوتی: لە بەیاننامەیەکدا بۆ ڕای گشتی کۆمەڵگەی ئەوروپی و ئەڵمانی پێکەوە ئیدانەی ئەو هێرشەمان کرد بۆ سەر بارەگای پارتی و سووتاندنی ئاڵای شکۆی نەتەوەییان کە ئەمە دژ بەپێکەوەژیانە لەو وڵاتەی کە هەنگاوی ئارامکردنەوەی بۆ ئەدرێت بەپێی بەندەکانی دەستوور، داوامان کرد کە بەجدی هەموولایەك بینە دەنگ و بۆ بنبڕکردنی ئەو دەستە نامۆیانەی بیانەوێ لەژێر ئارامی و پێکەوەژیان کورد لەناوبەرن، چونکە ئەمە ڕێگاخۆشکەرە بۆ گەڕانەوەی تیرۆریستان و تێکدانی هەمو ناوچەکە و ناسەقامگیری و نائارامی .

دیا کورد، هێرشکردنە سەر هێما نەتەوەییەکان ئیدانە دەکات

کۆمیتەی دامەزراندنی کۆنفیدراسیۆنی کوردانی دیاسپۆرا (دیا کورد) هێرشکردنە سەر بارەگای لقی پێنجی پارتی لە بەغدا و سووتاندنی ئاڵای کوردستانی شەرمەزار کرد و ڕایشیگەیاند، ئاڵا و هێما نەتەوەییەکانی دیکە بەشێکی گرینگن لە ناسنامەی نەتەوەیی. لە بەیاننامەیەکدا «دیا کورد» ئاماژەی بەوە کردووە کە «لە ڕۆژی ١٧ی ئۆکتۆبەری 2020 ژمارەیەك توندڕۆی لەیاسا دەرچوو هێرشیان کردە سەر بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان لە بەغدا و بینای بنکەکەیان سووتاند، دواتر بێڕێزی بەرامبەر بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان کرا و سووتێندرا.» لە بەشێکی دیکەدا هاتووە: هێرش بۆ سەر پیرۆزترین ڕەمزی نەتەوەیی کورد، واتە ئاڵای کوردستان و پارتێکی کوردستانی کارێکی نارەواو دوژمنایەتیکردنی گەلی کورد و کوردستانە، ئاڵا و هێماکانی نەتەوەییەکانی دیکە بەشێکی گرینگن لە ناسنامەی نەتەوەییان، ئەم دەستدرێژی و بێڕێزییە، دەستدرێژیکردنە بۆ سەر نەتەوەکەمان.

«دیا کورد» جەختیش دەکاتەوە کە ئەم هێرشە تیرۆریستییە بەتوندی شەرمەزار دەکات و داوای سزادانی تاوانباران دەکات و ڕایگەیاندووە: «با دوژمنانی کورد بزانن، کە گەلی ئێمە هەر پایەدار و ئاڵای کوردستان هەر شەکاوە دەمێنێتەوە، ئیرادەی گەلێکی ئازادیخواز و تێنووی سەربەخۆیی بە هێرشی دەستەیەکی تێنەگەیشتووی دژەمرۆڤایەتی ناشکێندرێت.»

سعوودیە. پێکهێنانەوەی ئەنجوومەنی شورا و دەستنیشانکردنی سەرۆکی دادگای باڵا

بە فەرمانی شای سعوودیە، سەلمان بن عەبدولعەزیز دووبارە ئەنجوومەنی شورا (پەرلەمان) لەو وڵاتەدا پێکهێنرایەوەو هەروەها سەرۆکی دادگای باڵاش دەستنیشکرایەوە. ئاژانسی هەواڵیی فەرمی سعوودیە باڵاوی کردەوە کە لەسەر فەرمانی شا سەلمان بن عەبدولعەزیز، دووبارە دەستەی گەورە زانایان بەسەرۆکایەتی شێخ عەبدولعەزیز ئال ئەشێخ موفتی ئەو وڵاتە و بە ئەندامێتی 20 لە زانایانی ئایینی پێکهێنراوەتەوە. ئاماژەی بەوەیشداوە کە هەر لەسەر فەرمانی شای سعوودیە، سەلمان بن عەبدولعەزیز دووبارە ئەنجوومەنی شورا (پەرلەمان) بە سەرۆکایەتی شێخ عەبدوڵڵا ئال ئەشێخ بۆ ماوەی چوار ساڵ پێکهێنراوەتەوە کە ئەندامانەکانی لە 150 کەس پێکهاتووە.

باس لەوەشکراوە کە هەر لەسەر فەرمانی شا سەلمان بن عەبدولعەزیز، شێخ غەیهەب ئەلغەیهەب وەك ڕاوێژکاری دیوانی شاهانە، هەروەها شێخ خالید عەبدوڵڵا بن محەمەد ئەللحێدان وەك سەرۆکی دادگای باڵا لەو وڵاتە دەست نیشان کراون. ئەنجوومەنی شورا لە سعوودیە هاوشێوەی پەرلەمانە لە وڵاتانی دیکە و لەلایەن شای ئەو وڵاتەوە پێکدەهێندرێت و بڕیارەکانی کۆتایی نییە و پێویستی بە ڕەزامەندی شا هەیە.

فەڕەنسا.. دوای دۆزینەوەی تەرمی مامۆستایەک بە سەربڕدراوی، 51 دەستە و ڕێکخراوی ئیسلامی دەخرێنە ژێر چاودێرییەوە



وەزیری ناوخۆی فەڕەنسا، جیرالد دارمانین رایگەیاند کە ژمارەیەکی زۆر ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنیی موسڵمانان لە وڵاتدا دادەخەن. جیرالد دارمانین لە لێدوانێکیدا بۆ رادیۆی Europe1، باسی لەوە کرد کە دوای دۆزینەوەی تەرمی مامۆستایەك بە سەربڕدراوی لە ناوچەی کۆنفلانس سانت-هۆنۆرینل، 51 دەستە و ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنیی موسڵمانان لەلایەن دەوڵەتەوە دەخرێتە ژێر چاودێرییەوە. وەزیری ناوخۆی فەڕەنسا ئەوەشی خستەڕوو کە ژمارەیەك لەو دەستە و ڕێکخراوانە بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران، دادەخرێن.

هەفتەی ڕابردوو لە پاریس هەڵکوترایە سەر ڕێکخراوی بەرەکەسیتی هەروەها ماڵی دامەزرێنەری ڕێکخراوەکە. لە میانی چەند هەفتەی ڕابردوودا، هەڵکوتانە سەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی موسڵمانان لە فەڕەنسا ڕووی لە بەرزبوونەوە کردووە. جێی باسە وەزیری ناوخۆی فەڕەنسا، جیرالد دارمانین لە 13ی تشرینی یەکەمدا، باسی لەوە کردبوو کە لە چوارچێوەی «بەرەنگاربوونەوەی تیسلامی توندڕەو» مانگی ڕابردوو 12 مزگەوت، خوێندنگەی تایبەت، ڕێکخراو و شوێنکاریان داخستووە و لە سەرەتای ساڵیشەوە تا ئێستا ئەو ژمارەیە گەیشتووەتە 73.

پارێزگەرێ دهۆکێ و جێگرێ بەرپرسێ ڕێکخراوا UNFPA تەکەزی ل سەر چەسپاندنا مافێن ئافرەتێ کر



دوهی ١٩-١٠-٢٠٢٠ د.علی تەتەر پارێزگەرێ دهۆکێ هەڤدیتنەك دگەل (حمیار عبدالغنی) جێگرێ بەرپرسێ ڕێکخراوا UNFPA ل عیراقێ سازکر. دهەڤدیتنێدا بەحسێ بەرنامێن ڕێکخراوا UNFPA و بەرنامێن کابینا نوو یا حکومەتا هەرێما کوردستانێ بو پشتەڤانیکرنا ماف و داخازکارییێن ئافرەتان و پێشئیخستنا شیانێن وان دبوارێن گشتی دا هاتە کرن.

جێگرێ بەرپرسێ ڕێکخراوا ناڤبری دیارکر کو وان پلانەك بو پێنج سالا ئامادەکریە کو پشتەڤانیا ئافرەتان ل هەموو عیراقێ بکەن وپارێزگەها دهۆکێ ژی ئێکە ژوان پارێزگەهێن دکەڤنە دناڤا ڤی بەرنامەیدا و خواست کو پارێزگەرێ دهۆکێ پشتەڤانیێ ل کار و چالاکییێن ڕێکخراوا UNFPAبکەت.

ژلایێ خوڤە پارێزگەرێ دهۆکێ تەکەزکر کو کابینا نوو یا حکومەتا هەرێمێ گرنگییە کا بەرچاڤ دایە ئافرەتێ وهەموو زەمینەك بو خوشکریە کو پتر خو پێشبێخیت وروڵێ خو پتر دناڤ دەزگەهێن حکومەتا هەرێما کوردستانێ دا ببینیت هەروەسا گوت :هەولدەین مافێن ئافرەتێ ل ناڤ دستورێ هەرێمێ وهەموو سازیێن حکومی وجڤاکی پتر بهێنە مسوگەرکرن و ڕولێ سەرکردەیان ل سەر ئاستێ قایمقامیا وڕێڤەبەرییێن ناحیا بگێرن وپشتەڤانیا پارێزگەهێ نیشان دا بو جێبەجێگرنا بەرنامێن ڕێکخراوێ.

هەژی گوتنێ یە ڕێکخراوا UNFPA دێ پشتەڤانیا ئافرەتان و ڤان بواران کەت (چاڤدێریا ساخلەمیا ئافرەتێ و زاروکێن وێ نەهێلا تونـد و تیژیـێ دژی ئافرەتـا و پێشێخستنا شیانێن ئافرەتان لناڤ باژێر و گوند و هەموو کەمپان - پشتەڤانیکرنا سەرژمێریا گشتی و پەرەپێدانا مروڤایەتی وپشتەڤانیکرنا سازییێن ساخلەمییێ بو بەرهنگاریا ڤایروسێ کورونا).

بەرپرسی لقی 16:

تەندروستی هاوڵاتیانی کوردستان بۆ ئێمە جێگەی بایەخ و گرنگپێدانە



لەدرێژەی دیدارو کۆبوونەوە بەردەوامەکانیدا لەگەڵ نوێنەرانی سەرجەم چین و تویژە جیاجیاکان بەمەبەستی ئاگادارکردن لەکێشەو گیروگرفت و پێداویستییەکانی هاونیشتمانیان , بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی ١٦ ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان بەئامادەبوونی چیا محەمەد هەرکی و سامیە شێروانی کارگێڕانی لق , پێشوازیکرد لە دکتۆر دلۆڤان محەمەد بەرێوەبەری گشتی تەندروستی هەولێرو دکتۆر ئەحمەد پاڵانی بەرێوەبەری تەندروستی دهشتی هەولێرو لەگەڵیان کۆبوویەوە . لەمیانی کۆبوونەوەکەیاندا شاندی میوان ئاماژیان بەرەوشی تەندروستی پارێزگای هەولێر بەگشتی و سنووری دەوروبەری شاری هەولێر بەتایبەتی کرد لەکاتێکدا پەتای کۆرۆنا بەهەموو جیهاندا بڵاوبۆتەوەو هەرێمی کوردستانیش لەو پەتایە بەدەرنییە , سەرەڕای ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو هەوڵێکی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو پەتایە لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی هاوڵاتیانیشە ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی جێبەجێکەن لەپێناو خۆپاراستنیان بەبەستنی ماسك و دوور کەوتنەوە لەو شوێنانەی کە بەریەککەوتنی هاونیشتمانیانی تێدا زۆرە. دواتر بڵند ئیسماعیل ئاماژەی بەرۆڵی گرنگ و بەرچاوی کارمەندانی تەندروستی کرد کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە لەنەخۆشخانەو فەرمانگە تەندروستییەکاندا خزمەتیان بەهاونیشتمانیان کردووەو شەوو ڕۆژیان خستۆتە سەریەك بۆ پاراستنی ژیانی هاوڵاتیان , بێگومان تەندروستی هاوڵاتیان بۆ ئێمە جێگەی بایەخ و گرنگی پێدانەو لەو ڕوەشەوە بەهەموو توانایەکیانەوە پاڵپشت و هاوکار دەبین لەچارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفتەکان و جێبەجێکردنی بڕیارو ڕێنماییە تەندروستییەکانی وەزارەتی تەندروستی و حکومەتی هەرێمی کوردستان .

پشکنینی کۆرۆنا بۆ مامۆستایان و قوتابییان

وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان چەند بڕیارێکی لە بەرژەوەندیی مامۆستایان و قوتابییان دەرکرد

وەزارەتی پەروەردە چەند بڕیارێکی نوێی دەرکرد

وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان چەند بڕیارێکی نوێی سەبارەت بەخوێندنی ئەم ساڵ دەرکرد. بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەرپەرشتیکردنی پەروەردەیی لە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان لە نوسراوێکدا چەند بڕیارێکی نوێی بۆ خوێندنی ئەم ساڵ دەرکرد و ئاراستەی پەروەردەی شارەکانی هەرێمی کوردستانی کردووە و رایدەگەیێنێت کە پێویستە ئەم ساڵ مامۆستایان پابەندبن بە تەواوکردنی پڕۆگرامەکانی خوێندن و پڕۆگرام کەم ناکرێتەوە.

ئاماژە بەوەش دەکات کە خوێندنی پڕۆگرامەکان بە گوێرەی ریزبەندی دەبێت و بەش و بەندەکان نابێت پاش و پێش-یان پێبکرێت، هەروەها تاقیکردنەوەکانی نیوەوەرز، مانگانە و تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ لە هەمان ئەو وادەیەدا بەڕێوەدەچن کە لەساڵنامەی خوێندندا ئاماژەی پێکراوە.



دوێنێ دووشەممە ٢٠٢٠/١٠/١٩، وەزارەتی تەندروستی نووسراوێکی دەرکردووە و واژووی د. سامان بەرزنجی، وەزیری تەندروستی بەسەرەوە، تێیدا چەند بڕیارێك لە بەرژەوەندیی مامۆستایان و قوتابییان دەرکراوە. بەو بۆنەیەوە د. ئالان حەمەسەعید، وەزیری پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بە بڕیارەکەی وەزارەتی تەندروستی، گوتی: «سوپاسی وەزیری تەندروستی دەکەم بۆ وەڵامدانەوەی داواکاریان کە پشکنینی کۆرۆنا بێ بەرامبەر بێت بۆ مامۆستایان و قوتابییان».

دکونگرەکێ ڕۆژنامەڤانیدا پارێزگەرێ دهۆکێ تەکەزی ل سەر پێگریکرنا هاولاتیان ب ڕێنمایان ساخلەمیێ کر



دوهی سپێدێ ١٩-١٠-٢٠٢٠ ب سەرپەرشتیا د.علی تەتەر پارێزگەرێ دهۆکێ کۆمبوونا ژۆرا ئوپەراسیونا یا بەرهنگاربونا ڤایروسێ کورونا هاتە ئەنجامدان.

دکومبونێدا بەحسێ بەلاڤبونا ڤایروسێ کورونا ل پارێزگەهێ و ڕەوشا نەخوشان و ڕێکارێن خو پاراستنێ و پێگریا هاولاتیان ب ڕێنماییێن ساخلەمیێ ب گشتی هاتە کرن.

پارێزگەرێ دهۆکێ دکونگرەکێ ڕۆژنامەڤانیدا ئاماژە دا کۆمبوونا بلند یا ژۆرا ئوپەراسیونا ل هەولێرێ و ئەو بریار و ڕێنماییێن نوو یێن ژ کۆمبوونێ دەرکەتین بو کێمکرنا کارتێکرنا پەژیکێ کورنا ل سەر تەندورستیا هاولاتیان و هەموو سەکتەرێن ژیانێ. هەروەسا تەکەزی ل سەر کاراکرنا لیژنێن دوڤ چونێ ل سەنتەرێ قەزا و ناحیا و جهێن گشتی کر بو وێ یەکێ هشیاریا جڤاکی بهێتە بەلافکرن و هەموو ڕێنماییێن خو پاراستنێ بهێنە بجهئینان و سەرپێچکار بهێنە سزادان.

پارێزگەرێ دهۆکێ ئەو یەك ژی دیارکر کو هەتا ١-١١-٢٠٢٠ قوتابخانە و زانکو ل دوڤ سیستەمێ دەستنیشاکرنی و ڕێنماییێن ساخلەمیێ دێ بەردەوامیێ دەنە پروسا خواندنێ و ماموستاییێن ئاینی و یێن پەروەردێ و دەزگەهێن ڕاگەهاندنێ وسوشیال میدیا ودەزگەهێن ئێمناهیێ پتر ڕولێ خو ببین بو هشیارکرنا هاولاتی و قوتابیان کو خو ب پارێزن و هاولاتی سەردەمان و کومبون و بەرکەفتنا کێمکەن و پێگریێ ب ڕێنماییێن تەندورستی بکەن.

هەروەسا گوت: جهێن ڤەکری ناهێنە گرتن و ل دوڤ ڕێنمایا دێ کارێ خو کەن هەروەسا یانێن وەرزشی بێ جەماوەر چالاکییێن خو ئەنجامدەن.

هەولێر.. کەسێك دەستگیر کرا، کە لە هۆتێلێك هاوژینەکەی خۆی کوشتووە

سلێمانی . دوکان.. دوو تۆمەتبار دەستگیرکران

لەسەر سکاڵای دوو هاوڵاتی مەفرەزەکانی بەشی پۆلیسی دوکان دوو تۆمەتباریان دەستگیرکرد. لەراگەیاندراوێکدا بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی سلێمانی بڵاویکردەوە کە دوای ئەوەی ڕۆژی ١٤ی ١٠ ی ٢٠٢٠ دوو هاوڵاتی سکاڵایان لەبەشی پۆلیسی دوکان تۆمارکرد کە فرۆشگاکانیان لەسنوری قەزاکە بڕدراوەو دزییان لێکراوە ، مەفرەزەکانی بەشی پۆلیسی دوکان لێکۆڵینەوەکانیان دەستپێکردو توانرا پاش چەند کاتژمێرێك لە ڕوداوەکە یەکێك لە تۆمەتبارەکان دەستگیر بکرێت .



راشیدەگەیەنن کە لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس بۆ گەڕان بەدوای تۆمەتبارەکەی تر بەردەوام بوو تا ئەوەی ئەمڕۆ بەهاوکاری بنکەی پۆلیسی چوارچرا لەشاری سلێمانی توانرا دەستگیربکرێت و لەکاتی دەستگیرکردنیشیدا دەستگیرا بەسەر بڕێك مادەدی هۆشبەر کە بەتۆمەتبار بوو . پۆلیسی سلێمانی ڕاشیگەیاندووە کە لەئێستادا تۆمەتباران (ه ، ح ، م لەدایکبووی ١٩٩٠ و ب ، س ، م لەدایکبووی ٢٠٠٠) کە پێشینەی تاوانیشیان هەیە بەفەرمانی دادوەر ڕاگیراون و لێکۆڵینەوە لەگەڵیان بەردەوامە .

بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی هەولێر دەستگیرکردنی کەسێکی ڕاگەیاندووە کە تاوانبارە بەکوشتنی هاوژینەکەی خۆی لەنێو هۆتێلێکی هەولێر و دواتر لە بازگەی شێراوە دەستگیرکراوە.

ڕووداوەکە ڕۆژی ١٠-١٠-٢٠٢٠ ڕوویداوە و ئەو کەسەشی دەستگیرکراوە بە ڕەگەز عەرەبە. بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی هەولێر دەڵێت، «کاژێر ٥:٠٠ی بەیانی لە بازگەی شێراوەی ڕێگەی هەولێر - کەرکووک پاش گومانکردن لەسەرنشینێکی تاکسی بەناوی (عامر خچیر حەمادی) دەستگیرکراوە و هەمان ڕۆژیش لە کاژێر ٣:٣٠ خولەک بەرەبەیان هەڵساوە بە کوشتنی ژنەکەی بەناوی (هێلین خالید مستەفا) لەناو هۆتێلێکی شاری هەولێر و هەوڵی ڕاکردنی دابوو.»

ئاسایشی هەولێر ئاماژە بەوەش دەدات، دوای لێکۆڵینەوە دانی بە تاوانەکەیدا ناوە و «تیمەکانی لێکۆڵینەوە چوونە شوێنی ڕووداوەکە و تەرمی تاوانلێکراو لەناو ژووەکەیاندا دۆزیانەوە، تاوانبار بڕیە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە و بە مادەی (٤٠٦) یاسای سزادانی عیراقی بەند کرا.»

پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێزان، خانەوادەی حەمەدەمین خدر ئاغا بێشەیی،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری باڵەکایەتی(حەمەدەمین خدر ئاغا بێشەیی)مان بیست. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان و تەواوی خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای مەزن داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی شێخ سەدرەدین شێخ حوسێن،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری دەڤەری پشدەر و بیتوێن و کەسایەتی ناسراوی ساداتی کوردستان(شێخ سەدرەدین شێخ حوسێن) مان بیست. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو شێخ سەدرەدین شێخ حوسێن بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، شێخ کەمال شێخ محەمەد خەیلانی،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری ئاینی شاری هەولێر(شێخ کەمال شێخ محەمەد خەیلانی)مان بیست. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێزەکەتان و تەواوی خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامیش بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

انا لله و انا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

***

هەڤاڵی بەڕێز عەبدولخالق بابیری

خەمباربوویـن بـە بیستنی هەواڵـی کۆچـی دوایـی کەسـایەتی نیشـتمان پـەروەر و پێشمەرگەی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول خوالێخۆشبوو (حاجی عەبدولسەلام بابیری) ی باوکی بەڕێزتان. بـەو بۆنـە خەمناکەوە بەناوی خۆمان و هەڤاڵانی ئەنجوومەنی سـەرکردایەتی پارتیمانـەوە پرسـە و سەرەخۆشـی ئاراسـتەی بەڕێزتـان و خانـەوادە تێکۆشـەرەکەتان و کەسـوکار و ئاشنایانتان دەکەیـن و هاوبەشـی خـەم و پەژارەتانیـن. لەخـوای گـەورە داواکاریـن سـەبوری و دڵنەوایـی بـە هەمووڵایـەک ببەخشـێت و گیانـی خوالێخۆشبوویش بـە بەهەشـتی بەریـن شـادبکات..

.....

بەڕێزان خانەوادەی نەوزاد سابیر

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری شاری سلێمانی، کادیری دڵسۆز و ئەندامی لقی چواری پارتیمان، هەڤاڵ (نـەوزاد سابیر) ناسراو بـە (مام نـەوزاد) مـان پێگەیشت. بـەو بۆنـە خەمناکـەوە پرسـە و سەرەخۆشـی ئاراسـتەی ئێـوەی بەڕێـز و کەسـوکار و بنەماڵـە تێکۆشـەرەکەتان دەکەیـن و هاوبەشـی خەمتانیـن. لەخـودای گـەورە داواکاریـن دڵنەوایی و ئارامی بـە هەمـوو لایـەک ببەخشـێت و گیانـی هەڤاڵی کۆچکردووییش بـە بەهەشتی بەریـن شـاد بـکات..

انا لله وانا الیه راجعون

مەکتەبی سیاسی

پارتی دیموکراتی کوردستان

***

برایانی بەڕێز شێخ فازڵ و شێخ فاتح

بەداخـەوە هەواڵـی کۆچی دوایـی خوشـکی بەڕێزتانمان پێگەیشـت، بـەم بۆنـە خەمناکـەوە، بـەناوی خـۆم و ڕۆژنامەنـووس و کارمەندانـی ڕۆژنامەکەمانـەوە سەرەخۆشـیتان لـێ دەکەیـن، لـە خـوای گـەورە داواکاریـن خوالێخۆشبوو بـە بەهەشـت شـادبکات و سـەبر و ئارامـی بەئێـوە و خانـەوادە و کەسـوکار ببەخشـێت و دوا کۆسـتتان بێـت.

انا لله و انا الیه راجعون

سەلام عەبدوڵڵا

سەرنووسەری خەبات



پشکنینی سالانەی ئۆتۆمبێل PVI لە نێوان کۆمپانیا و شوفێراندا

هەژار عەبدوڵڵا:

لەوەتەی پشکنینی ئۆتۆمبێل PVI دامەزراوە ڕووداوەکانی هاتووچۆ ڕووی لە کەمبوونەوە کردووە



خەبات: فاتیح بەرزنجی



تاریق زیاد: ئەگەر نمرەی دەرچوونی ئۆتۆمبێل لە 65٪ کەمتر بێت، دەبێ شوفێر ئۆتۆمبێلەکەی چاکبکاتەوە

تووندوتۆڵی ئۆتومبێل بە یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی پاراستنی گیانی شوفێران و سەرنشینانی ئۆتومبێل دەژمێردرێت و لەسەر شوفێرانیش پێویستە هەوڵی تووندوتۆڵی ئۆتومبێلەکانیان بدەن تا دووچاری ڕووداوەکانی هاتوچۆ نەبن. بە گوتەی هەژار عەبدوڵڵا شێخ محەمەد لەوەتەی ئەو کۆمپانیایە (pvl) لەکوردستان دامەزراوە ڕووداوەکانی هاتوچۆ ڕووی لە کەم بوونەوە کردووە. بەڵام هاووڵاتیان بە پێچەوانەوە پێبانوایە هیچ کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ نەبووە.

هەژار عەبدوڵڵا شێخ محەمەد جێگری بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای (pvl) لە کوردستان دەڵێت: کۆمپانیاکەمان شەش لقی هەیە و سێ لقی ئەو کۆمپانیایە لە هەولێرەو لقی یەکەم کەوتۆتەسەر ڕێگای هەولێر- گوێڕو لقێکی دیکەشیان کەوتۆتە گەڕەکی 32ی پارک و لقی سێیەمیش کەوتۆتە کەسنەزان و لقێکی ئەو کۆمپانیایە کەوتۆتە شارۆچکەی ئاکرێ و دوو لقیش لە شاری دهۆک و لەشارۆچکەی سۆرانیش لقێکی ئەو سەنتەرەمان هەیەو پشکنین بۆ هەموو ئوتومبێلێک دەکەین بە هەردوو جۆری ئوتومبێلی کاتیی و تابلۆ واتا ژمارەو مەنفەیست، هەردوو لقی گوێڕو کەسنەزان کار بۆ ئەو ئوتومبێلانە دەکات کە تابلۆکانیان ژمارە بێت و لقی 32 پارکیش بۆ ئوتومبێلی کاتی کار دەکات.

زیاتر لە 88 جۆرە پشکنین بۆ ئوتومبێل دەکرێت

جێگری بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای پشکنینی سالانەی ئوتومبێل دەربارەی چۆنیەتی پشکنینی ئوتومبێل بۆ خەبات ڕوونیکردەوە: دامەزراندنی ئەو کۆمپانیایە لە کوردستان زۆر گرنگ و بایەخدار بوو، لە ووڵاتانی دونیا چەندین ساڵە هەیە بەپێی ستانداردی پێشکەوتووی نێودەوڵەتی کاری کردووەو دەبووایە لەهەرێمی کوردستانیش ئەو جۆرە کۆمپانیایە هەبووایە، ئەوەبوو بەهەوڵ و هیممەتی دڵسۆزان و لایەنی پەیوەندیدار توانرا لەکوردستانیش کۆمپانیای پشکنینی سالانەی ئوتومبێل بکرێتەوە و لەوەتەی ئەو کۆمپانیایە لە شارەکانی کوردستان کراوەتەوە ڕووداوەکانی ئوتومبێل ڕووی لە کەم بوونەوە کردووەو ئەو ئوتومبێلانەی کە دێنە ناو هەرێمی کوردستان ئەو جۆرە ئوتومبێلانەبن، کە نەڕۆیشتوو بن واتا سفر کیلۆ مەتر بێت لەگەڵ ئوتومبێلی بەکارهاتوو کلین تایتڵ بێت، ئەو جۆرە ئوتومبێلانەن کە لێدرانیان نەبێت ئەگەر لێدرانی هەبێت نەگەیشتبێتە شاسی ئوتومبێلەکەو شاسی ئوتومبێلەکە خوار نەبووبێتەوە یاخود سەقفی ئوتومبێل و توکمەکانی تەنیشت ئوتومبێلی نەگرتبێتەوە بەو مەرجانەی کە وەزارەتی ناوخۆ داینەاوە، چونکە ئەو مەرجانەی کە دانراوە لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و سەلامەتی هاووڵاتیانەو ئەو ئوتومبێلانەی کە لەدوای ڕۆژی 2020/1/1 هاتوون هەموویان کلین تایتڵن و پشکنینیان بۆ ئەنجام دەدرێت و بەم دواییانەش بە بڕیاری وەزیری ناوخۆی هەرێم بۆ ئەو ئوتومبیلانە دەرچوو کە هەندێ کێشەیان هەبوو لەوانە هەندێکیان بڕابوونەوە بەهاوکاری ئێمەو بڕادەرانی هاتوچۆ تەنسیقیان کرد تا ئەو ئوتومبیلانەی کە زیانی زۆریان هەبوو ئەو جۆرە ئوتومبیلانەمان داخل نەکردو ڕەتکرانەوە.

ئوتومبێلی کوالیتی نزم نایەتە کوردستان

هەژار عەبدوڵڵا جێگری بەڕێوەبەری گشتی پشکنینی ئوتومبێل دەربارەی کوالیتی ئەو ئوتومبێلانەی کە ئێستا دێنە کوردستان گوتی: ئەو ئوتومبێلانەی کە ئێستا دێنە کوردستان کۆمپانیای (سی ئۆ سی) پشکنین بۆ هەموویان دەکات لەدەرەوەی وڵات بەرلەوەی کە داخیل بکرێن لە دەروازەکان، دوای هاتنە ناوەوەی کوردستان ئەو ئوتومبێلانە دەبێ بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆ و بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی هەولێر بێت، ئینجا دێت، دواتر ئەو ئوتومبێلانە دێنە کۆمپانیاو لەلای ئێمەش تووندوتۆڵی ئوتومبێلەکان و پشکنینیان بۆ ئەنجام دەدەین و هەموو ئەو ئوتومبێلانەی کە لەلایەن کۆمپانیاکانی ئوتومبێل دێنە کوردستان کوالیتیان بەرزەو لەلای ئێمە هەموو ئوتومبێلێک 88 جۆرە پشکنینیان بۆ ئەنجام دەدرێت و لەوەتەی کە کۆمپانیاکە دەست بەکاربووە، ڕووداوەکانیش کەم بۆتەوەو هەر ئوتومبێلێکی ڕۆیشتوو کەموکوڕی تیاهەبێت،پێویستە بەڕێکوپێکی چاکی بکاتەوەو ئینجا بێتەوە بۆ پشکنین و پشکنینەکان پلەیان لەسەرەو هەر کەموکوڕیەک پلەی لەسەرە، ئەگەر لە هەر شۆبێکی ئوتومبێلەکە کەموکوڕی هەبێت و شوفێر چاکی نەکات ئەوا پلەی لێ دەشکێت ئوتومبێل هەبووە تا سێ جار کەموکوڕییەکەی چاک نەکردۆتەوە لەپشکنین دەرنەچووە، تا بەجوانی ئوتومبێلەکە چاک نەکاتەوە لە پشکنینی لای ئێمە دەرناچێت و داوا لەشوفێران دەکەین، کە پەنا بۆ ڕۆتین نەبەن و بەهەقی خۆی لە پشکنین دەربچێت باشترە، لەوەی کە پەنا بۆ ڕۆتین ببات، ئەو هەموو پشکنینە لەپێناو سەلامەتی شوفێرانەو داوایان لێ دەکەین کە ئوتومبێلەکانیان ببەنە لای باشترین وەستای چاککردنەوەی ئوتومبێل تا لەپشکنینی سالانەی ئوتومبێل دەربچن، بەتایبەتی لە بەشی هاندبرێک، چونکە بڕێک زۆر گرنگەو هەندێک فیتەر هەن ناتوانن چاکی بکەنەوە، بۆیە ئێمە دەیانگێڕینەوە بۆ لای وەستای هاندبرێک تا بەجوانی چاکی دەکەنەوە، هەتا کەموکوڕی لە ئوتومبێلەکان هەبێت لە پشکنین بە هیچ جۆرێک دەرناچن.

پشکنین بە پێی ستانداردی پێشکەوتوو

دواتر سەردانی بەشەکانی پشکنینی ئوتومبێلمان کردو لەوێدا تاریق زیاد بەرپرسی مەشق و ڕاهێنان لە کۆمپانیای پشکنینی سالانەی ئوتومبێل ڕوونیکردەوە: ئەو ئوتومبێلانەی کە دێنە لای ئێمە بۆ پشکنین پاش ئەنجامدانی پشکنین لەلایەن هاتوچۆ ئینجا دێتەلای ئێمەو هەموو جۆرە پشکنینێکی بۆ ئەنجام دەدەین بە پێشکەتووترین ئامێرو بەدوو بڕگە کاریان بۆ دەکرێت، بڕگەی سپی و بڕگەی سوور وەک پشتێنی سەلامەتی و گلۆپ و فلچەکان و ژێرەوەی ئوتومبێل و هاند بریک و ئیستۆپ و هەموو بەشەکانی ئوتومبێل پشکنینی بۆ دەکرێت و لە هەر بەشێکی ئوتومبێلەکە کەموکوڕی هەبێت ئەوا لەسەر خاوەنی ئوتومبێلەکەیە کەموکوڕیەکان چاک بکاتەوەو کۆی گشتی پشکنینەکان نمرەی لەسەرەو بریتییە لە 100 نمرە، ئەو 100 نمرەیە دابەشی سەر بڕگە سپیەکان دەبێت و بڕگە سووورەکان هیچ نمرەکیان نییەو بڕگە سپیەکان نابێ لە 65 پلە کەمتربێت و هەرچەندەی ئوتومبێلەکەنمرەی زیاتر بەدەست بێنێ بۆ خاوەنەکەی باشترە، بەڵام ئەگەر نمرەکەی لە 65 کەمتر بەدەست بهێنێ دەبێت یەکێک لە بڕگە سپیەکان چاک بکاتەوە.

گوتیشی: شوفێران نابێ لە دڵیان گران بێت ئەگەر هاتوو نمرەکانیان لە 65 نمرە کەمتر بێت و ماندوو بن بۆ چاککردنەوەی ئوتومبێلەکانیان ئەو کارەی کە ئێمە ئەنجامی دەدەین لە پێناو پاراستنی سەرو مالّ و گیانی هاووڵاتیانەو ئامانجی ئێمە خزمەتکرنی ئەوانە، ئەوانەیش کە لێرە کار دەکەن کەسانی شارەزان وەک ئەندازیارو دەرچووی پەیانگاو دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی و دەرچووی بەشی ئوتومبێل، بەر لەوەی وەربگیرێن جۆرەها تاقیکردنەوەیان لەسەر ئوتومبێل پێ دەکرێت بە هەردوو تاقیکردنەوەی تیۆری و پراکتیکی، بۆ دامەزراندنی ئەو کەسانەش لیژنەی تایبەتمەندمان هەیە و دواتر بەشداری خولێکی چڕ دەکەن لەسەر ئوتومبێل و بەچەندین فلتەر دا تێپەڕ دەبن، ئەوانەن کە پشکنین بۆ ئوتومبێل دەکەن و کارەکان بەبێ جیاکاری ئەنجام دەدرێت، داواش لە شوفێران دەکەین هەر کەسەردانی ئێمە دەکەن پێویستە پابەندی مەرج و ڕێنماییەکانی تووندوتۆڵی ئوتومبێلەکانیان بن و داوایان لێ دەکەین کە ئامێری ئاگر کوژێنەوە لەناو ئوتومبێلەکانیاندا هەبێت و لەیەکتری وەرنەگرن لەکاتی پشکنین، چونکە زۆر بەسوودە بۆ حاڵەتی ڕووداوی ئاگر کەوتنەوەو زوو کوژاندنەوەی ئوتومبێلەکان.

هاووڵاتیان گلەییان هەیە

لەبەرانبەر قسەکانی کۆمپانیای پشکنینی ئۆتۆمبێل، ژمارەیەک هاووڵاتی قسەی دیکەیان هەیە، محەمەد مەولود شوفێرێکی شاری هەولێرەو دەڵێت: ڕاست نییە کە دەگوترێت ئەو کۆمپانیایە وایکردووە ڕووداوی هاتوچۆ کەمتر بووبێتەوە، لە ڕاستیشدا ڕووداوەکان کەمتر نەبوونەتەوە، ئەوەتا ڕۆژانە دەیان ڕووداوی هاتوچۆ هەن و زیانی گیانی و ماڵی بەر هاووڵاتیان دەکەوێت.

ئەسعەد سەعید شوفێری تاکسی بوو لە شەقامێکی هەولێر قسەی بۆ کردین و دەڵێت: بەڕای من ئەو کۆمپانیایە گرنگە هەبێت، بەڵام قەرەبالّغییەکی یەکجار زۆر لە لقەکانی کۆمپانیاکە هەیە و هەر ساڵێک کە دەچم بۆ پشکنین دەبێ بەلایەنی کەمەوە ڕۆژێکی کارەکەم لەدەست بدەم، داوایان لێدەکەم کارئاسانی بۆ خەڵک بکەن و ڕۆتینیات نەهێلن.

سەرتیپ بەرزنجی شوفێری ئۆتۆمبێلێکی تایبەت بوو بۆ خەبات گوتی: بە چ پێوەرێک ڕووداوی هاتوچۆ کەمبۆتەوە؟ ئەو کۆمپانیایانە تەنیا بۆ مەبەستی بازرگانیکردن دامەزراون، بەڵێ تووندوتۆڵی ئۆتۆمبێل گرنگە و زۆریش باشە، بەڵام پێویستە حکوومەت خۆی ئەو کارە بکات نەک کۆمپانیای کەرتی تایبەت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بڕە پارەی وەردەگیرێت زۆرە و دەبێ کەمبکرێتەوە، بە تایبەتیش لەم بارودۆخە سەختەی ئێستادا.

ئەو هاووڵاتییە دەشڵێت: مەرج نییە هۆکاری ڕووداوەکانی هاتوچۆ هەمووی بەهۆی کوالیتی و تووندوتۆڵی ئۆتۆمبێل بێت، ولاتی ئێران خراپترین جۆری ئۆتۆمبێلی هەیە و ڕووداوەکانی هاتوچۆش ئەوەندە زۆرنین، هۆکاری سەرەکی ڕووداوەکانی هاتوچۆ شوفێران خۆیانن، هەندێک شوفێر لەم ووڵاتەی ئێمە گوێ بە هیچێک لە ڕێنماییەکانی هاتوچۆ نادەن، ئەگینا نە ڕێگاوبانی ئێمە بەوجۆرە وێرانەیە و نە ئۆتۆمبێلەکانیش ئەوەندە بێ کوالیتی و خراپن.




هاووڵاتییەک: ڕاست نییە کە دەگوترێت بەهۆی ئەم کۆمپانیایەوە ڕووداوی هاتوچۆ کەمبۆتەوە



سەرۆك مسعود بارزانی:

قارەمانییەتی شەهید ڕەزا شیرەیی پێویستە وەک نموونە باس بکرێت

لە یادی 46 ساڵەی تۆمارکردنی داستانی کەپکی حەمەدئاغا



دوای تۆمار کردنی داستانی کەپکی حەمەدئاغا بە بروسکەی بارزانیی نەمر دەستخۆشی لە بەشداربووەکانی داستانەکە کرا و پلەی قارەمانی داستانەکە شەهید ڕەزا شیرەیی لە سەرپەلەوە کرا بە سەر لق و خەڵات کرا بە بۆنەی شکاندنی دەبابەی داگیرکەرانەوە.

شەهید ڕەزا شیرەیی یەکەم پێشمەرگە بووە لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول کە توانیویەتی دەبابەی ڕژێم بشکێنێت.

لە 1979-10-20 لە کەمینێکدا شەهیدی فەرماندە ڕەزا شیرەیی لە پێنجەمین ساڵیادی تۆمارکردنی داستانی کەپکی حەمەدئاغا شەهید کرا

41 ساڵەی شەهید بوونی فەرماندە ڕەزا شیرەیی

ڕۆڵی شەهیدی فەرماندە ڕەزا شیرەیی لە داستانی کەپکی حەمەدئاغا

خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی بەشی یەکەم

شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بە ڕابەرایەتیی «بارزانیی نەمر»ی باوك لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان بوو، ئەو شۆڕشە ئومێد و هیوای میللەتی کوردستان بوو، پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان بە ڕابەرایەتیی بارزانیی نەمر گەورەترین زەربەیان لە دوژمن دا و هەتا سەدان داستانی پرسەروەریان تۆمار کرد، یەکێك لەو داستانانەی کە زۆر ناوبانگی هەبووە کە ئەویش ئەمڕۆ کە یادی 46 ساڵەی ئەو داستانە دەکەینەوە، ئەویش داستانی خۆڕاگریی کەپکی حەمەدئاغایە (20-10-1974). ئەو داستانە مێژوویی کە هەرگیز لە بیر ناچێتەوە کە پێشمەرگە قارەمانەکانی ڕێبازی بارزانیی نەمر لە هەلومەرجێکی دژوار دا ئەو داستانەیان تۆمار کرد، لە کاتێکدا ڕژێمی عێراق لە ڕێککەوتنامەی 11ی ئادار پەشیمان بووەوە و بەمەبەستی لە ناوبردنی گەلی کورد بە هەموو هێزێکەوە شەڕی لە دژی گەلی کوردستان دەست پێ کردەوە، بەڵام پێشمەرگە گیانفیداکانی کوردستان هەموو گیان لەسەردەست بەرگرییان لە بست بستی خاکی کوردستان کرد. ڕۆژی 20-10-1974 هەر لەم پێوەندییەدا لە هەولێر بە پێویستمان زانی سەردانی خانەوادەی شەهیدی فەرماندە ڕەزا شیرەیی بکەین و بیروەرییەکانی ئەو شەهیدە و ڕۆڵی قارەمانییەتی لەو داستانە بخەینەڕوو، هەرچەند نزیکەی 2 مانگ دەبوو یەکێك لە کوڕەکانی شەهید ڕەزا (ڕەسول ڕەزا شیرەیی) کە پێشمەرگە بوو بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردبوو.

دایکە (زەینەب ڕەسول فەقی حوسێن) هاوسەری شەهیدی فەرماندە(ڕەزا شیرەیی)ماندووبوونێکی زۆری کێشاوە لە سەردەمی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول هاوشانی هاوسەرە پێشمەرگەکەی و هەروەها دوای شەهید بوونی هاوسەری زۆر بەسەختی ژیانی گوزەراندووە، کە 2 کوڕ و 4 کچی بۆ نیشتمان بەجێهێشتووە، دایکە زەینەب لەگەڵ کوڕەکەی واتا عەقید محێدین ڕەزا شیرەیی ژیان دەباتە سەر، عەقید محێدین ئەفسەر و بەرپرسی بەشی حەرەکاتی فەرماندەیی سەفینە، سوپاسی ئێمەیان کرد بۆ بەسەرکردنەوەیان و منیش سڵاوی ڕۆژنامەی خەباتم پێڕاگەیاندن:

• عەقید (محێدین ڕەزا) کوڕی شەهیدی فەرماندە(ڕەزا شیرەیی) بەمشێوەیە باسی خەباتی باوکی کرد:

باوکی شەهیدم لە تەمەنی لاوییەتی هزری کوردایەتی لە ناخی دڵیدا بوو، ساڵی 1959 باوکم لە تەمەنی 18 ساڵی کە بە زۆرەملێ لە لایەن ڕژێمی عێراق کرا بە سەرباز و ڕەوانەی حوبانیەی خواروو بەغدا کرا، هەروەها لە ماوەی 2 ساڵ خولی پەرەشوتەوانی واتە خۆهەڵدان لە فڕۆکە تەواو دەکات و پلەی ڕەئیس عورەفا سریەی پێدەدرێ و ساڵی 1961 پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات لەگەڵ 2 هاوڕێی کە یەکێکیان کوردی ئێزدی بوو، ئەوی دیکە کوردی خانەقین بوو کە بەردەام بوون لە کاری حیزبی کە ئەوکاتە حکوومەتی عێراق بە کاری تەنزیماتی دەزانی، تا وەکو شەوێك یەکێك لە هاوڕێکانی دەستگیر دەکرێ و شەوی دواتر ئەویتریشیان دەستگیر دەکرێ و باوکم بە حوکمی ئەوەی عەرەبی دەزانی لە ڕێگای یەکێك لە زابتەکان کە زۆر برادەری بووە باوکم ئاگادار دەکرێتەوە کە ئەم شەو ئەویش دەستگیر دەکرێ ئەگەڕ لێرە نەڕوا، هەروەها پێی دەڵێ کە هەر ئێستا من مۆڵەتت بۆ دەکەم بۆ ئەوەی لە سەیتەرەکان کێشەت بۆ دروست نەکەن، چونکە تۆ برادەرمی و خۆشم دەوێی، بەو شێوەیە باوکم دەرباز دەبێ و دەگەڕێتەوە شاری هەولێر، پاشان بۆ گوندی خۆی شیرە. ساڵی 1962باوکم دەبێ بە پێشمەرگە لە لای حاجی عەبدولڕەحمان شێخۆ وەسانی کە ئەوکات سەرلق بووە و مەقەڕیان لە گوندی باویان لە نزیك شارۆچکەی هەریر بوو.

• عەقید (محێدین ڕەزا شیرەیی) لە بارەی ڕۆڵی باوکی لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و قارەمانیەتی چەندەها داستان کە لە هاوسەنگەرانی باوکی بیستووە، گوتی:

باوکم ساڵی 1963 دەگوازرێتەوە بۆ دەشتی کۆیە بۆ لای موقەدەم عەزیز ئاکرەیی، کە لەوێدا بەشداری لە شەڕەکانی هەیبەت سوڵتان دەکا کە ڕۆڵێکی زۆری هەبووە و هەروەها لە شەڕی گوندی حاجی قەرا لە دەشتی کۆیە کە باوکم وەك قارەمانێك ڕۆڵی دەبێت و لە بەر ئازایەتی لەو شەڕەدا فەرماندە موقەدەم عەزیز ئاکرەیی باوکم خەڵات دەکات، ساڵی 1965بەشداری لە شەڕێکی زۆر قورس دەکات لە چیای کۆڕەك وەك هاوسەنگەرانی باوکم بۆ من باس دەکەن هەر شۆنێك پێویست بووبێ باوکمیان ناردووە بۆ ئەو شوێنە، هەروەها سەرکەوتنێکی زۆر مەزنی تۆمار کردووە، ساڵی 1966 باوکم دەگوازرێتەوە بۆ دەڤەری ڕانیە و پشدەر بۆ لای مولازم تاریق، هەر لەوێش بەشداری لە شەڕی کێوەڕەش دەکەن کە باوکم دەورێکی باڵای هەبووە کە ڕژێمی بەعس بەفڕۆکە تیراب دەرژێنێ بەسەر پێشمەرگەدا لە بەرەی شەڕ، لەبەر ئەوەی باوکم دەوری باشی هەبووە، مولازم تاریق باوکم خەڵات دەکات و بە پێشمەرگەیەکی لێهاتوو و قارەمان وەسفی دەکات. ساڵی 1968 بەشداری لە شەڕی گەورەی هیزۆپ و چنارۆك دەکەن کە شەڕێکی خوێناوی دەبێت و گورزێکی باش لە ڕژێمی بەعس دەدەن، هاوسەنگەرانی باوکم کە بەشدار بوون لەو شەڕانە زۆر بەسەرسامییەوە باسی قارەمانییەتی باوکی شەهیدم دەکەن کە دەورێکی سەرەکی بینیوە کە باوکم هەموو ئاواتی خزمەتکردن بەڕێبازی پیرۆزی بارزانیی نەمر بووە، هەتا لەگەڵ مولازم تاریق بەشداری شەرەکانی لای سلێمانی کردووە و دواتر بەشداری شەڕی چیای سەفین دەکات کە ئەو شەڕە بە فەرماندەیی ڕەشید سندی بوو کە ڕۆڵی هەبووە و دواتر ساڵی 1969باوکم دەچێتە هێزی بێتواتە کە ئامرهێزی شەهیدی فەرماندە عەلی شەعبان بووە و بوویە متمانەی ئەو هێزە و بەشداری لە شەڕەکانی چیای شیشار و چیای مامۆك و شەڕێك لە سەرچاوی گوندی کەلەلێکن سپیلك کە ئەو شەڕە بەسەرپەرشتی شەهید ڕەفیق نێوەیی بووە کە باوکم «عەدە» قازیفە بووە و دواتر دەگوازرێتەوە بەتالیۆنی2ی هێزی بێتواتە کە شەهیدی فەرماندە تانجۆ یونس ئامربەتالیۆنەکە بووە، هەروەها بەشداری لە شەڕی گۆربەشیلانە و بناری هەریر و گولەك دەکات و لە شەڕێکی پارتیزانی لە ژێر فەرماندەیی شەهید تانجۆ یونس و بەئامادەبوونی چەند ڕۆژنامەنووسێکی بیانی لە ڕێگەی سپیلك لە قافڵەیەکی سەربازی دەدەن کە دەبابە و دوونافیلە و دوو ئیڤاری پڕ لە سەرباز بووە، باوکم شەهید ڕەزا شیرەیی بە ئارپیچی ڕۆڵێکی چاوەڕوان نەکراو دەگێڕێت و زەبرێکی کوشندە دەوەشێنن لە دوژمن و ڕۆژنامەنووسەکانی بیانی دیداری لەگەڵ دەکەن و چەند وێنەیەکی دەگرن کە شەهیدی فەرماندە مام تانجۆ یونس باسی ئەو شەڕە قارەمانانەیەی باوکمی کرد.

• دواتر چاومان بە دایکە (زەینەب) هاوسەری شەهیدی فەرماندە ڕەزا شیرەیی کەوت، ئەو ئافرەتە زۆر ماندووبووە بە شۆڕشەوە و بەمشێوە باسی بیرەوەرییەکانی هاوسەری شەهیدی کرد:

سوپاسی ڕۆژنامەکەتان دەکەم بۆ بەسەرکردنەوەی ئێمە، ئەمڕۆ یادی داستانی چیای کەپکی حەمەدئاغا دەکەینەوە کە 46 ساڵ لەمەوبەر ئەو داستانە لە سەردەستی پێشمەرگە تۆمار کرا لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و هەروەها هاوسەری شەهیدم یەکێك لەو قارەمانانەی داستانەکەیە، هەروەها لەبەر ئازایەتی لە لایەن فەرماندەی بەتالیۆن و خودی جەنابی بارزانیی نەمر خەڵات کرا و هەتا لە یادمانە کە خوالێخۆشبوو بارزان مەلا خالید لە ئێزگەی ڕادیۆی کوردستان باسی ئەو داستانەی کرد، هەروەها ئەمڕۆ لە کاتێکدا یادی ئەو داستانە دەکەینەوە کە دوای 5 ساڵ لە تۆمار کردنی ئەو داستانە هاوسەرم لە شۆڕشی گوڵان لە ڕۆژی 20-10-1979 بەپیلانێکی داڕێژراو دوای چەند جار هەوڵدان بۆ تیرۆرکردنی لە لایەن کۆمەڵێك ناپاکی نیشتمان باسی چ بکەم، هاوسەری شەهیدم ڕەزا شیرەیی پیاوێکی دڵسۆز و پێشمەرگەیەکی گیانفیدا بۆ خاك و نیشتمان و ڕێبازەکەی بوو، لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ژیانی هاوسەرگیریم پێکهێنا، ئەو هەموو کات لە شاخ بوو بۆ بەرگریکردن لە کوردستان، هەموو کاتێك خۆی بە خزمەتکاری ڕێبازی بارزانیی نەمر دەزانی، هەموو کاتێك ڕەخت و چەکی لە شان بوو، پێشمەرگە و فەرماندەیەکی بەتەواو مەعنا خۆشەویست بۆ هاوسەنگەرانی بوو، هەموو کاتێك دەیگوت: من بروای تەواوم بە ڕابەری کوردستان سەرۆك بارزانی هەیە کە شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی بەرپا کرد کە دڕێژەپێدەری شۆڕشەکانی تر بووە بۆ ئاواتەکانی کوردستان، دەتوانن بۆخۆتان سەردانی دەیان هاوسەنگەری لە هەموو شوێنەکانی کوردستان و بەتایبەتی هێزی بێتواتە بە فەرماندەیی ئەوکاتی شەهید عەلی شەعبان و شەهید مام تانجۆ بارزانی فەرماندەی بەتالیۆنی 2 بکەن کە هاوسەرم لەگەڵیدا بووە، بپرسن کە بەڕاستی هاوسەرم چ قارەمان و گیانفیدا و تێکۆشەرێك بووە بۆ ڕێبازی بارزانیی نەمر، هاوسەرم هەموکات هانی جەماوەری دەدا کە تەنها خزمەت بە پارتی و بارزانی بکەن. کەسێکی خۆشەویست بووە لە لایەن فەرماندەکان و کادیر و پێشمەرگەکان بە تایبەتی سەرکردایەتی و کەسێکی خۆڕاگر بووە لەکاتی جەبهەدا، جاری وا هەبووە بە شەش مانگ یان زیاتر لە واجب بووە، ئەمەش لە بەر دڵسۆزی بۆ ڕێبازەکەی و لە یادمە هەر کاتێك کە دەهاتەوە ماڵی ئێمە ماڵی پێشمەرگەکان بوو و هەتا لە کاتی چوونی بە منی دەگوت تەنها هیوایەتم خزمەتکردن بە پارتی و بارزانی و داوایەکەم هەیە ئەگەر لەو ڕێگایە شەهید بم شەرەفە و تۆ تەنها دەبێ مندااڵەکانم فێری خۆشەویستی ئەو ڕێبازە بکەی. هاوسەرەکەم شەهید ڕەزا شیرەیی مرۆڤێکی تێکۆشەر بوو و هیچ کاتێك حەزی نەدەکرد پێشمەرگە و دۆستەکانی کە لەگەڵیدا بوون بە جێبهێڵێت و حەزی لە پلە و پایە نەبوو و زۆر کەسێکی خاکی و خاکەڕا بوو، زۆرجار پێمان دەگوت بۆ چی ئەوەندە لە جەبهە دەمێنیتەوە، دەیگوت حەز دەکەم لەگەڵ پێشمەرگە و هاوسەنگەرانمدا بم بە مردن و ژینم. کەم دەگەڕایەوە و لە لایەن خزمەکانییەوە وەك برا گەورەی بنەماڵەی دەستنیشانکرا بوو، بۆیە دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی چارەسەر کردووە. لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول هاوسەرەکەم قارەمانێکی ناسراو و زۆر خۆشەویست بووە، پێشمەرگە و فەرماندەیەکی ناسراو بوو لە زاخۆ هەتا خانەقین. لە لای جەنابی ڕابەری نەتەوەیی کورد بارزانیی نەمر و سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی جێی متمانە و باوەڕپێکراو بووە. ئێمەی ئافرەتانی دەڤەری باڵیسان و خۆشناوەتی خزمەتمان بە پێشمەرگە دەکرد لە ڕووی خواردن و پێداویستییەکانی دیکە بۆ بەرەکانی شەڕ.



لە 1974/10/20 تێکشاندنی تانکێکی دوژمن لە چیای بەنی هەریر لەلایەن شەهیدی فەرماندە ڕەزا شیرەیی و هەڤاڵەکانی.


پێشمەرگە لە سەنگەردان بۆ بەرگری کردن لە خاك و شکۆمەندی خەڵکی کوردستان/ پردێ 19ی ئۆکتۆبەر 2017


خۆ ئامادە کردنی پێشمەرگە بۆ رووبەروو بوونەوەی داگیرکەرانی کوردستان/پردێ 19ی ئۆکتۆبەر 2017

سێیەم ساڵیادی داستانی پردێ

داستانی پردێ... رۆژی گەڕاندنەوەی شکۆمەندیی گەل بوو



کاروان محەمەد سینو

خیانەتی رۆژی 16ی ئۆکتۆبەری2017 لەسەر دەستی تاقمێکی خیانەتکار و کاڵفام و خاك فرۆش بەڕادەست کردنی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بووە ئەگەری شکاندیی شکۆمەندی تەواوی خەڵکی کوردستان و تەواو ئەزموونی هەرێمی کوردستانیان خستە ژێر رکێفی رژێمی داگیرکەر و عەقڵیەتی شۆڤینی تایفەگەری و میلیشیا و چەکدارانی سەر بە ئەجندا ئەقلیمییەکان. هەڵبەت ئەگەر ئەو رێکەوتنەی تاقمی خیانەتکار و کاڵفام و خاك فرۆش نەبوایە، هەرگیز رژێمی عێراق و ئەجندای داگیرکەران جورئەتی ئەوەیان نەدەبوو هێرش بکەنەسەر کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و ئەوسا دۆستانی خەڵکی کوردستانیش پشتگیرییان لە ریفراندۆم و هەڵوێست و ئیرادە و بڕیاری خەڵکی کوردستانیان دەکرد. هەروەها ئەگەر خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 نەبوایە، چەند رۆژی ڕابردوو (17ی ئۆکتۆبەری 2020) ئاڵای کوردستان لە بەغدا نەدەسوتێنرا و بارەگای پارتی کە پارتێکی پێشڕەو و بەرگریکاری ماف و خواستەدەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان لە بەغدا نەدەسووتێنرا و سوکایەتی بە بەهابەرزەکانی گەلی کورد نەدەکرا.

پاش خیانەتکاری 16ی ئۆکتۆبەر، لە 20ی10ی2017 (واتا دوای چوار رۆژ لە خیانەتکارییەکە) لەرۆژێکی وەکو ئەمڕۆدا، خەبات و فیداکاری و بەرخودانی پێشمەرگە قارەمانەکانی پارتی و بارزانی لەشەڕ و داستانێکی کەم وێنەدا کە شەڕی مان و نەمان بوو هاوشێوەی شەڕ و داستانەکانی (زۆزك و هەندرین، گەلی زاویتە و قەنتارا،لۆمان و کۆڕێ و..و..هتد) کە بەدرێژایی مێژوو لەسەر دەستی پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی تۆمار کراون. شەڕی(پردێ)ش بووە رۆژ و داستانی گەراندنەوەی شکۆمەندی خەڵکی کوردستان و لە تۆماری مێژووی خەباتی بزاڤی رزگاری خوازی کوردستان و پارتی و بارزانی بۆ هەتا هەتا تۆمارکرا .


خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 تەنها خیانەت و فرۆشتنی کەرکووك نەبوو، بەڵکو 16ی ئۆکتۆبەر خیانەت بوو لە خەباتی سەدساڵەی بزاڤی رزگاری خوازی کوردستان لە هەموو پارچەکانی کوردستان، چونکە تەواوی خەڵکی کوردستان لە باکور و باشور و رۆژهەڵات و رۆژئاوا، بە چاوێکی پڕ لە هیوا و ئاوات و نزیکبوونەوە دەیان ڕوانییە هاتنەدی خەونی سەربەخۆیی کوردستان. کەچی ئەوتاقمە کاڵفام و خاکفرۆش و خایانەتکارە، لە ڕێکەوتنێکی خیانەتکارانەدا شەقیان هەڵدا لە هەموو هیواو ئاواتەکانی خەڵکی کوردستان. ئەوەبوو رۆژی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 کاژمێر 8ی سەرلەبەیانی، چەکدار و میلیشیا شۆڤینی و تایفەگەرییەکانی رژێمی عێراق و بیانی بە هاوکاری ئەو تاقمە خیانەتکارە هاتنە نێو کەرکووکی دڵی کوردستان و لەوێشەوە بڕیار و پلانیان وابوو شارەکانی دیکەی کوردستان داگیر بکەن و کۆتایی بە ئەزموونی هەرێمی کوردستان بهێنن. بەڵام وەکو هەموجارێك پێشمەرگەی راستەقینەی کوردستان و ڕۆڵە بەئەمەکەکانی پارتی و بارزانی و خودی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی و نێچیرڤانی بارزانی و مەسرور بارزانی و هەموو سواچاکەکانی دیکەی بنەماڵەی بارزانی، شێرئاسا هاتنەدەنگ و چەکی شەرەف و کەرامەتیان کردەشان و لە پێشڕەوی هێزی پێشمەرگە گیان لەسەردەستەکانی کوردستان سەنگەری شەرەف و کەرامەتیان لە شارۆچکەی پردێ باکووری کەرکووك داکوتا و بەدروشمی «کوردستان یان نەمان»، سینگی خۆیان کردە قەڵغانی بەرگری و پارێزگاری خاك و خەڵکی کوردستان و بڕیارياندا بەهەر نرخێك بێت هەرێمی کوردستان بپارێزن.

شەری بەرگری و پارێزگاری لە کوردستان (داستانی پردێ)، بەرەبەریانی رۆژی 20ی ئۆکتۆبەری 2017 لە باکووری کەرکووك لە شارۆچکەی «پردێ» بە گوڕ و تینێکی زۆرەوە دەستی پێکرد بە بەکارهێنانی قورسترین چەك کە لەدەستی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی هەبوو، وەکو (دەبابەی ئەمریکی لە جۆری «ئەبرامز» و هەمەر و کاتیۆشا و تۆپ و هاوەن و دۆشکە ...هتد،بە پشتیوانی چاودێری سوپای وڵاتێکی ئەقلیم هەژموونداڕ لە عێراق. ئینجا پاش شەڕێکی دەستەو یەخە و قورس و بەهێزدا کە هەموو چەکێکی قورسی و بەهێزی سەردەمیانە تێیدا بەکارهات لە (دەبابە و زرێپۆش هامڤی و تۆپ خانە و کاتیۆشای (وڵاتێکی ئەقلیمی)، وێرای سوپای و پۆلیسی عێراق، ژمارەیەکی زۆری چەکدار و میلیشیا و چەتەی شۆڤینی و تایفەگەری بەشداری هێرشەکەبوون. پاش چەندین هێرش و هەوڵی داگیرکەرانە، بەڵام داگیرکەران هەموجار ڕووبەرووی قەڵغانی تووکمە و پۆڵاینی بەرگری پێشمەرگە دەبوونەوە و شکست دوای شکستایان دەخوارد. لە ئەنجامدا هێزەکانی داگیرکەر زەرە و زیانێکی زۆری مادیی و گیانییان لێکەوت کە لە پێشبینی و مەزندە ئەواندا نەبوو. دەبابەی پێشکەوتووی سوپای عێراق دەسکردی ئەمریکا لە جۆری (ئەبرامز) کە ئەمریکا بە سوپای عێراقی بەخشیبوو،لەسەر دەستی پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی سوتێنرا و ژمارەیەکی زۆری زرێپۆش و هەمەر و هەڵگری کاتیۆشا تێکشکان و ژمارەیەکی زۆری کوژرا و بریندارییان لێ کەوت. لە ئێوارەی هەمان ڕۆژ داگیرکەران ناچار دانیانا بە شکەستەکەی خۆیان هێنا و شەڕەکە بە سەرکەوتنی پێشمەرگە گیانفیداکانی کوردستان کۆتایی پێهات.

لەم داستانەدا بڕوابەخۆبوون و قارەمانێتی و لێهاتووی پێشمەرگە و سەرداری خودی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی لە شەڕەکەدا،ئەگەر و هۆکاری سەرەکی بوون لە سەرکەوتنی پێشمەرگە و شکاندنی داگیرکەر و میلیشیاکان و شکاندن و لەگۆڕنانی ڕێکەوتنی بەدەستەوەدانی کوردستان کە تاقمی خیانەتکاری 16ی ئۆکتۆبەر لە گەڵ ڕژێم و میلیشیاکان ئیمزایان کردبوو. ئەم سەرکەوتنەی پێشمەرگەی کوردستان بە ڕێنمایی و چاودێری ڕاستەوخۆی خودی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی، بووە ئەگەری گەڕاندنەوەی شکۆمەندی خەڵکی کوردستان و پاراستنی ئەزموونی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لە بەرامبەردایاش ئەو شکستەی لە داستانی شەڕی پردێ دووچاری هێزی داگیرکەر بووەوە، ناچاری کردن کەبەخۆدا بچنەوە و ملکەچی هێز و نەعرەتی شێرانەی پێشمەرگە ببن و هێرشەکەیان وەستاند و داوای گفتوگۆیان کرد. لە ئەنجامدا ئەم داستانە بێجگە لەوەی سەرکەوتنێکی مەزن و مێژووی بوو بۆ پێشمەگە ڕاستەقینەکانی کوردستان و پارتی و بارزانی، لەلایەکی دیکەوە ڕووڕەشی و شەرمەزاری مایەوە بۆ تاقمی خیانەتکار و کوردستان فرۆشانی 16ی ئەئۆکتۆبەری 2017.

لەسێیەم ساڵیادی سەرکەوتن هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە داستانی «پردێ»، ئێمە وەکو خەڵکی کوردستان سوپاسی سەرۆك بارزانی و تەواوی سواڕچاکانی بنەماڵەی بارزانی دەکەین کە سینگی خۆیان کردبووە قەڵغانی پاراستنی ئەزموونی هەرێمی کوردستان، سوپاسی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان دەکەین (ئەوانەی بەشداریان کردبوو لە داستانی پردێ و پاراستنی هەرێمی کوردستان)، سوپاسی پێشمەرگەکانی پارتی و بارزانی. هەروەها سوپاسی پێشمەرگەکانی ڕۆژ و ئازادی دەکەین و سوپاسی هەموو ئەو خۆبەخش و پۆلیس و ئاسایش و کارمەندانی تەندروستی و فریاکەوتن و سوپاسی هەموو خۆبەخشانی خەڵکی هەولێر دهۆك شار و شاروچەکانی کوردستان و ئەو قارەمانانە دەکەین کە بەهەر شێوەیەك لە شێوەکان بەشداریان کردبووە لە شەڕی مان و نەما (داستانی پردێ)... داستانی گەڕاندنەوەی سەروەری و شکۆمەندی خەڵکی کوردستان.

لەکۆتاییدا سەری ڕێز و نوازش دادەنوێنین بۆ شەهیدانی داستانی پردێ.... هەرشەکاوەبێت ئاڵای پیرۆزی کوردستان.



داستانە مێژوویەکەی (پردێ) پیلانی نەیارانی پووچەڵ کردەوە

وەیسی سەعید وەیسی

خیانەتەرەشەکەی 16ی ئۆکتۆبەری 2017 کە بەپێ پیلانێکی نەخشە بۆ کێشراوو بەپاڵپشتی چەند کەسێك لەناو لایەنێکی سیاسی خیانەت لەکوردستان کرا و بەشێك لەخاکی کوردستان رادەستی داگیرکەران کرا وهەوڵی لەناوبردنی قەوارەی دەستوری هەرێمی کوردستان دەدراخەلکی کوردستان دووچاری دۆخێکی ناخۆش ومەترسیداربووچونکە گەرئەم خیانەتەنەکراباجگەلەوەی بەشێکی هەرەگەورەی کوردستان لەدەستی هێزی پێشمەرگەدادەبوولەهەمان کاتیشدا کوردستان لەرەوشێکی تراددەبوو، بەڵام 16ی ئۆکتۆبەرخیانەتێکی بێ وێنەبوولەمێژووی گەلی کوردستان کەسەداپەنچای خاکی کوردستان لەدەست دراوبۆبەرژەوەندی چەندکەسێك هەرزانفرۆش کرا.بۆیەش تاهەتایە16ی ئۆکتۆبەر وەك لەکەیەکی ڕەش بەناوچەوانی ئەنجام دەرانی دەمێنێتەوە.بەڵام لەگەل گەورەی خیانەتەکەش شێرەکورانی بەوەفای ڕێبازی بارزانی نەمردەستەوەستان نەوەستان و لەسەنگەری بەرگری دا مانەوەو بەهەمان ئیرادەی داعش بەزێن وەلامێکی جەرگ بڕی داگیرکەران ونۆکەرانیان دایەوە لە یەکەمین داستانیشدا لە (پردێ) وپاشانیش لەسحێلاومحمودیەوتلسقۆف سنوریان بۆ خائین وخاك فرۆشان دانا وسەلماندیان ئیرادەی کوردستانیان پۆلاینە و هیچ کات گەرەو لەسەر تێکشکاندنیان ناکرێت بۆیەش داستانی (پردێ) وەك گەورەترین داستانی مقاومەت وگیانبازی دەمێنێتەوەوبەشکۆمەندیەوە ناوی لە لاپەرەکانی پرلە سەروەری مێژووی گەلەکەماندا تۆمار کرا کەلەم بەرواربەدا ڕێگانەدرا کوردستان لەناوبچێت وهەموگەلەکۆمەکییەکانیان پوچەل کرانەوە گەرناجگەلەخوای گەورەکەس نەی دەزانی چارەنوسی هەرێمی کوردستان چی دەبوو.لە هەمان کاتیشدا بووە سەرەتایەك بۆ گۆرینی هاوکێشەی سیاسی کەوای کرد ئیدی دوژمنان بیر لە داگیر کردنی کوردستان نەکەن،وەخاك فرۆشانیش تێگەیشتن کە ئیدی ڕێگە یان پێ نادرێت. گەرتەنهابەقەد ئەو بەرگرییەی لە (پردێ)کرا تەنیا بۆ چەند کاتژمێرێکیش لە کەرکوك و ناوچەکانی تر کرا با بەدڵنیایەوە ڕەوشە دەگۆڕا و داگیرکەران نەیان ئەتوانی بستێك لەخاکەان داگیر بکەن بەڵام خیانەت وبەرژەوەندیەشەخسیەکان ڕێگای نەدان ئەم شانازییەمێژوویەتۆماربکەن بۆخۆیان کەهەموئەنەهامەتیانەی بەسەرخەلکی کەرکوك وناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان داهاتوونەبەدلنیایەوەئۆبالەکەی لەئەستۆی سەرانی خیانەتکارانی 16ی ئۆکتۆبەرە

سڵاولەقارەمانانی داستانەکان (پردێ -سحێلا-محمودی-تلسقۆف)کەپیلانی داگیرکەران وخاك فرۆشانیان پووچەل کردەوە.


دەبابەکەی ئەبرامز پێش سوتاندنی لە "پردێ"

دەبابەکەی ئەبرامز پاش سوتاندنی لە "پردێ" 20ی10ی2017

وون بوون

ناسنامەی ئایشی پارتی لە سلێمانی بەناوی رێکەوت ابراهیم صالح وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی پێشمەرگەی زێرەڤانی بەناوی ئەردەوان عزالدین علی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠٢٠/١٠/١٥

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (سۆران کریم حمدامین) لە بەرواری ٢٠٢٠/١٠/١٤ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وێستا دانراوە لە (پ. باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە، بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس / شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:

١- لێدانی لەزگەی P.V.C لە ڕۆخی دار ژمارە/ ٢١١١٧٤٥ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.

٢- مشاری سنی سلایت ژمارە/ ٢١١١٧٤٦ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤٥ فلتەری تۆزراکێش

٣- C.N.C بۆ نقش و کون کردنی دار ژمارە/ ٢١١١٧٤٧ دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٥.

٤- کۆمپرێسەری هەواء ژمارە/ ٢١١١٧٤٨ دروستکراوی سینی مۆدێل ٢٠١٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٢,٥.

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠٢٠/١٠/١٥

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (بدریە انور ابراهیم) لە بەرواری ٢٠٢٠/١٠/١٤ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وێستا دانراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس / شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:

١- لێدانی لەزگە لە ڕۆخی دار بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.

٢- دەیلی صافکردن و لوسکردنی دار بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥.

٣- مشاری سنی برینی دار بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠٠٨ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥.

٤- مجموعەی دارتاشی قەبارە ٤٠ بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠٠٥ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥.

٥- مشاری سنی سلایت قەبارە ٣٢٠ بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٤,٥.

٦- کۆمپرێسەری هەواء ٥٠٠ لیتری بێ ژمارە دروستکراوی تورکی مۆدێل ٢٠١٠ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥.

٧- شەنەری کونکردنی دار بێ ژمارە دروستکراوی ایرانی مۆدێل ٢٠١٦ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١.

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠٢٠/١/١٥

بەپێ ئەو داواکاریەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (سعید و محمدامین و عدویە و نەورۆز و ناسکە منداڵانی عثمان امین و کەژاڵ احمد صابری هاوسەری و ابراهیم اغا و هوشنگ و عثمان و ناز و منداڵانی قاسم عثمان امین) لە بەرواری ٢٠٢٠/١/١٥ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وێستا دانراوە لە (پ.باشوور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووس / شوان فوزی زکی

ئامێرەکان:

١- دوو کۆمپرێسەری هەوایی ژمارە/ ١٩٩٦٨/٤ و ١٩٩٨٨/٤ دروستکراوی ئەمریکین مۆدێل ١٩٩٩ جۆری سوتەمەنی کارەبا ٢٠٠ ئەسپ بۆ هەر یەکەیان جۆری درایزر ٦ سلندر وە لەگەڵ هەموو هاوپێچە کانەوە.

***

دادگای باری کەسی هەولێر

ژمارە: ٢٩/ت/٢٠٢٠

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/١٨

جاردان

ئەم دادگایە هەڵدەستێ بەفرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (٢٢٦٨٥/هەولێر/کرێ) جۆری (مازدا صالون) مۆدێل (٢٠٠٤) ڕەنگی (تبنی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (خسرو عبدالله خضر) لەڕۆژی (٢٠٢٠/١١/٢٣) کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ, جا هەرکەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاریکراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت, وە ئۆتۆمبێلەکە خەملێنداوە بەنرخی (٨,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار.

دادەوەری یەکەم/ دیار محمد علی

***

دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢

ژمارە/ ٨١/ت/٢٠٢٠

بەروار: ٢٠٢٠/١٠/٥

ئاگاداری

بۆ/ تۆمەتبارانی ڕاکردوو: سرحد قادر عبدالله و محمد صدیق

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (١/١/١٤/ب) لەیاسای مخدرات جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەڕۆژی ٢٠٢١/٢/٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو ڕۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادوەر / زیاد بشیر محمد علی

***

دادگای بەرایی هەولێر/١

ژمارە: ٣١٨/ب/٢٠٢٠/٣

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/١٤

جاردان

داواکار: پاوان سعید محمد

داوالێکراو: ازاد جعفر و اختر حسین عبدالله و ڕێباز عمر حمید

شوێنی مولك/ هەولێر/گەرەکی خانقاه شوێنی باجی دەرامەتی کۆن.

ژمارەی مولك/ ٧٥٢ کەرتی ٢٠٨ تەپاوە

پێکهاتەکەی سەری/ پێکهاتووە لە بالەخانەیەکی چوار نهۆمی بۆ هەر نهۆمێك ٣٩ دوکان دەکاتە ١٥٨ دوکان لەگەڵ دوو نهۆم سرداب

ڕووبەر/ ٢٢٩٦م٢

نیشتەجێ/ غەمگین صدیق مراد و نهاد یوسف محمد و زانا تحسین حسین و لقمان حسن عزیز و ماهر صالح سعید و کاروان یوسف احمد و طاهر محمد امین احمد گشت کرێچییەکان لەکاتی فرۆشتن دەرناچن

نرخی خەملاندن/ ١٠,٠٨٩,٦٠٠,٠٠٠

لەسەر بریاری ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ٣١٨/ب/٢٠٢٠/٣ ازالە الشیوع/ نەهێشتنی هاوبەشی بریاردرا بە فرۆشتنی ئاشکرای ئەم مولکەی سەرەوە بۆ ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە جا هەرکەسێك نیازی کڕینی هەیە هاوبەشەکەی بێ یان هاوبەشەکەش بێت یان هاوبەشەکەش نەبێ سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینی کردنی بارمتەی یاسایی بەڕێژەی ١٠٪ لە نرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا, کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ دەست پێ دەکات, هەر زیاد بوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی دێت.

دادوەری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی

***

ڕێقەبەرییا گشتی یا باژێڕڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ

بەشێ مولك و زەڤی و زار

ژمارە: ٣٠/٣٠٠/١/١

ڕێکەفت: ٢٠٢٠/١٠/٧

ئاگەهداری

لدویڤ یاسا فروتن و کڕێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر قی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کڕێکرنێ دوویێ رادگەهینیت کو سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا (خارنگەه) ئەوا دکەفیتە سەر پارچا ئەردێ ژمارە (١٠٦١/١) کەرتێ (١٤) قەدش ل پارژێڕڤانیا قەدش ب ڕووبەرێ (٤٠٥)م٢ بشێوێ مافی بەرخوری (مساطحة) بو ماوێ ١٣ سێزدە سالا و هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئیك زێدەکرنێدا بکەت ژبلی فەرمانبەرو پێشمەرگە و هێزێن نافخویی بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێڕانیا قەدش بکەت د ماوێ ٣٠ سیە ڕۆژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د ڕۆژنامێ دا و ئەف سەرئیکە زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێڕانیا یا قەدش دەم ژمێر دوازدەی نیڤڕۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداریێ یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.

ئەندازیار/ دیار بحری رسول

ڕێقەبەرێ گشتی

***

ڕێقەبەرییا گشتی یا باژێڕڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ

بەشێ مولك و زەڤی و زار

ژمارە: ٣٠/٣٠٠/١/١

ڕێکەفت: ٢٠٢٠/١٠/٧

ئاگەهداری

لدویڤ یاسا فروتن و کڕێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر قی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کڕێکرنێ دوویێ رادگەهینیت کو سەرئیك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا (مەلەڤانگەه) ئەوا دکەفیتە سەر بەشك ژ پارچا ئەردێ ژمارە (٥٥١/١٦) کەرتێ (١٤) قەدش ل پارژێڕڤانیا قەدش ب ڕووبەرێ (٥٩٣٤)م٢ بشێوێ مافی بەرخوری (مساطحة) بو ماوێ ٢٠ بیست سالان و هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئیك زێدەکرنێدا بکەت ژبلی فەرمانبەرو پێشمەرگە و هێزێن نافخویی بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێڕانیا قەدش بکەت د ماوێ ٣٠ سیە ڕۆژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د ڕۆژنامێ دا و ئەف سەرئیکە زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێڕانیا یا قەدش دەم ژمێر دوازدەی نیڤڕۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداریێ یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.

ئەندازیار/ دیار بحری رسول

ڕێقەبەرێ گشتی

***

ئاگەهداری

ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (ساریا) بۆ (بازرگانی گشتی - هاوردە وهەنارده / سنوردار) بریارا پاکتاوکرنا کومپانیێ دایە لەومە هەر لایەنەك وکەسەکی مافەك ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا ئاگەهداریا پاکتاوکەری بکەن ل (باژێرێ دهوکێ) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان

پاکتاوکەر / باپیر محمد طاهر حسین

ناڤ ونیشان / دهوك - مالطا

ژمارا موبایلێ / ٠٧٥١٤٢٤١٢٣٤

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر

هۆبەی یاسایی

ژمارە: ١٢٠٠١

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/١٨

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (TRAVEL LINK)

بۆ (فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/ سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (TRAVEL LINK) بۆ (فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/١٠/١٤) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەڕێر پاکتاوکردن وە دانانی بەڕێز (سوران محسن عمر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/١٠/١٥

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (TRAVEL LINK) بۆ (فرۆشتنی پلیتی فرۆکەوانی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە, بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پاریزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ سۆران محسن عمر

ناونیشان/ هەولێر - روناکی

ژ. مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٦٤٨٣٥٢

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: ٤٢٩٧

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/١٨

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیای (تاك)

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (اکۆ عزیز جلال) بۆ (بازرگانی گشتی / تاك) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێك ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: ٤٢٩٢

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/١٨

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنوردار)

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (FIRE FIGHTING) بۆ (بازرگانی کەل و پەل و پێداویستی و ئامێری ئاگرکوژێنەوە / سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێك ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: ٤٢٩١

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/١٨

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیای (سنوردار)

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (سلفر ستار) بۆ (گواستنەوەی بەرهەمە نەوتیەکان / سنوردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێك ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ڕێڤەبەرییا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهوکێ
بەشێ مولك و زەڤی و زار
ژمارە: ٣١/٣٠٠/١/١
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/١٠/٧
ئاگەهداری
لدویڤ یاسا فرۆتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا ساڵا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فرۆتن و کرێکرنێ دوویێ رادگەهینیت کو سەرنێك زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا (پێشانگەها ترومبێلا) ئەوا دکەفیتە سەر بەشك ژ پارچا ئەردێ ژمارە (٩٥٦/١) کەرتێ (١٤) قەدش ل پارێزگەڤانیا قەدش ب روویەرێ (١١٢١,٤٤) م٢ بشێوێ مافی بەرخوری (مساطحة) بو ماوێ ١٥ پازدە ساڵا و هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرنێك زێدەکرنێدا بکەت ژبلی فەرمانبەرو پێشمەرگە و هێزێن نافخویی بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا قەدش بکەت د ماوێ ٣٠ سیە ڕوژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د ڕوژنامێ دا و ئەڤ سەرنێك زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا قەدش دەم ژمێر دوازدەی نیڤرۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.
ئەندازیار/ دیار بحری رسول
ڕێڤەبەرێ گشتی
***
دادگای باری کەسینەی سۆران
ژمارە : ٧٠/ش/٢٠٢٠
ڕێکەوت : ٢٠٢٠/١٠/١٤
بۆ/داوالێکراو (ابتسام شاکر ابراهیم)
شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە
پێراگەیاندن
داواکار (رفیق باویل رزاق) داوای ژمارە (٧٠/ش/٢٠٢٠) لە سەرت تۆمار کردووە لە دادگاکەمان کە تیایدا داوای (پەسندکردنی تەلاقی دەرەکی) دەکات و لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بۆیە دادگا بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بە مەبەستی ئامادە بوونت لە دادبینی ڕۆژی (٢٠٢٠/١١/٢٤) بۆیە پێویستە لەسەرت کە خۆت یان بریکارت لە ڕۆژی دیاریکراو کاتژمێر(١٠:٠٠) سەر لە بەیانی لە دادگاکەمان ئامادە بن بۆ دادبینی بە پاشمەلە و بە پێی یاسا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.
دادەر/ سرود طاهر عبدالله
***
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٤٦٣/ش/ ٢٠٢٠
ڕێکەوتی / ١٨ / ١٠ / ٢٠٢٠
ڕاگەهاندن
بو / داوالیکراو: سلامە عبدالقادر محمد
ڤێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٤٦٣ /ش/٢٠٢٠) ل ڕۆژا (٢٠٢٠/١٠/١١) پەسەندکرنا تەلاقا دەرەکی (تصدیق الطلاق الخارجی) دناڤبەرا تە وداواکار (هشیار عمر مصطفی) ل ٢٠٢٠/٨/٢٩ و ژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجیبونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهداریتە دەمێ دەرکەتنا بریاری ژی ئاگەهدارییا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕۆژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وێڕاچوونی یێ هەیی دماوەی یاسایییدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت .
دادەر / دارا طاهر توفیق
***
دادگەها کاروبارێ کەسایەتی زاخو
ژمارە / ٢٨/کاروبار/ ٢٠٢٠
میژوو / ٢٠٢٠/١٠/١٨
ئاگەهداری
بۆ داوالێکراو (ناديه الياس شاهين) جهێ ئاکنجیبینا بەرێ زاخو – باتیفا کوندی
لیفو , جهێ ئاکنجیبینا نوکە نە دیارە.
داواکار (ادریس لازار هرمز) داوا ژمارە (٢٨/کاروبار/٢٠٢٠) ل سەر تە تومار کریە وتیدا داخازا پەسەندکرنا هەفزینیی دکت , ژبەرکو جهێ ئاکنجیبینا تە نە دیارە لدیف نقیسارا بەشی پولیسێن باتیفا ژمارە (٩٦٢) ل ڕێکەفتی (٢٠٢٠/١٠/٥) , وهەڤپێچ دگەل ڕوونکرنا هەلبژێری گوندی لیفو کو تێدا هاتیە دیارکرن ((ناڤێ وی دتومارا تاخی مەدا هەیە ومالا خو ز تاخی مە بارکریە نوکە زی جهی ئاکنجیبونا وی نەدیارە ومە ج بیزانین لدور نینن)) , و ژبەر نە دیاربینا جهێ ئاکنجیبینا تە دادگەهێ ل ڕۆژا (٢٠٢٠/١٠/١٨) بریاردا ب بەلاڤکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د دوو ڕۆژنامە بێت نافخویی و ڕۆژانە دا پالپشت ب مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ناماەدبینا تە یان نوێنەرێ تە یێ یاسایی ل ڕۆژا دادبینیێ ڕێکەفتی (٢٠٢٠/١٠/٢٧) ل دەمژمێر (٩:٣٠) ێ سپێدێ و بەروڤاژی دادبینی دێ ب شێوێ باشمە نێتە ئەنجام دان.
دادەر/ یوسف الیاس سدن
***
دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە: ٨٩/ب/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/١٩
جاردان
بۆ داوالێکراوان/ ١- احمد محمد سعدی صالح ٢- باهرە عقیل غالب شوێنی نیشتەجێبونیان نادیارە داواکار (دلشاد محمد خالد) داوای ژمارە (٨٩/ب/٢٠٢٠) لەسەرت تۆمارکردووە تێدا داوای (قەرز) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (گەرەکی کاریز) بۆیە دادگا بریاریدا بەپێراگەیاندنت لەرێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ دەربچێت بۆ ناماەبوونت لەرۆژی دادبینی ٢٠٢٠/١١/٣٠ کاتژمێر ١٠:٣٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقتان بەپاشمەلە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
دادەری یەکەم/ تەرزە سالار عثمان
***
دادگای بەرایی سەلاحەدین
ژمارە: ١٦/ش/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/١٥
جاردان
بۆ داوالێکراو/ رحمان عبدالله حمد/
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار محمد شریف رسول لەم دادگایە لە داوای ژمارە ١٦/ش/٢٠٢٠ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١٠/٨ کە لە دادگای باری کەسی سەلاحەدین دەرچووە و لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی اشعاری مختاری گەرەکی کۆڕێ نوێ بۆیە بریاردرا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆی هەرێمی کوردستان دەردەچێت وە تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لە ماوەی یاسایی ١٠ ڕۆژ لە ڕۆژی پێراگەیاندنت بە پێچەوانە بریارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادەر/ عثمان جمال القاضی
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٦
ژمارە: ٣٠٦٩/ش/٢٠٢٠/٦
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/١٩
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (جیهان نبیل محمود)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (سلوان طلیع زیدان) لەم دادگایە داوایەکی لەسەرت تۆمارکردووە بەژمارە ٣٠٦٩/ش/٢٠٢٠/٦ تیایدا داوای (لێ سەندنەوەی مافی دایەنی دەکات – نزع الحضانة) دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی نووسراوی ئیشعاری مختاری (گەرەکی مامۆستایان/٢) بۆیە دادگا بریاریدا بەپێراگەیاندن بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ و ڕۆژانە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لەڕۆژی دادبینی ٢٠٢٠/١٢/٦ بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکرا پاشمەلە.
دادەر/ مازن مظفر محمد
***
دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە: ٣٠/ت/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/١٩
جاردان
ئەم دادگایە هەڵدەستێ بەفرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە (١٧٠٣٩١/هەولێر/ بارهەڵگر) جۆری (اسکانیا تاك قەمارە) مۆدێل (٢٠٠٤) ڕەنگی (سپی) کە بەناوی خوالێخۆشبوو (قادر سلیمان وسمان) لەرۆژی (٢٠٢٠/١١/٨) کاتژمێر (١٢)ی نیوەڕۆ، جا هەرکەسێك دەیەوێت بەشداری کڕینی بکات با ناماەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاریکراو وە پارەی یاسایی (١٠٪) لەگەڵ خۆی بهێنێت، وە ئۆتۆمبێلەکە خەملێنەراوە بەنرخی (١٠,٥٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار.
دادەری یەکەم: دیار محمد علی
***
فەرمانگەی دانوسی دووەمی هەولێر
بەشی هۆشداری و لابردنی بریکار
ژمارە/ ٥٠٨
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/١٠/١٩
هۆشداری
هۆشدەر/ پارێزەر ئەژی هوشیار احمد بریکاری خانزاد و لانا و حمدیە - منداڵانی هادی ڕشید
هۆشداریکراو: هیمداد حمد پیرداود
بەڕێزتان هۆشداریتان ئارستەکراوە لە فەرمانگەکەمان لەلایەن پارێزەر (ئەژی هوشیار احمد) بریکاری خانزاد و لانا و حمدیە - منداڵانی هادی ڕشید بە هۆشداری ژمارە (١٣٩/٢٧٦١١) لەبەرواری ٢٠٢٠/٩/٢٢ لەبەر نەزانینی و نادیاری شوێنتان بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی ٩٤ باداوە لە (٢٠٢٠/١٠/١٠) لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی فەرمی پێتراوەگەیێنم لەبەر ئەوەی تۆ کڕێچی بریکاردارانمی لە بەشێك لە مولکی ژمارە ٣٠/٥٨١ کەرتی ٩٤ باداوە کڕێی مانگانە ٣٠٠,٠٠٠ سێ سەد هەزار دینار وە لەبەر ئەوەی کڕێی مانگەکانی (کانوونی دووەم، شبات» ادار، نیسان، ایار، حزیران، تموز، أب، ایلول)ی سالی ٢٠٢٠ نەداوە کە کۆی گشتی کڕێی مانگەکانی (کانوونی دووەم، شبات» ادار، نیسان، ایار، حزیران، تموز، أب، ایلول) دەکاتە ٢,٧٠٠,٠٠٠ دوو ملیۆن و حەفت سەت هەزار دینار لەماوەی ٨ هەشت ڕۆژ بیدەیتە بریکاردارانم بەپێچەوانەوە ناچار دەبین بە بەرزکردنەوەی داوای تایبەت لە دادگای تایبەتمەند. (هۆشداری کراو پاساوی نییە).
بۆتان کامیران میران
دادنووسی یەکەم
***
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە/٣٦٣/ش/٢٠٢٠
ڕێکەفتی/١٨/١٠/٢٠٢٠
ب / راگەهاندن
بو داوالێکراو (رجب رشید ئایان/ هەلگری ڕەگەزناما تورکیە) ڤێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٣٦٣/ش/٢٠٢٠)ل ڕۆژا ٢٠٢٠/١٠/٤ ب پەسەندا مارابرینا دەرەکی ل ناف بەرا تە وداواکاری دا (پیان حزنی تتر) ل ڕۆژا ٢٠١٤/٨/٣١ لسەر مارا پیشەکی (١٥٠ سەد وپینجی گرام زیر عیار ٢١) ولسەر مارا پاشەکی (١٩ نوزدە مثقال زیر عیار ٢١) وگەهاندنا رەها هەردوو زاروکین ناکام (باران) ژ دایك بووی ٢٠١٥/٦/١١ و (احمد) ژ دایك بووی ٢٠١٧/١/٣٠ بە تە وبوو داواکاری جهێ بوونا وان زاخو باکرما وژبەر نەدیاربوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقی یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری ژی ئاگەهداریا تە بێتەکرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕۆژانە وتە مافی نەرازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاسایییدا وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت
دادەر/ دارا طاهر توفیق
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە /٧٢٧/ ٢٠٢٠
ڕێکەوت/١٨/١٠/٢٠٢٠
پێراگەهاندن
بۆ / قەردار (روند سعدی قادر)
ژبەر نەزانین نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە لەورا لدیف ماددیا (٢٧)یا یاسایا جێ بەجێ کرنێ بریار هاتە دان ب ڕێیا دوو ڕۆژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەین بۆ ماوێ (١٥/پازدە) ڕۆژا ژ ڕۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ناماەبی لێڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا ڕێکارێن جێ بەجێ کرنێ (الاجراءات التنفیذیە) وبەروڤاژی دێ نەچاری ڕێکێن یاسایی بێن (الاجراءات القانونیە الجبریە) بین
هلات عبدالکریم محمد
(جێ بەجێ کاری داد)
***
دادگای باری کەسایەتی لە دهوك
ژمارە/٧٧٣/ش/٢٠٢٠
ڕێکەفت/١٩/١٠/٢٠٢٠
راگەهاندن
بو/داوالێکراو (باسل عبدالستار عبدالرحمن) ل دیف داخازیا داواکار (حسین عبدالرحمن قادر/اضافە لقیمومتە علی شقیقە المعتوە (عبدالستار عبدالرحمن قادر) وکێشا ژمارا وێ ل سەری دیار کری تێدا داخازیا بریارا (اعالە) کری وژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نقیسارا هەلبژێریّ کومەلگەها باکیرا ل ریکەفتی ٢٠٢٠/١٠/١٤ ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕۆژانە دا ناماەبی ل ڕۆژا ٢٠٢٠/١١/٣ یان بریکارەکێ پێش خوڤە ناماەبکە وبەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن
دادەر/ مروان عادل اسماعیل
***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر

ژمارە: 2020/1494
بەروار: 2020/10/18

بۆ/ جاردانی کەل و پەلی گلدراوە

ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لە دۆسیەی جێبەجێکردنی ژمارە (2020/1494) هەڵدەستێت بە فرۆشتنی ئەم کەل و پەلانەی خوارەوە کە بە بڕی (20.300.000) ملیۆن دینار قرساوە وە بەلێك زیادکردنی ئاکشرا لەجیاتی قەرزی خاوەن قەرز (کۆمپانیای کارێز لوجیستکس) کە بڕەکەی (221.606.110) ملیۆن دینارە. جا هەرکەسێ ئارەزووی کڕینی هەیە لەماوەی (7) ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە ئامادە بێت لەم بەڕێوەبەرایەتییە وە بارمەتەی یاسایی لەگەڵ خۆی بهێنێت کە لە (10%) نرخە قرساوەکەیەتی وە دەڵالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ

کەل و پەلەکان

ژ	بابەتەکان	بڕ بە نزیکەی	خەملاندنی نرخ بە دینار
1	فینێنگ (SS3042B plate) قەبارەی جیاواز Q8 3M*60*35*30 وە Q8 3M*40*35*30	(3610) دانە	(1.100.000) یەك ملیۆن وسەد هەزار
2	بەستەری بۆری (REINFORCED PIPE CLAMP) بەقەبارە بچووك ("½، "1½) ئینچ	(1200) دانە،	(450.000) چوارسەدو پەنجا هەزار
3	بەستەری بۆری (REINFORCED PIPE CLAMP) بە قەبارە ("10، "8) ئینچ	(850) دانە	(1.600.000) شەش سەد هەزار
4	بەستەری (SPRINKLER CLAMPS) بە قەبارەی جیاواز ("4) ئینچ. هتد	(600) دانە	(300.000) سێ سەد هەزار
5	بورغی (THROUGH BOLT ANCHOR) بە قەبارەی جیاواز (TP NTZ 8/30-50)	(11.000) دانە	(3.000.000) سێ ملیۆن
6	بورغی (THROUGH BOLT ANCHOR) (SS304) (M8×80)	(9600) دانە،	(3.500.000) سێ ملیۆن
7	بورغی (THROUGH BOLT ANCHOR) (NTZ 16/95 TP)	(500) دانە	(450.000) چوارسەدو پەنجا هەزار
8	بەستەری بۆری (PT WUS PIPE CLAMP WITH EPDM RUBBER LINING) بە قەبارەی جیاواز ("3، "2½، "2، "½، "¾، "1، "½) ئینچ.. هتد	(8250) دانە	(3.000.000) سێ ملیۆن
9	پلاستی مێش بۆ بورغی (PLASTIC MESH SLEEVES) بە قەبارەی جیاواز (50*12 85*15)	(1200) دانە	(900.000) نۆ سەد هەزار.
10	فیشە بە قەبارەی جیاواز (M10×60Q16, M12Q15, M10×60Q12, M8×50Q14)	(16400) دانە	(400.000.000) چوارسەد ملیۆن دینار
11	فینێنگ (SS316 plate) بە قەبارەی جیاواز (Q8 2M*25 *25)هتد	(16200) دانە	(2.000.000) دوو ملیۆن دینار
	کۆی گشتی پارەی خەملێندراو دەکاتە (20.300.000) بیست ملیۆن و سێ سەد هەزار دینار		

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Budget & Forecast Planning Analyst
Work Location	Dubai office based
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Summary:
Budget and Forecast Planning Analyst has overall responsibility for preparation, delivery and monitoring of actual performance against plan of Kurdistan Business Unit licenses (Tawke and Baeshiqa) annual PSC budgets and forecasts (circa USD 400 million). Working alongside Asset Managers providing relevant insight to expenditures and assisting with meeting submission of JV Partner and PSC obligations.

Required Qualifications & Experience:
- Degree qualified in Finance or related subject (minimum bachelors degree).
- 5 years knowledge of Production Sharing Contracts in the Oil and Gas industry.
- 12+ years experience in budget & forecast planning.

Please visit our website to read the responsibilities of this job.

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no

DNO
EST - 1971

کۆمپانیای (DNO) کە لە بواری گەران و بەرهەمهێنانی نەوت کار دەکات، پێویستی بە کارمەندی (ناوخۆ) هەیە بەپێی ئەم بوارو مەرجانەی کە لە خوارەوە هاتوون :

Job Title	Development Well Planning Team Lead Kurdistan
Work Location	Dubai office based
Application Closing date	7 Days from the date of this announcement

Additional Details and requirements

Job Summary:
Leading the well planning team and collaborating with the relevant stakeholders to mature ideas for further development wells into drilled subsurface assets which will provide a significant production contribution, turn reserves into barrels in the pipeline and form part of the exploitation scheme of the company's producing fields. Build, maintain and manage the development well portfolio to fill the well delivery funnel.

Required Qualifications & Experience:
- Ideally MSc or as minimum BSc degree in Reservoir Engineering/ Geology/ Geophysics or equivalent.
- 15+ years experience in the E&P Industry with IOCs in an operating role.
- 10+ years experience in naturally fractured carbonate fields in an operating position.
- 10+ years in a team lead/ lower management position (various disciples) with 5+ years experience in leading well planning/ well delivery team.
- Extensive experience in well planning in mature (brownfield) oil fields.
- Thorough knowledge of carbonate reservoirs' static properties and dynamic behaviors.
- Thorough knowledge of seismic interpretation, depth conversion and use/ value of seismic attributes.
- Sound understanding of formation evaluation, data acquisition practices, operational challenges, opportunities and limitations thereof.
- Good understanding of static and dynamic reservoir characterization processes of fractured carbonates.
- Knowledge and understanding of other subsurface disciplines and drilling technology & practices.

Please visit our website to read the responsibilities of this job.

Notes for interested Candidates
Please submit your application by visiting our website (https://dno.easycruit.com)

DNO Iraq AS
Empire Business Complex, Building C2, Floor 3, Erbil, Kurdistan Region of Iraq
Org. no 988 714 526 **Office** +964 66 252 9950/ +47 22 01 56 64/6 65
dno.no



هونەرمەندانی ئێستا فۆلکلۆری کوردیان بیر نەماوە بۆیە کارەکانیان کاتین

دیمانە:ئیسماعیل سبور

(بێوار عزەت کەسایەتی دیاری ناو هونەری کوردی لەساڵی ١٩٨٣لە ناو خانەوادەیەکی کورد پەروەر لە ئۆردوگای زیوە لە ئێران لە دایکبووە، دوای ماوەیەك ژیانکردن لەئێران لەساڵی ١٩٩١ دەگەڕێتەوە کوردستان، لە ساڵی ٢٠٠٢دەستی بە کاری هونەری کردووە، لەساڵی ٢٠٠٣ لەبەر سەختی بارودۆخی ژیان کوردستان جێدەهێڵێت ڕووەکاتە وڵاتی سویسرا، دوای چەندین ساڵ غوربەتی بڕیاری گەڕانەوەی یەکجاری بۆکوردستان دەدات،خەبات لەم دیمانەیەدا ڕووبەڕووی چەند پرسیارێکی دەکاتەوە:

ساڵی چەند دەستت بەکاری هونەری کرد ئەو زەحمەتیانە چیبوون کە دەهاتنەڕێت؟

ساڵی ٢٠٠٢ دەستم بەکاری هونەری کردلەساڵی٢٠٠٣بە تەواوی هاتمە ناو دونیای هونەری کوردی، ئەوکاتەی دەستم بەکاری هونەری کرد زۆر بەربەستم بۆ دروست بوو یەکێك لەو بەربەستانە دەبوو هەموشتێك بۆخۆم بیکەم ئەوکات دۆخی دارایشم باش نەبوو زۆرناخۆشیم بینی بەڵام نەوەستام بڕوام بەخۆم هەبوو .

دەڵێن کە بێوار خانووی باوکی فرۆشت بۆئەوەی کلیپی پێبکات ئەو قسەیە چەند ڕاستە؟

تەنیا ئەوە دەڵێم چەندین پرۆپاگەندەیان لەسەر من بڵاوکردەوە، بەڵام قەد حەزم نەکردووە وەڵامیان بدەمەوە.

تائێستا لە هیچ شوێن باست نەکردووە کە هاوسەرگیرت کردووە یاخود نا بۆچی؟

چونکە من کەساتییەکی هونەریم حەز بەپرسیاری شەخسی ناکەم هاوسەرگیرم کردووە یاخود نا ئەوە ژیانی تایبەتی خۆمە.

لەچاوتەمەنت گەنجتر دەردەکەوی ئەمە گەنج مانەوەیەت چییە؟

بەپێکەنینەوە وەڵا من هەموکات دەڵێن ئەوە نیعمەتێکی خودای گەورەیە بەمنی داوە تاوەکو ئێستا وا مماوم .

تائێستا چەند ئەلبووم گۆرانی و تراکی سینگڵا و کلیپت هەیە؟

تائێستا دوو ئەلبووم گۆرانیم هەبووە یەکەمیان ساڵی٢٠٠٢بڵاومکردووە ئەوەیتریان ساڵی٢٠١٢بڵاوکرکردوە بەناوی (نامەکانت) و تائێستاش زیاتر لە15کلیپم هەیە ناودارترنیشیان مەرجانێ بوو کە لە هەر چوار پارچەی کوردستان دەنگی دایەوە.

لەکلیپەکانت زیاتر مۆدێلە بیانییەکان بەکاردێنی بۆ ؟

ئێمە هەموو کات کێشەی مودێلمان هەیە لەکوردستان ئەوە شتێکی تازە نییە من مودێلەکانی دەرەوە هەڵدەبژێرم چونکە کارکردن لەگەڵ مودێلەبیانییەکان زۆر ئاسان بێ سەرئێشەترە.

ئەو ماوەیە بەرهەمت زۆر بوو کێ سپۆنسەری کارەکانت دەکات؟

ئەو ماوەیە کە کارم زۆر کردووە و ئەکتیڤ بووم هەموو کارەکانم بەسپۆنسەری خۆم بووە کەس یارمەتی نەداوم.

کاریگەری چ هونەرمەندێکت لەسەر بوو پێش ئەوەی دەست بە کاری هونەری بکەی؟

کاریگەری زۆربەی هونەرمەندە کۆنەکانم لەسەر بوو وەك (خەیرۆعەباس،عەیشەشان،کاوێس ئاغا)

ئایا کاری هونەری بژێوی دابین کردووی یاخود جگە لەکاری هونەری بەچیترەوە سەرقاڵیت؟

تاوەکو ئێستا نەمتوانیوە بە هونەر بژێویم دابین بکەم لە پاڵ هونەر کاری دیکە دەکەم تاهونەرەکەم بەخێو بکەم.

بۆچی کارەکانت زیاتر بەشێوەی سینگڵ بڵاو دەکەیەوە کەمتر ئەلبووم؟

چونکە دۆخی ئێستای کوردستان هی ئەوە نییە

چەندین پرۆپاگەندەیان لەسەر من بڵاو کردەوە، بەڵام قەد حەزم نەکردووە وەڵامیان بدەمەوە

ئەلبووم دروست بکەی بۆیە کارەکانم بەشێوەی کلیپ بڵاو دەکەمەوە گەر بارودۆخ باشتر بوو ئەلبوومم لەبەر دەستە بڵاودەکەمەوە.

دەڵێن لەبابەتی دوێت زۆر هەستیاری لەداهاتووحەزدەکەی لەگەڵ کێ دوێت بکەی؟

من تائێستا کەسێکی دیاریکراوم هەڵنەبژاردووە کەدوێتی لەگەڵ بکەم، دوێت لەگەڵ ئەو هونەرمەندە دەکەم کەستایڵ و دەنگی لەمن نزیکە.

لە سەرەتای کارەکانت تائێستاش هەر لەگەڵ عادل ئاکرەیی کاردەکەی بەرێزیان کاری دەرهێنان بۆ کلیپەکانت دەکا ئایا دەرهێنەرەکانی دیکە کارت بۆ ناکەن یاخود تۆزجگە لەعادل ئاکرەیی کاری کەسیترت بەدل نییە؟

من و عادل ئاکرەیی هاورێی کۆنین جگە لەکارکردن زۆربەی کاتەکانیش بە یەکەوەین بۆیە کارەکانم ئەو کلیپیان بۆ دەکات چەندکارێکیترم هەبووە دەرهێنەری دیکە کلیپان بۆکردووە بەڵام لەئێستادا بۆکاری دەرهێنەری کلیپ کەس لەعادل ئاکرەیی بە باشتر نازانم.

بۆتائێستا لایف موزیکت نەکردووە یاخود دانیشتنی تایبەت کە هونەرمەند هەم دەنگە راستەقینەکەی دەردەکەوێ و داهاتێکیشە بۆ هونەرمەند وە ئایا پێت باشە هونەرمەندان لایف موزیك بکەن یاخود نا؟

من زۆرجار لایف موزیکم کردووە بەڵام تایبەت نەك کافێ یاخود هۆڵی ئاهەنگی بووك گواستنەوە، بەڵام بەشتێکی عەیبەی نازانم ئەوە ئیشی هونەرمەندە بۆ ئەوەی بژێوی ژیانی پێ دابین بکات.

لەگەڵ وەرزش بەینت چۆنە وە هاندەری کامە یانەیت؟

من بەینم لەگەڵ وەرزش باشە بەڵام راستی ئەوماوەیە کەمێ تەمبەڵ بووم بەهۆی ئەوەی کاتی زۆرم نەبووە لەبەر کارەکانم، من هاندەری «پاری سانجیرمان»م.

هەوادارانت داوای کۆنسێرتت لێدەکەن بەنیازی کۆنسێرت نیت لە داهاتوو؟

ئاخ یاران یەکەم بەرهەمی هونەریم بوو پەشیمانم لێی

بەڵێ هەوادارانم زۆر داوای کۆنسێرتم لێدەکەن دوای باشبوونی بارودۆخی کۆرۆنا کۆنسێرێت لەهەموشارەکانی کوردستان دەکەم و حەز دەکەم یەکەم شوێن لەپایتەختی کوردستان لە هەولێر کۆنسێرت بکەم .

دەڵێن گوایە بەسێ زمان دەتوانی قسەبکەی، بەڵام تەنیا بەزمانی کوردی بەرهەمت هەیە چۆنە بەزمانەکانی دیکە بەرهەمت نییە؟

بەڵێ من جگە لەکوردی (ئەڵمانی و تورکی و فارسی و کەمێك ئینگلیزی) دەزانم ،بەڵام حەز دەکەم بەکوردی بدوێم و گۆرانی بڵێم چونکە زمانی دایکە .

تائێستا قەد بووە بیرت کردبێتەوە کە واز لەهونەر بێنی؟

ئەوەی راستی بێت تائێستا بیرم نەکردۆتەوە واز لەگۆرانی گووتن بێنم چونکە لەگەڵ خوێنم تێکەل بووە بەڵام کەگەیشتمە تەمەنێك بیری لێدەکەمەوە بەڵام تازەگەنجم هێشتازووە بۆ ئەم بڕیارە

گەر هونەرمەند نەبای حەزت دەکرد چ کارێکی دیکەت بکردبا ؟

جگە لە هونەر ئێستا بەکاری بازرگانییەوە سەرقاڵم، بەڵام حەزم دەکرد ئەفسەرێکی پلەداری سەربازی بام کە حوکمێکم لەدەستبا روتبەیەکی باشم هەبا.

گەر داوات لێبکەن لەداهاتوو بەشداری فیلم یا دراما بکەی، و ئەم ئەزموونە تاقیدەکەیەوە؟

بەڵێ، داوام لێکراوە بەشداری فیلم بکەم بەڵام قبوڵم نەکردووە چونکە ڕۆڵەکەی بۆمن گونجاو نەبووە و شتێکی ئاساییە هونەرمەند بەشداری فیلم و دراما بکات، و فەیسی من گونجاوە بۆکاری فیلم و دراما.

بە گۆرانی مەرجان مەرجانێ ناسرام کاتی خۆی لە هەر چوار پارچەی کوردستان دەنگی دایەوە

لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێیت کە لەیەکەم کاری هونەری پەشیمانی، مەبەستت لە هەڵپژاردنی کوالیتی کارەکە بوو یاخود ئەوە کە بوویە هونەرمەند؟

بەڵێ (ئاخ یاران) یەکەم بەرهەمی هونەریم بوو بەڵام پەشیمانم لێی هەرچەندە سەرەتایەك بوو بۆم وەك کوالیتی کار، نە ئەوەی کە هونەرم هەڵبژارد.

لای بێوار کامە هونەرمەندی ئەم سەردەمەی پێ باشە کە کلتورو ڕەسەنایەتی کوردیان پاراستووە؟

ئەوەی راستی بێت گەنجەکانی ئێستا کار دەکەن بەڵام کارەکانیان هەمووی کاتین، بەداخەوە فۆلکلوری کوردیان هەر لەبیر نەماوە ئەگەر مابێتیش وەك خۆی نایڵێنەوە.

خۆت بەکام جۆر هونەرمەند لە قەڵەم دەدەی، هونەرمەندێکی مودێرن یاخود ڕەسەن؟

من کەسێکم خۆم بەخزمەتکاری هونەر دەزانم و تاتێستاش کارم بۆئەوە کردووە ببم بەهونەرمەندێکی مودێرن.

دەڵێن کچان زۆردوای پەیوەندی خۆشەویست لێدەکەن تۆ چییان پێ دەڵێیت؟

مروف ئەبێ ڕێز لە هەموو جۆرە کەسێك بگرێ ئەوە ڕاستە کە کچان دوای پەیوەندی خۆشەویستی لە من دەکەن بەڵام خۆ تۆ ناتوانی ئاشقی ١٠٠٠ کچ بی، بەس ئەوەندەم هەیە بۆیان کەبیڵێم.

کارو بەرهەمی نوێت هەیە، گەر هەیە ئایا بەرهەمەکە شادەیان خاوە،ئایا وەك بەرهەمەکانی دیکە بابەتەکە خۆشەویستییە؟

بەڵێ بەرهەمێکی تازەم هەیە کە ئامادەیە بۆبڵاوکردنەوە گۆرانیەکی شادی پڕبە بە زاراوەی سۆرانی گوتوومە کلیپم بۆی کردووە لەوڵاتی میسر بەم زووانە بڵاودەبێتەوە کەکلیپەکی لەگەڵ شاجوانی میسر دروستیان کردووە لە دەرهێنانی عادل ئاکرەییە.

نەتەوە یەکگرتووەکان لە 75 ساڵەی تەمەنیدا



ڕەمزی میرەکانی

هاوشێوەی ئەوەی کردوویەتی و هێشتا دەیکات، لە سەرتاسەری جیهاندا، ڤایرۆسی (کۆڤید 19)، بووە هۆی گۆڕینی هەموو ڕێوشوێنەکانی تایبەت بە یادکردنەوەی ساڵانەی، یادی 75 ساڵەی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان. وتاری زۆربەی سەرکردەکان وشك و برینگ بوو، هەموو ساڵێك لەو ڕۆژانە لە نیویۆرکدا، هەرچەندە هەندێکیان نیشانەی جیاکەرەوە بوون لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا.

وەلێ ئەوجارە، شتەکان تەنیا لەسەر کەشخەیی نەدەوەستا، ئەوەی گەورە بەرپرسانی نێودەوڵەتی بە تەمای بوون، ئەو دەمەی زۆربەی سەرکردەکانی زەوی و بڕیار بەدەستان، ڕوویان لەو کۆڕبەندە گەورەیە دەکرد. بەتەمابوون هەوڵی هەتەریانە بۆ بەپێشخستنی فرەیی بدەن، کە کەوتووەتە ژێر گوشارێکی توند، بەهۆی هەڵکشانی بەرچاوی هەستی نەتەوەیی گەلەوتییەوە، لەگەڵ کەمکردنەوەی ڕۆڵی ڕابەرایەتی ئەمریکا، کە لەوەتەی ئەو چەترە نێودەوڵەتییە لە 24 تشرینی یەکەمی 1945دا دروست بووە، پێی هەڵساوە. لە وتارە تۆمارکراوەکەیدا لەبەردەم کۆمەڵەی گشتیی، دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، ڕەخنەی لە چین گرت، لەبەر شکستهێنانی لە سنووردانان بۆ بڵاو نەبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەرتاسەری زەویدا. بەڵام وتارە زۆر کورتەکەی، ڕوونترین گوزارەی بیرکردنەوەی کارگێرییەکەی لە هەمبەر ئاریشەکانی جیهان بوو. بایەخی زیاتر بە کاروباری ناوخۆی ئەمریکا دەدات، لە سایەی کشانەوەی واشنتن لە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی لە مانگی حوزەیرانی ڕابردوودا، هەرچەندە ڤایرۆسەکە زۆر کوشندەیە و بووە هۆی کوشتنی زیاتر لە 200 هەزار ئەمریکی لە ماوەی چەند مانگێکدا. ئەو کشانەوەیە، هاوشێوەی چەند هەنگاوێکی پێشووی واشنتن بوو لە هەمبەر ڕێکخراوی یۆنسکۆ، ڕێکەوتنی پاریس بۆ ژینگە، پەیانەکانی بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی و بازرگانی نێودەوڵەتی، هەتا لەگەڵ نزیکترین دراوسێ و هاوپەیانەکانیشی، وەکو کەندەدا و مەکسیك، یان وڵاتانی یەکیەتی ئەورووپا و بەریتانیا. ئەو گرمۆڵەبوونەی ئەمریکا، هەوەسی چینی کردەوە، یەکەم شت بۆ پرکردنەوەی ئەو بۆشاییە جیۆپۆلیتیکییە، زێدەباری گەرانەوەی بەهێزی ڕووسیا بۆ سەر چەندین گۆڕەپان، کە دوای ڕووخانی یەکیەتی سۆڤیەت، لە نێوەی هەشتاکانی سەدەی بیست، وازی لێهێنابوون یان فەرامۆشی کردبوون. هەرچەندە فرەیی نێودەوڵەتی، لە سەرەتای هەزارەی سێیەمەوە، تووشی چەندین کەوتن و نسکۆ هات، ئومێد هەبوو و ئێستاش هەیە، کۆمەڵەی نێودەوڵەتی بە ڕابەرایەتی ئەمریکا، چاکسازی قوول لەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە و دەستە لکییە هەمەجۆرەکانیدا بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت بە کارامەیی کار بکات و ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بپارێزێت، بە گوێرەی ئەو بەڵێنەی کە باوکە دامەزرێنەرەکان لە دارشتنی نەتەوە یەکگرتووەکان دابوویان.

سیستمێکی نێودەوڵەتی تازە پێویستە

زۆرن ئەوانەی پێیان وایە، سیستمێکی نێودەوڵەتی تازە، بووەتە شتێکی پێویست، تاکو ببێتە ڕەنگدانەوەی هاوکێشە هەتەرەییەکان لە جیهانی ئەمڕۆدا، لەوانە هەڵکشانی بەرچاوی وڵاتێکی وەکو هیندستان، لەگەڵ پێواری نوێنەرایەتی هاوسەنگ بۆ وڵاتانی ئەندامی هەمیشەیی لە ئەنجومەنی ئاسایش و هاتنی وڵاتی تازە بۆ نێوی وەکو ژاپۆن، باشووری ئەفریقیا، ئەندۆنیسیا و بەرازیل. یادی 75 ساڵەی دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕەنگدانەوەی چاوی لێبوونی پێوار بوو بۆ چاکبوونی ئەو ڕێکخراوە، کە هەندێ جار وا دێتە پێش چاو پیر بوونێت، یان کەلکی نەمابێت، یان چیتر نەتوانێت خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییە قوولەکان لەهاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا بگونجێنێت. ئەنتۆنیۆ گۆتیرێس، ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، پەنای بۆ هاندانی سەرکردەکانی جیهان برد، کە بە جەمسەرگەریی ناسراوە، خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی لەنێوان زلهێزەکان بە دوور بگرن. وەلێ ئەو بانگەوازەی گۆتیرێس، بۆ زیندووکردنەوەی فرەیی- کە بناغەی نەتەوە یەکگرتووەکان- لەلایەن سەرکردەی چەندین وڵاتی گەورە و گچکە، دەوڵەمەند و هەژاری جیهان دووبارە کرایەوە. بەڵام هەرچەندە وتاری ئەرێنی هەبوو، کەچی بە ڕوونی دەرکەوت، هەڤرکی لەبەردەم هاریکاری لە زەویدانی کۆرۆنا، کۆتایی هێنان بە چەندین ململانێ گچکەتر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە تاکو ئەفریقیا، بەدێهێنانی ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ لەناوبردنی هەژاری و پاراستنی ژینگە بە هاتنی ساڵی2030دا هەیە. گۆتیرێس وتی:؛ ئەمڕۆکە هەڤرکی هەمەجۆر و کەمی چارەی هەمەجۆر لە خۆمان زیادە:؛ ئامادەی بەوەشکرد، ئەو ڤایرۆسە ؛لاوازی جیهانی دەرخست:؛ کە بێجگە لە یەکڕیزی جیهان ناتواندرێت ڕووبەڕووی بیبتەوە. هۆشداریی ئەوەشی دا:؛ کارەساتێکی کەشوهەوا لە ئاسۆ دایە، فرەجۆری بایۆلۆجی لە داڕمان دایە، هەژاری لەبەرز بوونەوە دایە، ڕك و قینە لە بڵاو بوونەوە دایە، نیگەرانی جیۆسیاسیی لە هەڵکشان دایە و چەکی ئەتۆمیش هێشتا لە ڕەوشی ئامادە باشی دایە:. لە سایەی بانگەوازەکان بۆ فرەیی تازەدا، کە پشت بەکۆمەڵگەی مەدەنی، شارەکان، کۆمپانیاکان، دەسەڵاتەکانی خۆماڵی و لاوان ببەستێت،کەس حکومەتێکی جیهانی ناوێت، بەڵام بەشێکی سەرەکی لە چاکسازیی، پێویستی بە باشترکردنی حکومەتی جیهانی هەیە.

وتەی بەپێز

ئاهەنگگێڕان گرنگ بوو. سەرۆك وڵاتانی وەکو شی جینبینگ، سەرۆکی چین، ئیمانوێل ماکرۆن، سەرۆکی فەرەنسا و ئەنجێلا میرکل، ڕاوێژکاری ئەڵمانیا تێیدا قسەیان کرد. هەرچەندە سەرۆك تەرەمپ لە سەرووی لیستی 182 قسەکەرەکانی بۆنەکەدا بوو، کەچی لە بۆنەکە بەشدار نەبوو. ئەوەش وەکو بەکەم زانینی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرکەوت، بەڵام شیریت نۆرمان شالیت، وەکو جێگری نێردەی هەمیشەیی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان بەشدار بوو، کە وتی:؛نەتەوە یەکگرتووەکان لە چەندین لایەنەوە سەلماندی، ئەزموونێکی سەرکەوتووە:، بەڵام بەرخودانی ؛چاکسازیی هەتەری کرد:؛ و لەبەردەم ؛ڕۆژهۆی ڕێزمە ستەمکار و دیکتاتۆرەکانیش لاواز بوو:. لە هەمبەردا، سەرۆکی چین، ئەندامانی نەتەوە یەکگرتووەکان هاندا، ؛پابەندی فرەیی بن و کار لەسەر باشترکردنی چارەنووسی هاوبەشی مرۆڤایەتیدا بکەن:؛ لەبەر ئەوەی:؛ تاك ڕێگەیی داخراوە:، ڕەخنەشی لەوە گرت:؛ ڕێگە بەهیچ کەسێك بدرێت، چی بووێت وا بکات و بااڵدەست یان گاڵتەکەر یان ڕابەری جیهان بێت:. هەرچی ماکرۆنە، پێی وابوو نەتەوە یەکگرتووەکان پابەندی ئەو بەڵێنانە بووە، کە بەدرێژایی سێ چارەکی سەدەیەك داویەتی و وتی:؛ بۆ ڕزگارکردنی نەوەکانی داهاتوو لە نەهامەتییەکانی جەنگ، دەبێت دووپات لەسەر مافەکانی مرۆڤ و یەکسانی لە نێو وڵاتاندا بکرێتەوە، لەگەڵ باشترکردنی پێشکەوتنی کۆمەاڵیەتی، ئەویش بە پێدانی ئازادی زیاتر:، بەڵام هۆشداریی ئەوەشی دا:؛لە ڕەوشی پشێویدا، هەموومان خاوەنی یەك ماڵین، تەواو وەکو جیهانەکەمان:. نموونەی سەرکەوتنە گەورەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیشی لە ماوەی ئەو 75 ساڵە هێنایەوە، لەوانە پەیانەکانی ئاشتی، کۆتایی هێنان بە داگیرکاری، دانانی پێوەرەکانی مافەکانی مرۆڤ، کۆتایی پێهێنان بە جیاکاری ڕەگەزی لە باشووری ئەفریقیا، نەهێشتنی نەخۆشییەکان، سنووردانان بۆ برسیەتی و گەشەدان بە یاسای نێودەوڵەتی و پەیاننامە میژوویییەکان بۆ پاراستنی ژینگە. میرکلیش ڕاوێژکاری ئەڵمانیاش، جەختی کردەوە لەسەر:؛ نەتەوە یەکگرتووەکان کارا نابێت، تاکو ئەندامەکانی یەك نەگرن:؛ هانی خستنەگەڕی هەوڵی تازەشی دا، بۆ ئەوەی هەموو هەوڵێك، بۆ بەدەنگەوەچوونی هاوبەش بدەین، بۆ ئەوەی کۆتایی بە سەختترین کێشەکانی ئاسایشی بدەین، بە مەلمانێیەکانی لیبیا و سووریاشەوە. ئەگەر ئەوە ئاماژە بە دیدی وڵاتە دەوڵەمەندەکانی ئەمڕۆی جیهان بکات، گەورەترین دەستە لە نەتەوە یەکگرتووەکان، کە پێکهاتووە لە 134 وڵاتی تازە گەشەکردووی ئەندام، پێیان وایە ئاهەنگگێڕان:؛ پێویستە ئامادەیەکی بەهێز و ئەرێنی بۆ گەاڵنی جیهان بنێرێت، بەوەی پابەندی فرەیین و بەتەماین هەوڵ بۆ بەدیهێنانی ئاشتی، دادگەریی و گەشەپێدان بدەین. تیودۆرۆ ئۆبیانگ، سەرۆکی غینیای کەمەریی، مەترسی زیاتری دەربڕی و وتی:؛هیچ پاساوێك بۆ ئەو کەلێنە گەورەیەی ئابووری لەنێوان وڵاتانی دەوڵەمەند و هەژاری ئەمڕۆدا نییە، چونکە گچەکترین، هەژارترینَ و الوازترین وڵات، دەتوانێت بە بیرۆکەی بەپێز بەشداریی بکات:.

سەرکەوتن و شکست

لەسەر ئاستێکی دیکەدا، هەرچەندە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە چارەکردنی چەندین جەنگ و قەیران سەرکەوتوو نەبووە، کەچی لە یادی 75 ساڵەی دامەزراندنیدا، ئەوەی بۆ تۆمار دەکرێت، لە چەندین قۆناغی جیاجیایدا، هەندێ سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، کە بە میژوویی وەسف دەکرێن، لەبەرئەوەی کاریگەری هەمیشەیی بەسەر مرۆڤایەتیدا هەبووە. لەسەر ئاستی شکستەکاندا، بێشك چەند شکست هێنانێك لە پەیرەوکردنی دەیان بڕیاری نێودەوڵەتی هەیە، کە پەیوەستن بە پێدانی مافی چارەی خۆنووسین بە گەلی فەلەستین، بۆ دروستکردنی دەوڵەتی خۆی لەسەر سنووری پێش 4 حوزەیرانی 1967دا. دیارترین دەستکەوت و وێستگەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئەمانەی لای خوارەوەن:

- جارِدانی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، ئەوەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە 10 کانونی یەکەمی 1948دەریکرد، وەکو هەوڵێك بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئابڕووچوونەکان، هاوشێوەی ئەوانەی لە دووەم جەنگی جیهان ڕوویان دا.

- دوای دوو ساڵ لە ڕاستاندن لەسەر بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی1945دا، کۆمەڵەی گشتی و ئەمینداری گشتی تریغڤی لی، لێژنەیەکی تایبەتی لە 11 باڵیۆز، بۆ بڕیاردان لەسەر ئایندەی فەلەستین و چارەنووسی سەدان هەزار جووەکە، ئەوانەی لە سەردەمی (هۆلۆکۆست) هاتبوون دروستکرد. لێژنەکە ڕایگەیاند، دوای ماوەیەکی گواستنەوەیی کە دوو ساڵە، فەلەستین دەبێتە: (دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ عەرەب، دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ جووەکە و شاری قودس) ی نێودەوڵەتی. بە مەرجێك هەردوو وڵات لە چوارچێوەی ئابووریی کەی یەکگرتوودا بمێننەوە. لە ساڵی1948دا، دەوڵەتی جووەکە دروستبوو، هەرچەندە وڵاتانی عەرەبی ناڕازیی بوون، ئەوەش بووە ماکی ململانێ، کە هێشتا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەستییەوە دەناڵێنێت.

- هەرچەندە بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە شێوەیەکی تایبەتی باسی بەکارهێنانی هێزی چەکداریی نێودەوڵەتی، بە ڕێگەپێدانی ئەنجومەنی ئاسایش ناکات، لە ساڵی 1956دا، لە دوای قەیرانی سوێس، یەکەم هێزی تەوارئی ئاشتی پارێز بەاڵوەی پێکرا، ئەوەش دوای ئەوەی، جەمال عەبدولناسر، سەرۆکی میسر، کەناڵی سوێسی خۆماڵی کرد.

- دروستکردنی بەرنامەی خۆراکی جیهانی لە ساڵی 1961دا، دوای ئەوەی، دوایت ئایزنهاوەر، سەرۆکی ئەمریکا پێشنیاری (دانانی پلانێکی کردەیی بۆ پێشکەشکردنی کۆمەکی خۆراکی لە میانی سیستمی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە) دا کرد. کۆمەڵەی گشتیش بە پێشنیارەکە ڕازی بوو، بەمەرجێك بۆ ماوەی 3 ساڵ ئەزموونگەریی بێت.

- بردنەوەی خەاڵتی نۆبل بۆ ئاشتی لە ساڵی 1965، لەلایەن سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان(یۆنسکۆ)، لەبەر هەستکردنی بەوەی (منداڵان کلیلی ئایندەن). ئەو سندوقە لە ساڵی 1946، بۆ دابینکردنی خۆراك، جلوبەرگ و چاودێری تەندروستی بۆ منداڵانی ئەورووپا، کە جەنگ ئەنجن ئەنجنی کردبوو دامەزرا. لە ساڵی 1959 یشدا، کۆمەڵەی گشتی، جارِی مافەکانی منداڵی دا، کە بە یەکەم کۆدەنگی نێودەوڵەتی سەرەکی، لەسەر بنەماکانی بنەڕەتی مافەکانی منداڵ دادەنرێت، کە شوێنی حەوانەوە، فێرکردن، چاودێری تەندروستی و خواردنی باش دەگرێتەوە.

- هەرچەندە یەکەم بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان، لە 4 کانونی دووەمی 1946، جەختی لەسەر بەکارهێنانی ئاشتیانەی وزەی ئەتۆمی و لەناوبردنی چەکی کاولکاریی گشتی کردەوە، کەچی تاکوحوزەیرانی 1968، پەیمانی بڵاو نەبوونەوەی چەکی ئەتۆمی واژوو نەکرا، ئەمەش بووە نەدیتراوێك لە هاریکاری نێودەوڵەتی لەو بوارەدا. لەو ساوە، ئەو وڵاتانەی خاوەن چەکی ئەتۆمین، وەکو باشووری ئەفریقیا و کازاخستان، هەر لە خۆیانەوە بڕیارن دا واز لە چەکی ئەتۆمییان بهێنن، لەو کاتەی چەند وڵاتێکی دیکە بەڵێنیان دا، کۆتایی بە بەرنامەی توێژینەوەی ئەتۆمی خۆیان بهێنن و ملکەچی پرۆسەکانی پشکنین، لەلایەن ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمییەوە بن.

- لە مادەی یەکەم لە بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا جەخت لەسەر(باشترکردن و هاندانی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکانی هەموان، بەبێ جیاکاریی بە هۆی ئیستن، یان ڕەگەز، یان زمان، یان ئایین) کراوەتەوە، بەاڵم بڕیاری کۆمەڵەی گشتی، بە دانانی ساڵی 1975، بە (ساڵی نێودەوڵەتی ئافرەتان)، بە دەستکەوتێکی مێژوویی لە قەڵەم دەدرێت.

- ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ پەروەردە، فێرکردن و کلتوور (یۆنسکۆ)، 12 شوێنی خستووەتە سەر لیستی یەکەمی کولتووری جیهانی، کە لە چەندین شوێنەواری دەستکردی مرۆڤ، یان ناوچەی سروشتی کە شایستەی پاراستنی تایبەت بێت پێکهاتووە. ڕێکخراوەکە ئێستا پارێزگاریی لە نزیکەی هەزار شوێنەوار لەسەرتاسەری جیهاندا دەکات، ئەوەش یارمەتی دانانی پێوەر، بۆ پاراستنی هەندێ لە گرنگترین شوێنەوارە مێژوویی و گەنجینە سروشتییەکان دەدات.

- پرۆتۆکۆلی کیوتۆ لە ساڵی 1997، پەیانێکی نێودەوڵەتییە و 41 وڵات و یەکیەتی ئەورووپا، بۆ کەمکردنەوەی دەردانی غازەگانی پەنگ خواردنەوەی گەرمی، لەوانە دووەم ئۆکسیدی کاربۆن پێوەی پابەندن. ئەوەی بووە بەربەستیش لەبەردەم سەرکەوتنی، سێ وڵاتی سەرەکی و زۆرترین دەردەری کاربۆن، واتە چین و هیندستان و ئەمریکا بوون، پابەندی پرۆتۆکۆلەکە نەبوون.

- ڕاگەیاندنی پابەندبوون سەبارەت بە نەخۆشی (ئایدز)، ئەوەی کۆمەڵەی گشتی لە ساڵی 2001 لەخۆی گرت، دوای هەوڵەکانی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی هاوبەش و تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی ئەو نەخۆشییە، کە لە10 ئازانسی دیکەی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پێکهاتووە.

سەرچاوە: www.aawsat.com



ئەمینداراە گشتییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان

1. گلاودین جیپ (بەریتانیا) (بە شێوەیەکی کاتی):

24ی تشرینی یەکەمی1945ـ 1ی شوباتی 1946

2. تریگیڤ هاڵفدان لی (نەرویج):

2ی شوباتی1946 ـ 10ی تشرینی دووەمی 1952.

3. داغ هامرشۆڵد (سوید):

10ی نیسانی 1953 ـ 18ی ئەیلولی 1961.

4. یو سانت (میانمار):

10ی تشرینی دووەمی 1961 ـ 31ی کانونی یەکەمی 1971.

5. کۆرت فاڵدهایم (نەمسا):

1ی کانونی دووەمی1972 ـ 31ی کانونی یەکەمی 1981.

6. خافیێر پیرێز دی کوییار (پیرۆ):

1ی کانونی دووەمی 1982 ـ31ی کانونی یەکەمی 1991.

7. بوترس بوترس غالی (میسر):

1ی کانونی دووەمی1992 ـ31ی کانونی یەکەمی 1996.

8. کۆفی ئەنان (غانا):

1ی کانونی دووەمی 1997 ـ 31ی کانونی یەکەمی 2006.

9. بان کی مون (کۆریا):

1ی کانونی دووەمی 2007 ـ 31ی کانونی یەکەمی 2016.

10. ئەنتۆنیۆ گۆتیرێس (پورتوگال):

1ی کانونی دووەمی 2017 ـ تاکو ئێستا.

مانشێت

دۆپچە ڤیللە:



مایك پۆمپیۆی وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا هەڕەشەی سەپاندنی سزای بەسەر هەموو ئەو کۆمپانیا و وڵاتانە کرد کە چەك بە ئێران دەفرۆشن یان لێی دەکڕن.

ئەی ئێف پی:



جارێکی دیکە لە شەقامەکانی مینسکی پایتەختی بیلاروسیا دەیان هەزار کەس بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر لۆکاشینکۆی سەرۆکی وڵات هەڵڕژانە سەر شەقام و پۆلیسیش زیاتر لە 100 کەسی دەستگیر کرد.

ئیندیپێندێنت:



هاوکات لەگەڵ بەردەوامیی کردەوە سەربازیەکان، ژمارەیەك پەرلەمانتاری فەرەنسی داوایان کرد دان بە سەربەخۆیی هەرێمی کاراباخ دابنرێ.

سکای نیوز:



وەزارەتی ناوخۆی فەرەنسا رایگەیاند کە هێرشەکەی چەند ڕۆژی ڕابردوو بەهۆی فەتوایەك ئەنجام دراوە ، بۆیە هەڵمەتێکی بۆ دەستگیرکردنی تۆندڕەوان دەست پێکرد.

یۆرۆ نیوز:



لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی پۆلیڤیا ،لویس ئارسی کاندیدی باڵی چەپ 52.4 % ی دەنگی وەدەست هێنا .

کەنالی ئار تی:



بەڕێوەبەری سندوقی دراوی نێودەوڵەتی داوای کرد وڵاتان ئاسانکاری زیاتر بکەن لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو قەرزانەی لەلایەن وڵاتانی هەژارە.

بۆ سەوزکردنی کوردستان، لە دڵی پایز بەهار بچێنن



نادر روستی

سەوزاییەکان بە گشتی جێگەی بایەخی گەشتیارانن، ئەگەر بکرێن بە پارك و باخچەی رازاوە یان سەوزاییەکان زیاتر رێکبخرێن و بە گەشتیاری بکرێن، واتە خزمەتگوزاریی گەشتیارییان بۆ دابین بکرێت، ئەوکات نەك تەنیا جێگای بایەخی گەشتیاران دەبن، بەڵکو دەبنە شوێنی گەشتیاریی و دەکرێ داهاتیشیان هەبێت و هەڵی کار دابین بکەن و سوود بە دانیشتوانی دەوروبەری خۆیان بگەیەنن.

بۆ سەوزکردنی شار و سروشت وەك ئەرکێکی ژینگەپارێزی و جوانکردنی دیمەنی وڵاتمان، دوو کاتی ساڵ بۆ دارچاندن شیاوە، کە یەکەمیان لە وەرزی پایز و دووەمیان لە وەرزی بەهارە. ئیستا کە وەرزی پایزە دەکرێ هەموومان لەم دوومانگەدا دارەچێنین و هەڵمەتی سەوزکردنی وڵات دەست پێبکەین، لەهەمان کاتدا هەڵمەتی هۆشیاری پاراستنی ژینگە و دار نەبڕینەوە دەست پێبکەین، چونکە ناکرێ هەندێکەس دار بچێنین و هەندێکیشیان دار ببڕین، بۆیە چەندە پێویستە داربچێنین دووهێندەش پێویستە رێکارەکانی پاراستنی دار لە بڕینەوە و لە سوتان بگرینەبەر، بۆ ئەمەش گرنگە هۆکارەکان بزانین و چارەسەریان بکەین، کە گرنگترین هۆکاریش بۆ دارنەبڕینەوە نەبوونی سووتەمەنیە، بەتایبەت لە ناوچە شاخاوییەکان.

هەڵمەتی دووەمی دارچاند لە کۆتای زستان و لە سەرەتای بەهار دەست پێدەکات.

لە هەڵمەتی پایز لە سنووری هەولێر، پارێزگاری هەولێر هەڵمەتی چاندنی 6 هەزار نەمامی راگەیاند و لە 3 شوێنی نوێی دەستکرا بە هەڵمەتەکە، ئەم سێ شوینە کە یەکیان لە تەنیشت پارکی مناڕە و دووەم لە گەڕەکی رۆشنبیری و سێیەم لە گەڕەکی هەولێری نوێ یە بۆ هاوڵاتیان و حکومەت تایبەت کران بۆ دارچاندن، بەمەبەستی بەشداریکردنی هاوڵاتیان لە سەوزکردنی شار، لەهەمانکاتدا هاوڵاتیان لە بۆنە تایبەتیەکانیان داریەك بۆ لە دایکبوونی منداڵەکانیان یان بۆ رۆژی هاوسەرگیریان بچێنن و ناوی خۆیان لەسەر تۆماربکەن، بۆ ئەوەی بێتە هاندانێك بۆ هاوڵاتیان تاکو بەشدار بن لە سەوزکردنی وڵات.



پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی، گوندەکان زیاتر بە گەشتیاری دەکات

سەرکۆ یونس*

یەکێك لەجۆرەکانی گەشتوگوزار کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو زیاتر دەرکەوت بریتییە لە گەشتوگوزاری ژینگەیی، کە بەجۆرێك لەچالاکی گەشتیاری هاوڕێی ژینگە دادەنرێت و گەشتیار لەسروشتدا کاتێکی خۆش بۆ دەروونی ماندووی دروست دەکات، پێویستە لەسەر گەشتیاران لەسنورێکی دیاری کراودا هەڵسوکەوت بکەن، کە خۆی دەبینێتەوە لە پارێزگاری کردنی شوێنە سروشتیی و شارستانییەکان، بەبێ ئەوەی هەوڵی زیان گەیاندن بە ژینگەکە بدەن. ئەم جۆرەی گەشتیاری نزیکەی (20%) کۆی گشتی جووڵەی گەشتیاری لەجیهاندا پێکدەهێنێت.

گەشتوگوزار و ژینگە پەیوەندیەکی بەهێزیان بەیەکەوە هەیە کاتێك گەشتوگوزار هەوڵی دەرخستنی لایەنی جوانی ژینگە دەکات لەهەمانکاتدا پاکی و تەندروستی ژینگەکە دەپێتە هۆی بەرەوپێشچوون و بووژانەوەی گەشتوگوزار، لەهەمانکاتدا نابێت گەشتیاری ببێتە هۆی پیس بوونی ژینگەکە، بەڵام بەداخەوە ئەوەی دیارە و تێبینی دەکەین گەشتیاری لەئێستادا سەرچاوەی پیسبونی ژینگە و وێرانکردنیەتی، بۆیە پێویستە هاوسەنگییەك هەبێت لەنێوان پاراستنی ژینگە و دەستکەوتە ئابووریەکانی کەرتی گەشتوگوزار.

خۆشبەختانە ژینگەی هەرێمی کوردستان لەم جۆرەی گەشتوگوزاری تێدایە و پێکهێنەری سەرەکی کەرتی گەشتیاری هەرێمە، هەر لەرەگەزی سروشتی وەك ڕووبەری زەوی لەشاخ و دۆڵ و کەمێك دارستان و ڕووبارەکان و تاقگەکان و هەندێ باخ و باخچە و پارکی دەستکرد و شوێنەواری کۆنی مرۆڤایەتی و پاشماوەی ژیان و ژیاری کۆمەڵگا سەرەتاییەکانی دانیشتوی پێشووی کوردستان و زۆری تریش.

هەروەها هۆکاری کەشوهەوای لەبار و گونجاو و جۆراوجۆر هەر لەوەرزەکانی ساڵ و ئاووهەوای گەرمی هاوین و سەرماوسۆڵەی زستان و فێنکی پایز و ڕەنگاوڕەنگی بەهاری کوردستان، هەموو ئەمانە هۆکاری گرنگن بۆ گەشەسەندنی ئەم جۆرەی گەشتوگوزار. هەندێك هۆکار و ڕەگەزی تر کاریگەریان هەیە لەسەر بەرەپێشچوونی گەشتیاری ژینگەیی، لەوانە ئاوی کانزایی و گۆمە تایبەتەکان.

ئەوەشمان لە بیرنەچێت زۆربەی گەشتیاران کە ڕوو لەناوچە گەشتیارییەکانی هەرێم دەکەن، گەشتیاری ژینگەیین و بەهۆی ئاووهەوای لەباری کوردستانەوە گەشت دەکەن، بەتایبەت ناوچە شاخاوییەکان کە ژمارێکی زۆر گوندی سروشت جوان لەخۆ دەگرن.

جێگای خۆیەتی لەئێستادا کە دەستەی گەشتوگوزاری هەرێم دروشمی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری گوندەکانی کوردستانی دەست پێ کردوە و لەم لایەنەوە گرنگی زیاتر و تایبەت بدرێت بە شوێنە سروشتییە گەشتیاری و کلتورییەکانی گوندەکانی کوردستان، بۆ ئەوەی هیچ نەبێت ببێتە ئاوڕدانەوەیەك لەدۆخی خراپی ئابووریان و هەنگاوێك بێت بۆ دەستکەوتنی بژێوی ژیانی باشتر بۆ دانیشتوانی گوندەکان و هۆکارێك بێت بۆ ڕەوتی گەشەپێدانی ئابووری و لەهەمانکاتدا پارێزگاری کردن لە ژینگەی جوان و دڵڕفێنی سروشتی گوندەکانی کوردستان، کە هۆکاریکی گرنگە بۆ بەگەشتیاری کردنی گوندەکان.

*ئابوریناس



بەرپرسی فەرمانگەی شوێنەواری مێرگەسور

زیاتر لە 200 شوێنەوار لە دەڤەرەکەمان هەیە، تەنها ئەشکەوتی شانەدەر وەک شوێنێکی گەشتیاری ناسێندراوە

دیانە - مسلم دۆلەمەری

دەڤەری بارزان وەك زۆربەی ناوچەکانی تری کوردستان خاوەن دیان شوێنەواری مێژوویە کە زۆربەیان گونجاون بۆ گەشتیاری کردن، بەڵام تاکو ئێستا لە کۆی زیاتر لە 200 شوێنەواری مێژووی تەنها ئەشکەوتی شانەدەر بەشێوەیەکی فەرمی بەشوێنی گەشتیاری هاتۆتە ناساندن، کە ئەویش لە ڕووی گەشتیاری پێویستی بە خزمەتگوزاریی زیاتر هەیە. بۆ زیاتر باسکردن لەسەر ئەم بابەتە سۆران ئەمیر بەرپرسی فەرمانگەی شوێنەواری مێرگەسور بەم شێوەیە بۆخەباتی دووا و گوتی:

بەهۆی هەڵکەوتەی سنووری قەزای مێرگەسور چەندین شوێنەواری مێژووی گرنگ لەم سنوورەدا هەن، بەڵام ئەوەی تاکو ئێستا بەفەرمی تۆمارکراون نزیکەی 200 شوێنەواری مێژووین، ئەویش بەهۆی ئەوەیە کە ڕووپێوی شوێنەواری لەم دەڤەرە نەکراوە، بۆیە پێویستیان بە ڕووپێوێکی شوێنەواری فراوان لەسنوری قەزای مێرگەسورهەیە، کە بەشێوەی سەردەمی بێت، بۆ ئەوەی گشت شوێنەوارە مێژوویەکانی سنورمان تۆماربکرێن و لەسەر نەخشەی شوێنەوارەکانی کوردستان بێنە ناساندن.

لەڕوی گرنگی شوێنەوارەکان و ناساندنیان وەك شوێنی گەشتیاری گوتی : هەرشوێنەوارێك تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەریەکەیان دەکرێت لەم قۆناغەدا پشکنینی بۆ بکرێت و دواتر بەگەشتیاری بکرێن، بەگشتی شوێنەوارەکانمان دابەشبوونە بەسەر پێنج ناحیەی سنوری قەزای مێرگەسور، بەڵام سەبارەت بەگەشتیاری کردنی شوێنەوارەکانمان تاکو ئێستا تەنها ئەشکەوتی شانەدەر وەکو یەکەم شوێنەواری گەشتیاری هاتۆتە ناساندن، بەڵام ئەوەی بۆی کراوە تاکو ئێستا تەنها کارئاسانی ڕێگاوبان و هەندێك شتی تر، چونکە پێموایە شانەدەر زۆری بەمێژووی مرۆڤایەتی بەخشیوەو کاتی ئەوە هاتووە ئێمەش بەتەواوی ئەم مێژووە بەخزمەتگوزارییەکی باش بەهاوولاتیان وگەشتیاران بناسێنین .

لە ڕووی هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی گەشتوگوزاری مێرگەسور گوتی : هەماهەنگی تەواومان لە گەڵ فەرمانگەی گەشتوگوزاری مێرگەسور هەیە، پلانی باشمان هەیە بۆ ئایندە، کە چۆن بتوانین، دووای پشکنینی تەواوی شوێنەوارەکانمان هەندێك لە شوێنەوارەکانمان بە گەشتیاری بکەین.

سەبارەت بەکۆنفرانسی نێودەوڵەتی شوێنەواری گوتی: ئامادەکاری تەواومان کردووە بۆ ئەنجامدانی کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی شوێنەواری لەسەر ئاستی زانکۆکانی کوردستان و ژمارەیەك لە زانکۆکانی جیهانی، بەناوی (مرۆڤایەتی لێرەوە دەستی پێکرد)، بەڵام بۆهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە نەمانتوانی لە کاتی خۆیدا جێبەجێی بکەین، بۆیە دووا خراوە بۆ کاتێکی تر .

لەکۆتایدا گوتی : هیوادارم ڕووپێوی تەواوی شوێنەوارەکانمان بکرێت، دووا تر کاری پشکنینیان بۆ بکرێت بۆ ئەوەی ئێمەش هەوڵی تەواویان بۆ بەگەشتیاری کردن بدەین.

ئەمشەو لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپادا

پاریس سان جێرمان لە یارییەکی زەحمەتیدا ڕووبەڕووی مانچستەر یونایتد دەبێتەوە

ئەمشەو 8 یاری لە گەڕی یەکەمی گرووپەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بۆ تۆپی پێ بەڕێوەدەچێت کە دیارترینیشیان یاری نێوان پاریس سان جێرمانی فەرەنسی و مانچستەر یۆنایتدی ئینگلیزییە، ئەمەی خوارەوەش خشتەی یارییەکانە:

دینامۆکیڤی ئۆکرانی- پۆڤینتۆسی ئیتاڵی 7:55ی شەو

زینیتی ڕووسی- کلۆپ برۆجی بەلجیکی 7:55ی شەو

چێلسی ئینگلیزی- سیڤییای ئیسپانی 10 شەو

ڕێنی فەرەنسی- کراسنۆداری ڕووسی 10ی شەو

بەرشلۆنەی ئیسپان فرینك فارۆزی هەنگاری 10ی شەو

لازیۆی ئیتاڵی- دۆرتمۆندی ئەڵمانی 10ی شەو

لایپزیگی ئەڵمانی- ئیستەنبۆل باشاکی تورکی 10شەو

پاریس سان جێرمانی فەرەنسی- مان یونایتدی ئینگلیزی

جێی باسە لە پاڵەوانێتی ئەمجارەدا لەنیو 32 یانە کە ڕکابەری دەکەن، 4 یانەیان بۆ یەکەمجارییانە بەشداری دەکەن ئەوانیش یانەکانی ستاد ڕێنی فەرەنسی، ئیستەنبۆل باشاك شەهیری تورکی، کراسنۆداری ڕووسی لەگەڵ یانەی میتلاندی دانیمارکی.



سۆڵشایەر:

پۆگبا تا 2 ساڵی دیکە لە مان یونایتد دەمێنێتەوە

لەکاتی یاریە نێودەوڵەتییەکان، پۆڵ پۆگبا لە لێدوانێکدا ڕایگەیاندبوو کە چوونی بۆ ڕیال مەدرید بەدیهاتنی خەونێکی دێرینی دەبێت، بەڵام ڕاهێنەرەکەی لە مانچستەر یونایتد، ئۆلێ گونار سۆلشایەر، پێیوایە کە یاریزانە فەرەنسییەکە تا دوو ساڵی تریش لەگەڵیان دەمێنێتەوە.

سۆلشایەر دەڵێت " پۆڵ یاریزانی ئێمەیە. ئەو بۆ دوو ساڵی دیکە لێرە دەبێت، دڵنیام ئێستا تەرکیزی لای ئەوەیە کە باشترین ئاستی خۆی پێشکەشی یانەکە بکات، دڵنیام تا دوو ساڵی دیکەش بە هەمان ئاستەوە لەگەڵمان دەبێت".

شایانی باسە، گرێبەستی ئێستای پۆگبا لە ساڵی ٢٠٢١ بە کۆتایی دێت، بەڵام بەپێی گرێبەستەکەی بێت مان یونایتد دەتوانێت ساڵێکی دیکەش گرێبەستەکەی درێژ بکاتەوە بەشێوەیەکی تاکلایانە.





مارسێلۆ داوا دەکات لە یانەکەی بڕوات

مارسێلۆ، بەرگریکاری بەڕازیلی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی بە هۆی کەم یاریی کردنی لە پێکهاتەی سەرەکی داوای لە کارگێری یانەکەی کردووە دەستبەرداری بن.

ماڵپەڕی دۆن باڵۆنی ئیسپانیا زانیاری دەستکەوتووە بەرگریکارە بەڕازیلیەکەی شاهانەکان داوای لە کارگێری یانەکەی کردووە ڕێگەی پێ بدەن یانەکەی جێبێڵێت، ئەمیش بە هۆی ئەوەی کەمتر لەلایەن زینەدین زیدانی ڕاهێنەری یانەکەی بەشداری لە یارییەکانی پێدەکرێت، بە هۆی ئەوەی کە ئاستی دابەزیوە و بووتە یەدەگی مێندی بەرگریکاری فەڕەنسی.

مارسێلۆ لەوتەی ساڵی 2007 یاریی بۆ ڕیال مەدرید دەکات و لەگەڵ ئەو یانەیە بەشداری 511 یاریی کردووە و 38 گۆڵ و 97 پاسی گۆڵ بەرهەمی بووە و هەروەها 21 نازناوی لەگەڵ

شووشە جومعە یاریزانی فوتسالّی فێرگەی ڕانیە بۆ خەبات:

دەتوانم بڵێم تۆپی پێی کچان هیچ پێشکەوتنێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینیوە

دیمانە: کارزان کانەبی

تیپی فوتسالّی فێرگەی ڕانیە یەکێك لەم تیپانەی کە ساڵانە چەندین کچە یاریزانی بەتوانا لەسەر ئاستی ئیدارەی ڕاپەڕین و بەتایبەت سەنتەری قەزای ڕانیە پێدەگەیەنێت کە ڕاهێنەرە خۆبەخشەکانی گرنگی تەواو بە یارییەکانی وەرزشی تۆپی پێ دەدەن لە تیپەکە، فوتسالّیش یەکێك لەم تیپانەیە کە هەردەم خزمەتکراوە بۆ ئەوەی کچانی سنورەکە کێبرکێ بکەن لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە هەردوو خولی نایابی فوتسالّی کچانی کوردستان و عێراق، بۆ ئەم مەبەستەش یاریزانی فێرگەی ڕانیە شووشە جومعەیە کە ڕۆژنامەی خەبات بەسەری کردە وە وچەند پرسیارێکی ئاراستەکرد و ئەویش وەڵامی پرسیارەکان دایەوە.

هەزو خولیایەکی تایبەت

خاتوو شووشە لە بارەی هاتنی بۆ ناو دونیای وەرزش گوتی: بێگومان مرۆڤ هەر لەوکاتەی خۆی دەناسێت هەزوخولیایەکی تایبەتی هەیە ئەوەش وا دەکات تۆی بەدوای ئەو هەز و خولیایەت بکەویت و بۆیە وەرزش و یاری تۆپی پێی هەزێکی مندالیم بوو، گوتیشی: یاری تۆپی پێی هیچ قورس نییە بۆ ئێمەی کچان، بەڵکو ئەگەر تۆ هەز و خولیات بۆ هەر شتێك هەبێت هیچ قورس نییە، ئێستا لە هەوڵی ئەوەم خۆیندنی پەیانگام تەواو کرد ئەوکات بیر لە دروستکردنی تیپ دەکەمەوە کە ئەوەش بەرپرسیاریەتییەکی گەورەیە کە تیپێك لە ئەستۆ بگرم.

گرنگیی زیاتر

دواتر شووشە جومعە لەبارەی ئاستی تۆپی پێی کچانیش لە کوردستان گوتی: ئاستی یاری تۆپی پێی کچان دەتوانم بڵێم هیچ پێشکەوتنێکی بەخۆیەوە نەبینیوە بەوەی تا ئێستا ئێمەی کچان هەر لە چوار چێوەی تیپێکی یاریگای فوتسالّ دادەبینینەوە و هیچ هەوڵێك نییە تیپێکی یانزە یاریزانی دروست بکەین لەگەڵ ئەوەی کچە یاریزانی زۆر باش و لێهاتوومان هەیە لە کوردستان، لە بارەی گرنگیدان بە یارییەکانی تۆپی پێی کچانیش شووشە گوتیشی: هەوڵدرێت لە قۆناخی سەرەتاییەوە لە خوێندنگاکان وانەی وەرزش و بە تایبەتیش ئەوانەی بەهەرەی تۆپی پێیان تێدایە گرنگیان پێ بدرێت دواترکردنەوەی یاریگا و شێوونی شیاو بۆ وەرزشی کچان لە ڕووی بینایەو ناردنە دەرەوەی ڕاهێنەران و تیپەکانی کچان بۆ بینینی خول و پاڵەوانیەتی کردنەوەی خولی پێشکەوتوو، هیوادارم لە داهاتوو گرنگی تەواو بە تیپەکانی کچان بدرێت لە شارەکانی کوردستان و پێداویستییەکانیان بۆ فەراهەم بکرێ لە گشت ڕوویەك و کردنەوەی خولی زیاتر بۆ ئەوەی یاریزانان زیاتر پەرە بەتواناکانی خۆیان بدەن و ئاستیان زیاتر بەرەو پێش بچێت، قەزای ڕانیە یەکێکە لەو قەزایانەی کە گرنگی زۆر بە وەرزشی کچان دەدرێ بۆ ئەوەی توانای خۆیان پێشکەش بکەن، لەسەر لایەنی بەرپرسیش پێویستە گرنگی زیاتر بەتواناکانی کچان بدرێت.

خەبات
ماسك بەستن
تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
Tue.20 Oct. 2020 No.:(6025)

KHABAT
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
info@xebat.net
www.xebat.net
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر
بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616

دراما بیانییەکان کاریگەری زۆر خراپیان لەسەر دراماى کوردى هەیە

ئەکتەری شانۆ و دۆبلاژی دراما بیانییەکان (زۆزان بەرواری):

بەداخەوە لە لەکوردستان شانۆ تەنها ناوێکەو هیچیتر



دیانە مسلم دۆلەمەری



ئەگەر چاوێك بە میژووی هونەری کوردیدا بخشێنین لەگشت بوارێکەوە هەمیشە ئافرەتی کورد شانبەشانی پیاوان ڕۆڵی باش وکاریگەریان هەبووە بۆ پێشخستنی هونەری کوردی، کەتاکو ئێستاش بەبەردەوامی هونەرمەندە ئافرەتەکانی کورد بەردەوامن لە پێشخستنی هونەری کوردیدا،نمونەی ئەم ئافرەتانەش (زۆزان بەرواریە) کەلەم دیدارەی خەباتدا باس لەژیانی هونەری خۆیکردووە .

سەرەتا خۆیداناساند وگوتی: من زۆزان عەبدول سەلام بەرواری، دانیشتوی شاری ڕەنگینی دهۆکم و دەرچووی پەیمانگای هونەرەجوانەکان بەشی شانۆم. کاری فەرمیم مامۆستام لەقوتابخانەی خاوەنپێداویستی تایبەتەکان .

سەرەتای کاری شانۆیی زۆزان: لەساڵی ٢٠٠٧ من دەستم بەکاری ئەکتەری کردووە وەك شانۆ، تاکو ئێستا بەشداریم لە زیاتر ١٦ شانۆی کردووە، لە دهۆك و هەروەها بەشداری ٢٢ شانۆم کردووە لەگەڵ ڕێکخراوێکی خێرخوازی بەناوی (التعایش السلمی ومسرح المتهدین) و لەهەرشانۆیەکدا ڕۆڵێکی تایبەت وجیاوازم هەبووە لەگەڵ ئەکتەرێکی دیکە .

دیدی هونەرمەند لەسەر سەنگی شانۆ لەهەرێمی کوردستان:

بەداخەوە لە لەکوردستان شانۆ تەنها ناوێکەو هیچیتر، چونکە لەلایەن هاوڵاتیانمان شانۆ نەبووەتە هونەرێکی بایەخ پێدراو تابتوانن هەمیشە پشتگیربن بۆ شانۆکاران بەبەشداریکردنیان لەشانۆکان. بۆیە داواکارم لە وەزارەتی ڕۆشنبیری کەگرنگی بەشانۆ بدەن چونکە شانۆ هەمیشە زمانی ئێش وئازاری گەلێك بووە بەتایبەتی ئێستا دەتوانم بڵێم کاری شانۆکاری هەرنەماوە لەبەر خراپی باری دارایی وبوونی ئەم ڤایرۆسە کوشندەیە .

زۆزان کەی دەستی بەکاری دۆبلاژکردن کردووە؟

لەساڵی ٢٠٠٩ دەستم بەکاری دۆبلاژکردن کردووە و تاکو ئێستا لە چەندین تیڤی کارم کردووە وەك کوردماکس شۆ، دهۆك تیڤی، وارتیڤی، نێت تیڤی، تەرەتە تیڤی وئەی تیڤی کارمکردووە، هەروەها زۆربەی ئەو دراماینەی کەتێیدا بەشدار بومە زۆربەی زۆریان دراماى تورکین .

سەبارەت بەکاریگەری دراما بیانییەکان لەسەر دراماى کوردی گوتی: بەڕاستی دراما بیانییەکان کاریگەری زۆری خراپیان لەسەر دراماى کوردی هەیە بۆیە پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری یاسایەك بۆ ئەم کارە دابنێت و وابکات کە سەرەتا دراماکوردییەکان لەپێشەوەبن دواتر بیانییەکان .

زۆزان بەرواری بۆچی شوی نەکردووە دەترسێت هونەرەکەی لەدەست بدات یان هۆکاریترهەن؟ یەکەمجار دەڵێم قسەمت نەبووە و دووەم من پێموایە شوکردن شتێکی پێویست نییە بۆژیان چونکە من هەرگیز لە هونەری خۆم دوورناکەومەوە بۆ هیچ شتێك وحەزدەکەم ئەو کەسەی کەبێتە نێوژیانی من کەسێك بێت هونەرمەند بێت یان حەزی لەکاری هونەری بێت بۆئەوەی گرفت بۆهونەرەکەم دروست نەبێت وەك من سۆزداری هونەربێت .



تەکنەلۆجیای نەوەی پێنجەم «G5» چییە؟

کە دەڵێین 5G مەبەست لە نەوەی پێنجەمی ئینتەرنێتە، نەوەی پێنجەمی ئینتەرنێت خێراییەکی زیاتر و کوالێتیەکێ باشتر دابین دەکات لەگەڵ توانای پەیوەستبوونی ئامێری زیاتر. بەشێوەیەکی ڕوونتر بڵێین نەوەی پێنجەمم 5G تەنها وایەرێك و سیمکارت و ئامێرێك نییە ، بەڵکو دەستەواژەی چەتر بەکاردێت بۆ پۆلێنکردنی نەوەی پێنجەمی ئینتەرنێت، واتە لە خاڵێکەوە بەسەر خاڵەکانیتردا دابەش دەبێ(وەك تێلەکانی چەتر)، ئەمە جگە لەوەی نەوەی پێنجەم 100جار خێراترە لە نەوەی ئینتەرنێتی پێش خۆی و لەهەمان کاتدا توانای پەیوەستبوون پێوەی100 جار زیاترە.

شایەنی باسە تێکڕای دواکەوتن لەوەڵامدانەوە پێنج جار کەمترە بە بەراورد بە نەوەکانی پێش خۆی، زۆرترین خێرای 5G بریتییە لە 1 تا 10 Gb لە چرکەیەکدا، هەروەها کەمترین خێری 5G زیاترە دەبێت لە 50 Mb لە چرکەیەکدا.

ساڵی بەردەست بوونی نەوەکانی ئینتەرنێت و پێشکەوتنەوەکانی بەمشێوەیە بوو:

-نەوەی یەکەم 1G ـ 1979

-نەوەی دووەم 2G ـ 1991

-نەوەی سێیەم 3G ـ 2001

-نەوەی چوارەم G4 ـ 2010

-نەوەی پێنجەم 5G بەم نزیکانە بەردەست دەبێت بۆ هەموو جیهان.

شۆختترین ڕاهێنەر بۆ یاریزانانی یانەی بۆرسیا دۆرتموند

ئالیسا ئشمیت راهێنەری جەستەیی یانەی دۆرتموند نازناوی شۆختترین کچە وەرزشوانی لە ئێنستا پێبەخشرا



ژیلە:

ئەو چەند ڕۆژە ویدیۆ و وێنەی زۆر لە ئالیسا ئشمیت، یاریزانی گۆڕەپان و مۆدێلینگی ئەڵمانی، لە نێو بەکاربەرانی تۆڕی کۆمەڵایەتییەکان بووەتە جێی سەرنج و ئەوەیکە ئە کچە شۆخە بووەتە ڕاهێنەری جەستەیی تیمی پیاوانی یانەی بۆرسیا دۆرتمۆند. لە ڕاستیدا بەمدواییە یانەی دۆرتمۆند داوای لە ئالیسا کردووە کە بەشێك لە ڕاهێنەرایەتی لەشجوانی و بابەتەکانی پەروەردەیی جەستەی ئەو یانەیە بگرێتە ئەستۆ.

ئالیسا ئشمیت ٢١ ساڵان و ئەندامی تیمی گۆڕەپان و مەیدانی تیمی ئەڵمانیایە، هەڵبەت ناوبانگییەکی زیاتر بە هۆی چالاکی لە بواری مۆدە و فەشن بووە. ئالیسا لە بەشی ڕاکردنی ٤٠٠ مەتر وەرزش دەکات و مەدالیای زێوی قارەمانی ئەوروپای هەیە.

گەرچی پێشووتریش ئالیسا خاوەن ناوبانگ و لایەنگری تایبەتی خۆی بووە، بەڵام هەڵبژاردنی بۆ پۆستی ڕاهێنەرایەتی بۆرسیا دۆرتمۆند لەو چەند ڕۆژەی دواییدا لایەنگرانی لە ئێنستاگرام بۆ سەرووی یەك میلیۆن بەرزکردەوە و نازناوی (شۆختترین یاریزانی جیهانی) پێدرا.

